# سوبارتـــو و ناوچـەکانـــی

## فەسڵی یەکەمی (باب)ی چوارەمی بەرگی یەکەم

## سوبارتو لانکی نەتەوەی کورد

### لاپەڕە ٤٢٧-٤٤٦

نووسەر بەشی چوارەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بۆ ناوچەکانی سوبارتوو گەلەکانی تەرخان کردووەو لێرەدا هەندێك لەزانیارییەکان وەردەگرین.

ئەم بەشە بچووکەش، واتە (سوبارتو لانکی نەتەوەی کورد) لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەمان ئاڵۆزو قورسترە، لەبەرئەوە ئەگەر خوێنەر بەلایەوە ناڕەحەت بوو دەتوانێت بچێتە بەشەکەی دواتر واتە (ناوچەو شارە سەرەکییەکانی وڵاتی سوبارتو)، یان تەنها کورتەکانی ئەم بەشە بخوێنێتەوە، مەبەست ئەو چەند دێڕەی وەکو کورتە بۆ هەر یەك لەخاڵەکان نووسیومن، لەهەموو حاڵەتێکیشدا پێشەکیی ئەم بەشەی ئێستا بخوێنێتەوە کە لەبارەی کتێبەی هێرتسفێلدەوەیەو ئەمەی خوارەوەیە:

ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە دوکتۆر سوودی زۆری لە کتێبەکەی هێرتسفێلد (ئیمپراتۆریەتی فارسی) وەرگرتووە بەڵام بەشێوازی تایبەتیی خۆی، واتە زانیاریی یەکجار زۆری لێ وەردەگرێت بەڵام کەم ناوی دەبات، تەنانەت پەراوێزو سەرچاوەکانی هێرتسفێلدیش ((دەبات))، سەرباری هەموو ئەوەش و بەهۆی کەمی شارەزایی لە ئینگلیزی زۆر لەو زانیارییانە بەهەڵە وەردەگێڕێت و خراپ لێیان تێدەگات. هەروەها ئەوەش دووبارە دەکەمەوە کە ئەو کتێبەی هێرتسفێلد کێشەی هەبووە کە ئەمانەن (بەکورتی لە پێشەکیی ئامادەکاری کتێبەکە: گێرۆلت ڤالزەر):

کتێبەکە ساڵی ١٩٤٧ نووسرابووەوە بەڵام مردنی هێرتسفێلد ١٩٤٨ چاپەکەی وەستاند. دەستنووسەکەش دوای ئەوە ون ببوو و نوسخەیەکی ناتەواو دۆزرایەوە. ساڵی ١٩٦٥ دەستنووسە ئەسڵییەکە دۆزرایەوەو ئینجا کێشەی چاپکردنی هەبوو. ئەو هۆیانەش کە دژ بە بڵاوکردنەوەی بوون ئەمانەن: چەندین فەسڵی کتێبەکە کۆن ببوون (ئەم قسەیەش ساڵی ١٩٦٨ کراوە، واتە بۆ ئەمڕۆمان شتە کۆنەکان زۆرترن/ف.ق) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشەسەندنە خێرایەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی، هەروەها بەهۆی ئەوەی هێرتسفێلد قەت پسپۆڕ نەبووە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و دەرەنجامە زمانەوانییەکانی هەمیشە جێگەی پرسیار بوون.

ئامادەکارەکە دەڵێت کە تازەکردنەوەی نووسینەکەی هێرتسفێلد بێ ئەوەی بە تەواوی بگۆڕدرێت کارێکی موستەحیلە لەبەر ئەوە ئەو دەستنووسەی وەکو خۆی هێشتەوە. پاش باسی دووبارەکردنەوەی شتەکان و شێوازی جیاوازی وەرگرتن وەك خاڵی سلبیی ئەو کتێبە.. ئامادەکار باسی خاڵە ئیجابییەکان و ئەهەمیەتە گەورەکەی دەکات و ئاماژە دەکات بۆ دوو شاکارەکەی هێرتسفێلد: Archaeological History of Iran و Iran in the Ancient East..[1].

*١-کورتە: دوکتۆر کە ((زمانە کۆنە فەوتاوەکان دەزانێت)) دەیسەلمێنێت کە شتی سادەی ئەو زمانە کۆنە فەوتاوانە نازانێت.*

لەیەکەم لاپەڕەی ئەم بەشەدا (١/ل٤٢٧)و لەپەراوێزی ژمارە (١)دا دوکتۆر دەڵێت پاشگری سومەریی tum/-tu لای عێراقییە کۆنەکان پاش ناوە تۆپۆگرافی و جوگرافییەکان دەهات ئەویش وەك ئیلامتو و مارتو و ئورارتو Ilâm-tu, Mār–tu, Urār–tu و پاش لابردنی پیتی (میم) بەردەوام لە ئەکەدیدا بەکار دەهات.

---

[1] بۆ ئەم کورتەیە بڕوانە : PE, p. XIf.

زانیارییەکی سادەیە کە ئوم um پاشگرێکی ئەکەدییە نەك سومەریو دواتر کورت بووە بۆ (و) u.

جگە لەمە ناوی ئەو شوێنانە پەیوەندییان بە سومەرییەوە نییە تا بڵێین (توم) پاشگری شوێنە لە سومەریدا[2].

ناوی ئورارتو کاتێك پەیدا بوو سومەرییەکان سەدان ساڵ بوو وەکو نەتەوە نەمابوون، سەبارەت بە ئێلامیش ناوی ئێلامتوم Elamtum شێوازی ئەکەدیی ناوی وڵاتەکەیە کە بە سومەری دەنووسرێت NIM و تەنها مارتو لەسومەریدا بەو شێوەیە هەیە MAR.TU.

سەرباری هەموو ئەمەش نووسەر تەعبیرێك بەکاردەهێنێت کە لەبواری نووسینی مێخیدا جێگەی نابێتەوە ئەویش کاتێك باسی((پیتی میم)) دەکات کە ئاشکرایە لەباسی نووسینی مێخی ناوتریێت (پیتی میم)و تەعبیری زانستی برتییە لە(دەنگی میم).

*٢-کورتە: دوکتۆر شتێکی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووەو بەهەڵە لێی تێگەشتووە: شار کیششاتیم (=پادشای هەموان)ی بە (پادشای کیش) زانیوە کە ئەمەیان ناوی شارێکی وڵاتی دووڕووبارە.*

نووسەر پاش ئەو سێ دێڕەی ئەو پەراوێزە ١٠ دێڕ لەهەمان پەراوێزدا دەنووسێت کە لە کتێبەکەی هێرتسفێلدەوە وەریگرتوونو کە هەموویانی بە هەڵە نەقەڵ کردووە. دوکتۆر دەڵێت: هەر وەك هێرتسفێلد ئاماژەی بۆ کردووە H.Winkler پاساوی نەداوە بۆ بەکارهێنانی تەعبیری šar kiššatim (پادشای کیش) لەسەر پادشایانی سوبارتو.

لەڕاستیشدا هێرتسفێلد نەینووسیوە ڤینکلەر شتی وا وتووە بەڵکو دەڵێت تیۆرەکەی ڤینکلەر ئەوەیە کە دەستگرتن بەسەر وڵاتی سوبارتودا هۆی ئیدیعای نازناوی شار کیششاتیم (پادشای هەمووان/ف.ق) بوو[3].

بەواتایەکی تر بۆچوونی ڤینکلەر ئەوەیە پادشاکە خۆی بە (شارکیششاتیم= پادشای هەموو خەڵکی) ناودەنا ئەگەر سوبارتوی لەژێر دەستدا بوایە، ئەمەش تەواو لە قسەکەی دوکتۆر دوورە. جگەلەوە شارکیششاتیم یەکسان نییە بە پادشای کیش چونکە کیش شارێکە لە ناوەڕاستی وڵاتی دووڕووبار.دیارە دوکتۆر بەهۆی نزیکیی پیتەکانی دوو ناوەکە لێی تێکچووە هەروەها بە قسەیەکی پێشووتری هێرتسفێلد کە نووسیویەتی کەوا ریموشو مانیشتوسو، کە دوو کوڕی سارگۆنی ئەکەدین خۆیان ناونابوو šar kišim , kings of Kiš[4] کە ئەم دوو رستەیە یەك شتن یەکێکیان شار کیشیم šar kišim (=پادشای کیشوم) بە ئەکەدییەو دووەمیان king of Kiš بە ئینگلیزی. کیشیم شێوەی (جەرِ)و (ئیزافە)ی (کیشوم)ـە کە هەر شاری (کیش)ـە بەڵام لەگەڵ پاشگری (ئوم)ی ئەکەدی!

دوکتۆر ئینجا دەڵێت: لەڕاستیدا واتای ئەو ناوە بریتی بوو لە پادشای هەموو قەومەکان یان نەتەوەکان (لەسوبارتو) (٤٢٧/١پەراوێز ١) . وشەی (سوبارتو) لێرەدا زیادکردنی دوکتۆرە چونکە تەعبیرەکە بۆ گشت نەتەوەکانە نەك تەنها ئەوانەی سوبارتو.

نووسەر لە دێرەکانی تردا بەهەمان شێوە بەشی زۆری زانیارییەکان بەهەڵە لە هێرتسفێڵدەوە نەقڵ دەکاتو لەبەرئەوەی وردەکارییان زۆر دەوێت تا بۆ خوێنەری ئاسایی روون ببنەوە وازیان لێدەهێنم.

حاڵی ئەو نەقڵکردنانەی سەرەوە زۆر باشترە چونکە دوکتۆر لەلاپەڕەکانی تر شتی زۆر لە هێرتسفێڵدەوە وەردەگرێتو ناوی نابات. تەماشای پەراوێزی (٢)ی لاپەڕە (٤٢٨-٤٢٩) بکە دەبینی زیاتر لە لاپەڕەو نیوەو هەمووی لە هێرتسفێڵدەوە وەرگیراوە کەچی تەنها دوو جار ناوی دەبات وەك ئەوەی لە سەرەتاو یەکەم زانیاری کاتێك باسی

[2] تومو، توم، تو لە سومەریدا هەیە بەواتای: با، لای سەرەکی (واتە: باکوور، باشوور..تاد)، ئاراستە (اتجاه)، بڕوانە فەرهەنگە سومەرییەکەی هالۆران:
John A. Halloran, Sumerian Lexicon,Version 3.0, http://www.sumerian.org/sumerian.pdf

[3] PE, p.206.

[4] PE, p.204.

**دەقی نارام سین دەکات کە تێیدا هاتووە: ((بەهێزەکە، پادشای چوار لاکانی (زەوی)، خوداوەندی ئەکەد)). تەنها لێرەدا (بەپاڵ سەرچاوەیەکی تر) ناوی کتێبەکەی هێرتسفێڵد دەبات (بەڵام بەهەڵە لەجیاتی لاپەڕە ٢٠٥ دەنووسێت ٦٥)و وەردە هەڵەش دەکات لەم نەقڵە، لەوەش بەدوا زانیارییەکانی لاپەڕە (٢٠٥-٢٠٦)ی کتێبەکەی هێرتسفێلد نەقڵ دەکات بێ ئەوەی ناوی بنووسێت. هێندەش هەڵە لەو نەقڵ کردنە دەکات کە راستکردنەوەیان زۆری دەوێت.**

***٣- کورتە: دوکتۆر نازانێت جیاوازیی نێوان پیتی (سمۆڵ)و (کاپیتاڵ) لە هێماگۆڕیندا چییە بۆیە دەنووسێت: Su.Bir، هەروەها شتێك وەکو زانیاری دەڵێت کە لەڕاستیدا تەنها بۆچوونە. ئەم خاڵە زانیاریی تێدایە لەبارەی نووسینی مێخییەوە.***

**نووسەر دەڵێت: بڕگەی یەکەمی سوبیر Su.Bir، واتە (سو) ئاماژە بۆ (سوئیییەکان) دەکات، بڕگەی دووەمیش سەرەتا واتای (بەهەشت)ی هەبوو پاشان بووە "دەشتاییەکان یاخود ناوچە"، لەکۆتاییشدا "ئەوانەی لەدەرەوە دەژین" و ئەم وشەیە لای عیراقییەکان بەشێوەی برە (بەڕە) واتە (دەرەوە) مایەوە، (١/٤٢٨-٤٢٩).**

**یەکەم شت بوترێت ئەوەیە شێوە نووسینی ناوی (سوبیر) لەسەرەوەدا هەڵەیە. ئەو شتانەش وا نانووسرێن، واتە (سمۆڵ)و (کاپیتاڵ) لەخۆوە دانانرێن. ناوەکە وا دەنووسرێت: $SU.BIR_4$ . پیتی کاپیتاڵ نیشانەیە بۆ نووسینی لۆگۆگرامی (بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە خوارەوە)، هەروەها بۆ وشەی سومەری، هەروەها کاتێك لە خوێندنەوەی هێماکە دڵنیا نەبی. ژمارەی (٤)ی تەنیشت BIR واتە هێمای چوارەمی (بیر)[٥].سەبارەت بە واتای (دەرەوە)ش ئەمە تەنها بۆچوونەو لە ڕاست ناچێت[٦].**

**بۆ دوو واتاکەی تریش قسەکەی گێلب دەهێنمەوە کە باسی ئەو هێمایەی کردووە کە (بیر)ی پێ نووسراوەتەوە ئەویش هێمای EDIN و کە دواتر بە هۆی دوو بڕگەی جیا زانرا ئەم هێمایە لەناو وشەی SU.EDIN دا پێویستە بە (بی-ئیر) یاخود (بیر ٤) بخوێنرێتەوە[٧].**

**وشەی edin یش بە سومەری واتای دەشتایی هەیە بەڵام دیارە نووسەر لە فەرهەنگێکی ئینگلیزیدا بۆ ئەم وشەیە گەڕاوەو بینیویەتی وشەی eden هەیەو واتاکەی (بەهەشتی عەدن)ـە. موحتەمەلە وشە سومەرییەکە (ئێدین) پەیوەندی بە وشەی عەرەبیی عەدن(=مانەوە)و لەوشەی eden ـەوە هەبێت بەڵام مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە واتای وشە سومەرییەکە بەپێی زانیارییەکانی تا ئەم کاتە (بەهەشت) نییە، بەڵکو (دەشتایی)ـە، نووسەر جگە لەوەی لەخۆیەوە ئەو واتایەی دەداتێ دەڵێت سەرەتا ئەم واتایەی هەبوو و پاشان بووە دەشتایی یاخود ناوچە.**

**٤- کورتە: لۆگۆگرام (ئایدیۆگرام)و نووسینی بڕگەیی لە نووسینی مێخیدا دوو شتی زانراوی *نووسینی مێخین* بەڵام دوکتۆری خۆمان هیچیان لەبارەوە نازانێت، لەبەرئەوە جگەلەوەی بەهەڵە شت لەبارەی نووسینەوەی زاراوەی سوبارتووە نەقڵ دەکات دەبینین شتی وا دەنووسێت کە هیچ واتایەکیان نییە.**

---

[٥] لە نووسینی مێخیدا ژمارەیەکی بەرچاوی بڕگە هەیە کە بەچەند هێمایەکی جیاواز دەنووسرێن. بۆ ئەوانەش ژمارە دادەنرێت. هێمای ژمارە یەك کە بڵاوترین هێمایە هیچی بۆ دانانرێت، هێمای دووەم خەتێکی لار بۆ لای راست دەخرێتە سەر ڤاوڵەکە، بۆ هێمای سێیەمیش داشە لارەکە بۆ لای چەپ دەبێت، لە هێمای چوار بەرەوژووریش ژمارەکە بە بچووکی لە تەنیشتیدا دەنووسرێت.

[٦] (بار) لە سومەریدا بە چەند واتایەك هەیە: دەرەوە، روح، ئەندامی ناوەوەی لەش، بێگانە ..تاد و (بیر) نییە. بڕوانە فەرهەنگە سومەرییەکەی هالۆران:

**John A. Halloran, Sumerian Lexicon..**

ئەم قسەیەی دوکتۆر لەبارەی (دەرەوە) لە کتێبێکی خۆی و دوکتۆر فەوزی رەشیدەوە وەرگیراوە: تاریخ الکرد القدیم.

[7]**HS, p.28.**

نووسەر ئاماژە بۆ(سپایزەر) دەکات (لەکتێبی Mesopotamian Origins) لەبارەی کۆنترین بەڵگەنامە کە ناوی (سوبیر–سوبارتو)ی لەسەر نووسراوە ئەویش نووسینێکی نارام سین بە ئەکەدی کە بە سومەری لەسەر ئەساسی شێوازی ئایدیۆگرام بە su-bār-tim دەخوێنرێتەوە (١/٤٣٠ پەراوێز٣) .

تەعبیرەکەی نووسەر هیچ واتایەکی نییە ، بۆ دڵنیاییش دوکتۆر چۆنی بەعەرەبی نووسیوە ئاوا دەیخەمە بەردەم خوێنەر:((حيث تقرأ بالسومرية على اساس صيغة الايديوغرام su-bār-tim)).

ئەم جۆرە تەعبیرانە نیشانەیەکن لەدەیان لەبارەی ئەوەی نووسەر شارەزای ئەو زانستە نییە کە لەبارەیەوە دەدوێت. ئەگەر بمانەوێت قسەکە بکەینە قسەیەکی زانستی دەبێت وەك (گێڵب) بڵێین سو–بیر $SU.BIR_4$ بە سومەری بڕگەییەو بە ئەکەدی لۆگۆگرامییە[8] بەواتایەکی تر بەسومەری (سو–بیر)ـەو بە ئەکەدی بەشێوەیەکی تر دەخوێنرێتەوەو لێرەدا بریتییە لە(سوبارتوم)، نەك بە سومەری وەك (سوبارتوم) بخوێنرێتەوەو نەك ئەم خوێندنەوەیە ئایدیۆگرامی (لۆگۆگرامی) بێت. جگەلەوەش دوکتۆر سو–بار–توم کە وتمان بڕگەییە بە لۆگۆگرامیی زانیوە[9] ، دوای ئەوەش هەقە بپرسین: ئایا راستە (سپایزەر) وتوویەتی کۆنترین دەق هی نارام سینە؟

ئەگەر بۆ (گێلب) بگەڕێینەوە (کە کتێبەکەی ١٤ ساڵ پاش ئەوەی سپایزەر نووسراوەتەوە) دەبینین ئەو دەڵێت کە شێوەی سوبیر $SU.BIR_4$ لەگەڵ کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی ئور دەردەکەوێت ئەویش تەنها بەشێوەیەکی نامونتەزەم‌و تەنها لەسەردەمی بنەماڵەی یەکەمی بابل بووە شێوازێکی باو پاشان تا ئەوپەڕی کۆتایی سەردەمەکان بەردەوام دەبێت[10]. زانراویشە نێوان نارام سین‌و کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی ئور زیاد لەدوو سەدەیە ئیتر چۆن دەوترێت کۆنترین دەق شێوەی (سوبیر)ی تێدا هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی نارام سین؟

هەر سەبارەت بە کۆنترین شێوەی ناوەکە لۆگۆگرامی شوبور ŠUBUR هەیە کە گێڵب لەباریەوە دەڵێت کە دەمێکە ناسراوەو دەگاتە کاتی ئێئاننا‌توم Eannatum (کە زیاتر لە دوو سەدە پێش نارام سین ژیاوە)و تا سەردەمی ئەکەدیی کۆن (بەو سەردەمەشەوە) بەکاردەهات بەڵام چەند ساڵێکی کەمە (ئەم قسەیەشی ساڵی ١٩٤٤ نووسیوە) خوێندنەوەکەی زانرا ئەویش su-bar-tim کە لە حاڵەتی (جەڕ)دا ئەویش لە نوسخەیەکی ئەرشیفێکی نارام سین کە تێیدا پاش لۆگۆگرامەکە خوێندنەوە بڕگەییەکەی ناوەکە نووسراوە، واتە سوبارتوم (لەحاڵەتی جەڕدا)[11] .

نووسینەکەی نارام سین ئەمەی تێدا هاتووە: $\text{ŠUBUR}^{\textit{Su-bar-tim}\ \ \text{KI}}$ کە نووسینە بەرزەکە لێرەدا (بێگومان نووسینی بەرز لەهێماگۆڕینە لاتینییەکە نەك لەدەقی مێخیدا) بریتییە لەنووسینی ناوەکە بە شێوەی بڕگەییەو ئەوەی پێش ئەوە لۆگۆگرامەو شێوە بڕگەییەکە چۆنێتیی خوێندنەوەی لۆگۆگرامەکە ڕوون دەکاتەوە. بەواتایەکی تر شوبور ŠUBUR (لۆگۆگرام)ـە واتە لێرەدا هێمایەکە بریتییە لەیەك وشە ، دوای ئەوەش نووسراوە Su-bar-tim کە ئەمە نووسینی بڕگەییەو ئەو نووسینە بڕگەییە نیشانی دەدات لۆگۆگرامەکەی پێشی چۆن دەخوێنرێتەوە، واتە ئەو لۆگۆگرامە بە (سوبارتوم) دەخوێنرێتەوە، یان با بڵێین (شوبارتوم) ئەویش لەبەر ئەو بۆچوونەی کە (س)ی سەرەتا لەئەکەدیی کۆندا پێویستە بە (ش) بخوێنرێتەوە[12]. (هێمای KI یش نیشانکەرەوەیە بۆ وڵات).

---

[8] HS, p.23.

[9] نووسەر زاراوەی(ئایدیۆگرام) بەکاردەهێنێت، ئەمەشی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە. هەردوو زاراوەکەش بەکاردێن.

[10] HS, p.28.

[11] HS, p.23.

دوکتۆر لە لاپەرەیەکی تردا باسی دەقەکەی نارام سین‌و نوسخەیەکی ئەم دەقە دەکات (١/ل٤٣١-٤٣٢)و دەڵێت : بۆ دڵنیایی نوسخەیەکی ئەم دەقە لەشاری ئوردا بینرا ... کە راستەکەی ئەوەیە یەك دەق هەیە ئەویش ئەوەی (ئور)ـە.. جگە لەوەش دوکتۆر وایزانیوە نوسخەکەی ئور بەزمانێکی تری غەیری ئەکەدی بووە.

[12] بۆ هەموو ئەمانە بڕوانە کتێبەکەی گێڵب: HS, p.35n.88.

*٥–دوکتۆر لێرەدا شتێك دەنووسێت کە لەگەڵ شتەکانی پێشوودا ناگونجێت. پێشتر نووسیبووی کە کۆنترین ناوهێنانی (سو-بیر) لە نووسینێکی نارام سیندا بوو، لێرەشدا ئەو کۆنترین ناوهێنانە دەگەڕێنێتەوە بۆ لوگال ئاننی موندو کە پادشایەك بوو زۆر پێش نارام سین ژیابوو.*

**نووسەر یەك لاپەڕە دوای ئەوەی سەرەوە دەڵێت ناوی SU.BIR یەکەم جار لەدەقێکی سەردەمی لوگال ئانی موندو Lugal–anni-mundu کەشاری (ئادابا)ی حوکم کردبوو بینرا (..) واتە پێش سەردەمی سارگۆنی لە ئەکەدداو نوسخەیەکی ئەم دەقەمان دەستکەوتووە کە لەسەردەمێکی دواتردا لەشاری ئیسین نووسرابووەوە (٤٣١/١پەراوێز).**

**دیارە ئەمە لەگەڵ قسەی پێشووی نووسەردا یەك ناگرێتەوە چونکە ئەوەی پێشوو دەڵێت کۆنترین ناوهێنان لە لەوحێکی نارام سین بوو (ئەمە دیسان لە بنی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێتەوە!) ،کوڕەزای سارگۆنی ئەکەدیو لێرەدا دەڵێت کۆنترەکە هی ئەو پادشایە بوو کە پێش سەردەمی سارگۆنی ژیاوە. هەروەها دەڵێت (نوسخەیەك.. دۆزراوەتەوە) لەکاتێکدا لەنوسخەیەك زیاترە (هی سەردەمێکی نوێتر لەوە پادشای ناوبراو ئەویش سەردەمی بابلیی کۆن)[13]. ڕاستەکەش ئەوەیە ئەوەی لوگال–ئاننی–موندو یەکەم ناوهێنانی سوبارتووە[14] (ئەگەر چاو لەوە بپۆشین کە نوسخەکانی نووسینەکە نوێترن).**

**لەبارەی ئەم دەقەش دەڵێت ئاماژەی گرنگی تێدایە لەبارەی چەند ناوچەو وڵاتێك وەك عیلامو ماراهشی(..تاد). دوکتۆر بەردەوام دەنووسێت: ماراهشی[15] کە ئەمە هەڵەیەو ڕاستەکەی مارخاشی Marhaši یە.**

**جگەلەمەش لەبڕگەکەی سەرەوەدا شاری (ئاداب) بە (ئادابا) ناوی دەبات–ئەمەی لەشوێنی تریشدا نووسیوە. سەرەڕای ئەوە دوکتۆر دوو سەرچاوەی نووسیوە کە یەکێکیان ئەوەی هێرتسفێلدە (لاپەڕە ٥٥ و لاپەڕەی دوای ئەوە) کەچی ئەو هەموو قسانەی تێدا نییە کە دوکتۆر نووسیونی بەڵکو تەنها ناوی (لوگال ئاننی موندو)و ئەو وڵاتانەی ناوی بردوون لەگەڵ چەند شتێکی کەم کە پەیوەندییان نییە بە باسەکانی دوکتۆرەوە. لاپەڕەی دوای ئەوەش تەنها ناوی سوبارتو هاتووەو دیسان پەیوەندیی نییە بەوەی دوکتۆر نووسیویەتی. لەکتێبەکەی هێرتسفێلددا ناوی سەرچاوەی دووەمی دوکتۆر نووسراوە (لەگەڵ هەندێك جیاوازی).**

*٦– دوکتۆر وشەی (نوخادو)ی بەناو زانیوە وەك بەرامبەر ناوی سوبارتو کە وا نییە (ژمارەیەك هەڵەی تریش).*

**نووسەر دەڵێت کە ناوی ئاشوریی نوێ: نوهادو *nu-ha-DU* کە ئونگناد Ungnad[16] بەباشی دەزانێت بەشێوەی *Na-ha-sa* (خەتێك لەژێر پیتی ئەیچ هەیە)[17] بخوێنرێتەوە بەرامبەر (ناوی) سوبارتو بوو و (فون سودین) پشتگیریی ئەم ڕایەی کردووە (٤٣٥/١).**

---

دوکتۆر ناوی کتێبەکەی سپایزەر دەنووسێت:

**E.A.Speiser, Mesopotamian Origins, The Basic Population of Near East (Mes.Or.), Philadelphia, 1930.**

[13]**HS,p.33f.**

[14]**HS, p.33.**

[15]ئەویش لەسەر وەزنو قافیەی(پاراخشی) یاخود (باراخشی)- شێوەی بەئەکەدیکراویش: باراخشوم. نووسەر هەموو جارێك دەنووسێت (مارهاشی) لەکاتێکدا چەندین جار لەکتێبەکەی هێرتسفێلددا نووسراوە (مارخاشی). ناوی وڵاتەکە بەو دوو شێوەیە هاتووە، واتە پاراخشیو مارخاشی، تەنها یەك جاریش (ماراخشی) بینراوە، شێوەیەکی تریش بینراوە ئەویش (پاراشی). بۆ هەموو ئەمانە بڕوانە: **.HS, p.35n90**

[16]ڕاستتر: ئونگنات.

وەك وتمان نووسەر جیاوازی نێوان کاپیتاڵو سمۆڵ نازانێت بۆیە نووسیویەتی nu–ha-DU. بۆ زانیاریەکانی تریش دەگەڕێمەوە بۆ کتێبەکەی (گێلب) چونکە گێلب زۆر ئاماژە بۆ ئەوەی (ئونگنات) دەکات . گێلب دەڵێت کە ئونگنات بە شێوەیەکی کاتی پێشنیاری کردووە کە نوخادو nu–*ha-du* (کە ئەمە وشەیە نەك ناو وەك دوکتۆر وای زانیوە) وەك ناوێك بخوێنرێتەوە: نوخاشا Nu-ha-ša4 و ئەمە یەکسان دەکات بە ناوی وڵاتی نوخخاشیّ Nuhašše لەسووریادا. .(نوخادو)ش لەلیستێکی هاوواتاکاندا هەیە کە ئەمانەی تێدایە : [مـ]یر [m]i-ir بەرامبەر سوبارتومو میر mi-ir بەرامبەر ئێشنوناكو لە نێوانیاندا نوخادو هەیەو بەرامبەرەکەی (مین)ـە MIN[18] ، ئەمانەشی تەنها وەك گریمانە وتووە.

کتێبەکەی (فۆن زۆدن)یش[19](واتە: فەرهەنگی ئەکەدی) بەهەڵە نووسراوە چونکە نووسراوە: ٧، ٦٦٢ و لاپەڕەکانی دوای، راستییەکەش ئەوەیە کە بەشی حەوتەم تەنها دەنگی (م)ـەو وشەی نوخاشو (کە بە دەنگی "ن" دەست پێدەکات) لە بەشی نۆیەمدایەو[20] پەیوەستیش نەکراوە بە سوبارتو، جگە لەوەش ناوی سەرچاوەکەی بە هەڵە نووسیوە.

*٧- دوکتۆر وەکو هەموو جارێك شتی زۆر لە هێرتسفێلدەوە ((دەبات))و تەنها یەك جار ناوی دەهێنێت، ئەو زانیارییانەشی بە هەڵە ((بردووە)).*

نووسەر دەڵێت (٤٣٧/١پەراوێز١٤) ئەکەدییەکان زاراوەی Harsag ی سومەرییان وەرگرتو گۆڕییان بۆ hursani هەروەك دەیخوێنینەوە لە تۆماری سارگۆنی ئەکەدی.

(خارساگ) دەمێکە بە خورساگ دەخوێنرێتەوە بەرامبەری ئەوەش لە ئەکەدییدا وشەی (خورشانو)وە huršânu و واتاکەی (کێو)[21]ـە نەك وڵاتی (سەروو) یان (وڵاتی باکووری). بەهەرحاڵ نووسەر ئەمەی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە بەڵام شتەکانی لێ تێکەڵ بووەو بەهەڵە لێیان تێگەشتووە چونکە هێرتسفێلد باسی ناوچەیەك دەکات کە لای ئەکەدییەکان بۆتە "وڵاتی سەروو" کەواتاکەی بریتییە لە "وڵاتی باکووری" نەك " وڵاتی بەرزاییەکان"، ئینجا هێرتسفێلد لە پەراوێزدا دەڵێت: وشە سومەرییەکە دەبێت خارساگو بە ئەکەدی خورشانی بێت[22] کە دیارە مەبەستی لە وشەی "وڵاتە بەرزەکان"ـە یاخود بەرزاییەکان نەك "وڵاتی سەروو".

نووسەر لەم شوێنەدا، واتە پەراوێزی (١٤) لە لاپەڕە ٤٣٧-٤٣٨ بە ئەندازەی سێ چارەکە لاپەڕە لە کتێبەکەی هێرتسفێلدەوە شتی وەرگرتووەو سەرچاوەکانی ئەوەی نەقڵ کردووە وەك بڵێی دیونیو بەکاریهێناون، کە وا نییە، تەنها لە کۆتاییشداو بۆ یەك تاکە زانیاری ناوی هێرتسفێلد دەبات. جگە لەم کارەش نەقڵکردنەکانیش پڕهەڵەن‌و لێرەدا یەك دوانیان باس دەکەم:

هێرتسفێلد باسی دەقێکی نارام سینی کردووە کە ئەمەی تێدایە: ((ئاغاکانی the lords وڵاتەکانی سەروو، ئالیاتیم))، واتە باس لە کەسانی تر دەکات نەك باسی خۆی کردبێت کەچی دوکتۆر بە ئینگلیزی قسەکانی هێرتسفێلدو پەراوێزەکانی نەقڵ دەکات (بێگومان بێ ئەوەی ناوی بەرێت)و دەنووسێت the lord (واتە ئاغا-

---

[17] دانانی خەتی ڕێك لەژێر ئەیجدا هەڵەیەو راستەکەی خەتێکی چەماوە بۆ سەرەوە، واتە(حەوت). رەنگە دوکتۆر ئەو هێمایەیە لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خۆیدا نەبووە، لەوانەشە هەیبووە بەڵام فەرقی نەبووە لەلای هێماکە چۆن بێت.

[18] HS, p.92, n.2.

[19] دوکتۆر دەنووسێت: فون سودین، ئەمەش دەخەینە پاڵ نموونەکانی تر لەبارەی رادەی شارەزایی دوکتۆر لە زمانی ئەڵمانی (ئەوەمان وتبوو کە s پێش ڤاولْ دەبێتە "ز"). فەرهەنگەکەش ئەکەدی-ئەڵمانییە.

[20] AHW, 7, 1969, S.800.

[21] Labat, no.401+ p.305.

[22] PE, p.57-58, p.58n.1.

بەتاك)و ئەمە دەکاتە عەرەبی گوایە نارام سین خۆی بە "ئاغای وڵاتەکانی سەروو "داناوە. شتێکی تر قسەکەی هێرتسفێلدە لەبارەی "وڵاتی سەروو" کە بۆچوونێکی (گوتزە) دەهێنێتەوەو ئەوەی تێدا هاتووە کە گوتزە وای بۆ چووە تەسەورێك هەبووە کە لەئەسڵدا تەسکتر بوو (واتە ئەو شوێنانەی سەر بە وڵاتی سەروو کەمتر بوون)و دوایی بە چەند زیادکردنێك فراوان کراوەو لەناو ئەو شوێنانەی زیادکراوە ئەمانە وەك نموونە هەن: (تورمیتتا)و (پالا)و (تومانا)[٢٣]. بەڵام دوکتۆری خۆمان قسەکە وا وەردەگێڕێت: (گوتز) وای تەسەور کردووە کە تەسك کردنەوەیەك رووی داوە لە کەمکردنەوەی ناوچەکانی.. ئەمەش رێك پێچەوانەی قسەکەی سەرەوەیە.

*٨-کورتە:دوکتۆر دەیسەلمێنێت کە شتە سادەکانی زمانی ئەکەدی نازانێت.*

نووسەر وشەکانی لێ تێکەڵ دەبن. وشەی ئەکەدیی ئالیاتوم **aliâtum** بەواتەی (بەرز، سەرووی) لێ تێکەڵ دەبێت بەوشەی ئالوم **âlum** ی ئەکەدی بەواتای (شار) کە هەروەها وەکو نیشانکەرەوەیەك بۆ ناوی شارەکان بەکاردێت. نووسەر ئەم ناوانە دەهێنێت: پاراخشیو ئورکیشو ناوار ... تاد کە لای ئەو سەر بە سوبارتونو دەڵێت: هەندێك جار زاراوەی **âlim Hurra**[ki] یان لێنابوو بەواتای (خاکی خوررای بەرز) (١/٤٤١-٤٤٢). دەبوایە نووسەر ئەگەر شارەزای زمانە کۆنەکان بوایە ئەو راستییەی بزانیایە کە (**ki**)ی کۆتایی ناوەکان نیشانکەرەوەیە بۆ ناوی شارو وڵاتەکان پێش ناوەکەش دیاری دەکرێت شوێنەکە شارە یان وڵات: دەخوێنرێتەوە (ئورو) بەسومەریو (ئال) بەئەکەدی بۆ شار، بۆ وڵاتیش: (کور) بەسومەریو (مات) بە ئەکەدیو بەم شێوەیە ئەو ناوەی سەرەوە دەبێتە (شاری خوررا) کە ئەمەش ناوی شارێك بوو بەڵام جگە لەوەی دوکتۆر بە خاکی زانیبوو و وەسفی ((بەرز))ی بۆ دانابوو ئەم شارەی بە وڵاتی پانوبەرینی سوبارتو زانیبوو!

دوکتۆریش هەر خۆی یەکسەر پاش ئەوە دەڵێت: زیمری لیم پاشای ماری کە هاوچەرخی حامورابی بوو داگیری کرد(١/٤٤٢).. ئایا زیمری لیم هەموو پاراخشیو ناوارو ئورکێشو زاموا (کە ئەو کاتە ناوی نەبووە)و گوتیوم .. ی گرت؟ ئەی کوا لوللوبییەکانو گوتییەکانو توروککییەکانو ئێلامییەکان..؟!

ئەوەش بچێتە ئەولاوە کە دوکتۆر (ئالیم خورراکی) لە سیاقی خۆی دەرهێناوە بەڵام بێ ئەوەی وشەی ئالیم بگەڕێنێتەوە بۆ ئەسڵەکەی خۆی واتە ئالوم (حاڵەتی رەفع) کە ئەمە یەکێکە لەزانیارییە سادەکانی زمانی ئەکەدی .. ئەمەش وەکو ئەو نموونەیە کە پێشتر باسم کرد واتە کابرایەك لەدەقێکی کوردیدا رستەی (لە سلێمانیدا) دەربهێنێتو بڵێت : شاری (سلێمانیدا) شارێکە کەوتۆتە کوردستانی باشوور .. تاد!!

٩- نووسەر دەڵێت وا دیارە لەسەردەمی ئەکەدیی زووەوە واتای سوبارتو گۆڕاو نارام سین ناوی نابوو کەلام سوبور یاخود سوبارتیم(١/٤٤٥). ئەمەش گۆڕانی واتا نییە. کالام شوبور (نەك سوبور) واتا ناوچە یان هەرێمی شوبور، (سوبارتوم)یش خوێندنەوەی برگەییە بۆ لۆگۆگرامی (شوبور).. ئەگەر تەعبیر لەقسەکەی نووسەر بەوشەی تر بکەین دەڵێین: واتای سوبارتو گۆڕانی بەسەردا هاتو نارام سین ناوی نابوو سوبارتو!!

*١٠- کورتە: نووسەر فەرمانڕەوا دەکاتە گوێدرێژ!!*

نووسەر هەر لەو لاپەڕەیەدا (١/٤٤٥) یەکسەر دوای خاڵەکەی سەرەوە دەڵێت ئەسپە تایبەتمەندەکانی سوبارتو سەرنجی نارام سینیان داو ناوی نابوون گوێدرێژی سوبور **ENŠî SUBUR**[ki] ئەوەش بەڵگەیە لەسەر هاتنی هیندۆئارییەکان لەگەڵ **ENšî** (ئەسپ) (..) بۆ ناوچە کوردییەکانی ..تاد.

لەپەراوێزیشدا رێك لەشوێنی (گوێدرێژەکانی سوبور) شتێك دەنووسێت (لەخوارتر باسی دەکەم)و پاشان هەر لەو پەراوێزەدا دەڵێت: پاشان(نارام سین) باسی ئەمە دەکات:

**ENSI.ENSI SUBUR**[ki] **U EN.EN a-li–a-tim**

---

[23] **PE, p.58.**

(دوکتۆر بەم جۆرە نەقلی کردووەو هەڵەی جۆراوجۆری تێدایە).

یەکەم شت بیڵێین ئەوەیە ENŠI نییە (نووسەر سمۆڵو کاپیتاڵ تێکەڵ دەکاتو دەنووسێت ENŠî) بەڵکو ANŠU کە بەسومەری واتای گوێدرێژەو بەم جۆرە وشەکە دەبێتە گوێدرێژی شوبور (سوبارتو) نەک ئەسپ. زانراویشە کە کاشییەکان (زیاد لەشەش سەد ساڵ پاش نارام سین) بەکارهێنانی فراوانی ئەسپیان هێنایە وڵاتی دووڕووبار هەرچەندە پێشتر ئەسپ ناسرابوو و پێی دەوترا گوێدرێژی کێوەکان یاخود وڵاتە بێگانەکان ANŠU.KUR.RA . گوێدرێژو ئەسپ بەهەرحاڵ بەڵام نووسینی پەراوێزەکە سەیرە چونکە ئەمە واتای نووسینەکەیە: ((فەرمانڕەواکانی شوبورو ئاغاکانی وڵاتە بەرزەکان (بەرزاییەکان) )) ئەویش چونکە ئێنسی ENSI بەسومەری واتای فەرمانڕەوای هەیەو کە دووجار دووبارە بۆتەوە واتای (کۆ)ی هەیە (= فەرمانڕەواکانی)، EN یش هەر سومەرییە بە واتای ئاغا[٢٤] دیسان بەشێوەی کۆ هاتووە..، دەقەکەش ئەکەدییە بەڵام ئەم وشانە لەگەڵ شوبور (نەک سوبور) لۆگۆگرامن، بەواتایەکی تر دەقەکە باس لەفەرمانڕەوا دەکات نەک ئەسپو گوێدرێژ!!

لەراستیشدا ئەوەی نووسەر بەم جۆرە نووسیبوی : ENŠî SUBUR[ki] پەشۆکانمی چونکە شێواوەو دیارە هەڵەیە بۆیە بۆ دڵنیایی لەکتێبەکەی (گێڵب)دا بۆی گەڕامو ئینجا بینیم کە ئەمە لەنووسینەکەی نارام سیندا هاتووە ئەویش ENSI ŠUBUR واتە فەرمانڕەوای سوبارتو[٢٥] نەک گوێدرێژەکانی سوبارتو..!!

*١١- کورتە: ئەمجارە درەخت گوێدرێژە!*

هەر لەپەراوێزەکەی سەرەوەداو بۆ (گوێدرێژەکانی سوبور) دوکتۆر ئەمەی نووسیوە: نارام سین دەڵێت:

**a-di-ma GIš.TIR** $^{giš}$**ERIN**

دوکتۆر ئاماژە بۆ سەرچاوەیەک دەکاتو قسەکە وەرناگێڕێت .. کە ئەمەش واتای"تاکو دارستانی ئەرز" کە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە گوێدرێژو ئەسپ.جگەلەوە ئەوەی دوکتۆر نووسیویەتی هەڵەی تێدایە.

---

[٢٤] (ئێن) لەیەک کاتدا وەزیفەیەکی ئاینی(کاهنی گەورە)و سیاسیی هەبوو (ئاغا، فەرمانڕەوا)و دواتر وەزیفەکەی تەنها ئاینی بوو و بەپاڵ ئەودا فەرمانڕەوا (ئێنسی) هەبوو. بڕوانە، باقر، مقدمة، ل٣٣٠-٣٣١.

[25] **HS,p.36f.**

## فەسڵی دووەمی (باب)ی چوارەمی بەرگی یەکەم

# ناوچەو شارە سەرەکییەکانی وڵاتی سوبارتو

### لاپەڕە ٤٤٧-٥٤٥

وەك لە ناوونیشانەکە دیارە؛ نووسەر ئەم بەشەی بۆ ناوچەو شارەکانی سەر بە وڵاتی سوبارتو تەرخان کردووە. لێرەشدا موناقەشەی ئەوە ناکەم کامیان‌و چەندیان بەڕاستی سەر بەو وڵاتی سوبارتووەن چونکە دەستنیشانکردنی سنوورەکانی سوبارتو بۆ خۆی جێگەی مشتومڕە بەڵام ئەوەی ئەکیدە ئەوەیە بەشێك لەو ناوچەو شارانە سەر بە سوبارتو نین مەگەر بەزۆر زاراوەی سوبارتو بە سەر هەموو کوردستاندا بسەپێنین.

تێبینییەکی تر سەبارەت بەم بەشە ئەوەیە کە بەپێی ئەو بابەتانەی لەم بەشەدا بەدوایاندا چووبووم بەشی هەرەزۆری زانیارییەکانی نووسەر لە دوو سەرچاوەوە وەرگیراون: کتێبەی هێرتسفێلد (ئیمپراتۆریەتی فارسی) کە وەك وتم پێویستە بە شارەزاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پاشان بابەتەکەی لوویس لیڤاین: (لێکۆڵینەوەی جوگرافی لە زاگرۆسی سەردەمی ئاشوریی نوێ).

کتێبەکەی هێرتسفێلد باس لە ناوچەی جۆراوجۆر لە هەموو سەردەمەکان دەکات، تەنانەت پێش ئەوەی فارسەکان یان هەر گەلێکی ئێرانیی تر بگەنە ناوچەکەو رەنگە کەسێك نەیدیبێت وا بزانێت مێژووی دەوڵەتە ئێرانییەکانە هەر وەك چۆن خۆم بەر لەوەی دەستم بکەوێت وام زانیبوو بۆیە زۆر لام سەیر بوو دوکتۆری خۆمان باسی ناوچەی جۆراوجۆر دەکات: ئاللابریا، خامازی، ئارراپخا.. تاد دەکات‌و بۆ هەموویان ناوی ئەو کتێبە دەبات. منیش وای بۆ چووبووم ئەو کتێبە باسی دەوڵەتی ساسانی دەکات‌و لە چەند لاپەڕەیەکی پێشەکییەکەدا باسی ئەو ناوچانەی کردووە بەڵام کە دەمبینی زانیارییەکان لەناو کتێبەکەی دوکتۆر جەمال هێندە زۆرن هی پێشەکی‌و هی چەند لاپەڕە نین کەوتمە گومانەوە. بەهەر حاڵ کە کتێبەکەشم دەستکەوت هەموو شتێك روون بووەوەو ئەو راستییە روون بووەوە کە دوکتۆر جەمال زۆر لەوە زیاتر شتی لەو کتێبە نەقڵ کردووە چونکە بینیم دوکتۆر ژمارەیەکی زۆری زانیاری دەنووسێت کەچی جارێك یان دوان باسی هێرتسفێلد دەکات. دوکتۆر بابەتەکانی هێرتسفێلدی کۆپی کردووەو تەنانەت سەرچاوەکانیش نەقڵکردووە بەجۆرێك خوێنەر وا تێدەگات دوکتۆری خۆمان ئەو زانیاریانەی کۆکردۆتەوەو ئەو سەرچاوانەی بەکارهێناوەو لەو هەموو وەرگرتنە کەم جار ناوی ئەو دەبات.

دوای ئەوەش بە ماوەیەك بەشی یەکەمی بابەتەکەی لیڤاینم دەستکەوت‌و بینیم ناوبراو لەو بەشەدا باسی چوار ناوچەی کردووە: کیرروری، زاموا، نامری، خالمان.. دوکتۆری خۆشمان بەهەمان رەفتار زانیارییەکان بە سەرچاوەکانەوە نەقڵ دەکات‌و تەنها چەند جارێکی کەم ناوی لیڤاین دەبات، تەنانەت هەر هەموو بابەتەکەی زاموا کۆپیکردنی بابەتەکەی زاموای لیڤاینە، ئەوەی خالمانیش کۆپیی خالمانەکەی لیڤاینە لەگەڵ کۆپیی زانیارییەکانی هێرتسفێلد..تاد.

با ئەوەشمان لە یاد نەچێت: دوکتۆر کاتێك ئەو شتانەی ((بردووە)) ئەمەی بە شێوە تایبەتییەکەی خۆی کردووە کە خوێنەر ئێستا شارەزایەتی، واتە بە ئەندازەی شارەزاییەکەی لە زمانی بێگانە (کە لێرەدا ئینگلیزییە)، هەروەها بە ئەندازەی شارەزاییەکەی لەو مێژووەو لە زمانە کۆنەکان..تاد ئەمانەی ((بردووە))و لە ئەنجامدا هەموو ئەو باسانەی ((دەیانبات)) تووشی گێڕی‌و سەقەتییەکی زۆر دەبن.

لە خوارەوەشدا ناچارم شت لەو بەشە هەڵبژێرم‌و ئەگەر ناوچە بە ناوچەو شار بە شارو دێڕ بەدێڕ شوێنی دوکتۆر بکەوم رەنگە هەر بڕۆم‌و نەگەم.

## ئاللابــریا

ئاللابریا یەکەم ناوە دوکتۆر لێی دەدوێت. دوکتۆر وڵاتی ئاللابریا Allabria (یان ئالابریا Alabria) بەهەڵە بە Alabbria دەنووسێت.

هەڵبەت ئەوەی شتێك لەبارەی نووسینی مێخی بزانێت دەزانێت ناوەکە هەڵەیە هەتا ئەگەر ناوی دروستی وڵاتەکەشی نەدیبێت چونکە ئەگەر (ئالابریا)کەی دوکتۆر جەمال بۆ بڕگەکانی جیابکرێتەوە ئەوکاتە لەیەك بڕگەدا دوو دەنگی کۆنستانتمان دەبێت: Al-<u>abb</u>-ri-ia یاخود Al-ab-<u>bri</u>-ia یاخود A-la-<u>bbr</u>-ia یاخود A-lab-<u>bri</u>-ia ..تاد.

زانراویشە هێماکانی نووسینی مێخی یەك کۆنستانتو یەك ڤاوڵن وەك –ba یاخود دوو کۆنستانتن‌و ڤاوڵێکیان لە نێواندا هەیە –bar یان زیاتر لە سێ دەنگ ŠUBUR هەروەها دوو ڤاوڵ –ia یان یەك ڤاوڵ بەتەنیا –a. بەکورتی لەیەك هێمادا دوو کۆنستانت بە دوای یەکدا نایەن وەك –bb.

وەك وتم ئەوەی شتێك لەبارەی نووسینی مێخییەوە بزانێت ئەم راستییە دەزانێت، بۆیە دەزانێت نووسینی Alabbria هەڵەیەو پێویست ناکات ((شارەزای)) زمانە کۆنە فەوتاوەکان بێت.

هەموو باسەکەی ئاللابریاش کە یانزە دێرە هەڵەی جۆراوجۆری تێدایە وەك ناوبردنی ئێلليپی بە شار کە لەڕاستیدا وڵاتە یان نووسینی کیشاسسو بە کیساسسو (دوکتۆر جەمال کێشەی لەگەڵ ش š دا هەیە)، یان کە دەڵێت سارگۆن (سارگۆنی دووەمی ئاشوری) کۆمەڵە ئەسپێکی لە خەڵکی ئاللابریا وەرگرت کە ئەو ئەسپانە بە نیسایاو ارصبینی ناسرابوون‌و دوکتۆر ئاماژە بۆ هێرتسفێلد دەکات[٢٦] کەچی هێرتسفێلد دەڵێت: مێسایاو ئارصیببینی.. ئەمەش جگە لە هەڵەی تر.

## ئالــزی

دوکتۆر لە لاپەڕەو نیوێکدا باسی ئالزی دەکات‌و هەموو ئەو لاپەڕەو نیوە (٤٤٨/١-٤٤٩) لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە (لاپەڕە ١١٦-١١٧) تەنها یەك پەراوێز نەبێت کە ئاماژەیە بۆ سەرچاوەیەکی عەرەبی، دیسانیش تەنها یەك جار ناوی هێرتسفێلدی بردووە ئەویش لە پەراوێزی ژمارە (٣) کە پاش ئەوەی شەش دێڕ دەنووسێت دەڵێت: بۆ وردەکاریی زیاتر بگەڕێرەوە بۆ هێرتسفێلد ، ل١١٦. راستیش ئەوەیە هەموو شتەکانی هێرتسفێلدی لەبارەی زانیارییەکەی ئەو پەراوێزەی نەقڵکردووەو بواری وردکاریی تری نەهێشتۆتەوە. ئایا پێویستە بڵێین ئەو (کۆپی–پەیست)ەی لە کتێبەکەی هێرتسفێلد کردوویەتی وەکو جارن بەهەڵەوە بووە؟

ئەمە راستەو تەنها نموونەی کەم وەردەگرم: دوکتۆر هەر لەیەکەم دێڕەوە هەڵەیەك دەکات: هێرتسفێلد نووسیویەتی: ئالزی، کە دواتر لای ئاشورییەکان بووە ئێنزیتیێ Enzite ، لە دەقەکانی بۆغازکۆی ئالشێ Alše ی پێ دەوترا[٢٧]. بەڵام نووسەری خۆمان قسەی هێرتسفێلد هەڵدەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئەم ناوە لە نووسینەکانی دواتری ئاشوری بەشێوەی الشی بەکاردەهات لەکاتێکدا لە نوسراوە حیثییەکانی بۆغازکۆی وەك (الزی) بینراوە.[٢٨]

---

[٢٦] دەڵێت بگەڕێرەوە بۆ ل٢٤١-٢٤٤ ی کتێبەکەی هرتسفێلد: .. ئینجا لێرەدا ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی دەنووسێت بەڵام ئەم لاپەڕانە دەستنیشان دەکات: ٢٤، ١٩١، ٢٤١، ٢٤٤ ، کە باسی ئەو ئەسپانە لە لاپەڕە ٢٤ دایەو لاپەڕەکانی تر ناوی ئاللابریایان تێدا هاتووە بێ باسکردن ئەسپ. ئەم شپرزییە تایبەتییەکی دیاری کتێبەکەی دوکتۆرەکەی خۆمانە.

[27]PE. p.116.

ناوەکە لای ئاشورییەکان هەر ئالزی بووە، دیارە مەبەستی هێرتسفێلد ئەوەیە ناوی بووە ئێنزیتیێ و دیسان لەلایەن ئاشورییەکانەوە، لەبەر ئەوەش ئەو رستەیەم وا وەرگێڕا. فۆرەرو ئونگنات لە بابەتەکەیاندا لەبارەی ئالزی پشتگیریی (بلێك) یان کردووە کە ئالزی هەمان

جگە لەوەش دوکتۆر هەڵەی تر دەکات وەك کردنی ئەرمینی بە ئەخمینی (١/٤٤٨ دێڕی ١٠)، یان باکوور بە باشوور (١/٤٤٩دێڕی ٥)..تاد.

## ئاررامــو

سێیەم شوێن ئارامی (ئارامیٚ)یە کە دوکتۆر پێنج دێڕی لەبارەوە دەنووسێت، پێنج دێڕی پڕ لە هەڵە. نووسەر(١/٤٤٩) دەڵێت پەیوەندیی هەبووە بە شاری اشنوناو ناوی لە دەقێکی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا هاتووە (١/٤٤٩). نووسەر سەرچاوەیەك دەنووسێت (کە بابەتێکە لە گۆڤاری JCS)و لێرەدا وردەکاری زۆری ناوی گۆڤارەکە دەنووسێت تەنانەت ناوی شارو وڵاتەکەش : New Haven, Connecticut , U.S.A… . کە ئەمە یەکەم جارە ببینم ناوی وڵاتەکە لە ناواخنی بابەتەکاندا بنووسرێت چونکە پێشتر باسم کرد لەو جۆرە باسانە زانیاریی تەواوی سەرچاوەکان (نووسەر، ناو، ساڵ، شوێن، دەزگا) لە لیستی کورتکراوەکاندا دەنووسرێت (ناوی وڵاتەکەش نانووسرێت).

بەهەرحاڵ نووسەری ئەو بابەتە،واتە فنکلشتاین وا باسی ئارامی A-ra-mi ی نەکردووەو نەیوتووە پەیوەندیی بە ئێشنوننا Ešnunna هەبووە بەڵکو دەڵێت لەو دەقەی ئوری سێیەم ئارامی لەگەڵ ئێشنونناد‌ا پەیوەست کراوە[29] ئەمەش تەنها جیاوازیی تەعبیر نییە.

دوکتۆر دوای ئەوە دەنووسێت: لەکاتێکدا لە تۆمارەکانی نارام سینی ئەکەدیدا دەردەکەوێت کە شوێنی ئاررامو لەناوچەی سیموررومدا بوو و شتێکی ئەکیدە کە ئەم دوو شوێنە هاوجووتن (١/٤٥٠). دوکتۆر ئەمەشی لە فنکلشتاینەوە وەرگرتووە بەڵام لێی تێنەگەشتووە چونکە فنکلشتاین باسی ئارامی A-ra-mi ی دەقەکەی ئور ٣ و ئارامیٚ A-ra-me ی نارام سین دەکاتو ئەم دوانەی بە یەك زانیوە. دوکتۆر نووسیویەتی: ((شتێکی ئەکیدە کە ئەم دوو شوێنە هاوجووتن)) بەڵام دیار نییە کام دوو شوێن هەرچەندە بەپێی قسەکەی سەرەوەی لەوانەیە مەبەستی لە ئاررامو و سیموررووم بێت کە ئەمە هەڵەیە.

ناوی ئارامیٚ لە ناوی ساڵێکی نارام سیندا هاتووە واتە ئەمە لە Date Formula بووە نەك وەك دوکتۆر تێگەشتووە کە ((لە تۆمارەکانی نارام سیندا)) ناوی هاتووە (بڕوانە کەمێك خوارەوە). لەو تۆمارەی ساڵەدا نارام سین ئارامیٚو سیموررومی پێکەوە باسکردووە بەڵام دوکتۆر وا تێگەشتووە ئاررامو لە سیموررومدا بوو.

جگە لەم هەڵانەش دوکتۆر لەجیاتی ئەوەی بۆ ئەم زانیارییە ناوی بابەتەکەی فنکلشتاین وەك سەرچاوە بنووسێت ئەم سەرچاوەیەی خوارەوەی نووسیوە کە نەیدیوە بەڵکو هەر لە فنکلشتاین ((بردوویەتی)) :

**I.J.Gelb, Materials for the Assyrian Dictionary, I 217, 220.**

ئەم بەرهەمەی گێڵب (بەرگی یەکەمی MAD) لە بارەی نووسینەکانی سەردەمی سارگۆنی (واتە کاتی سارگۆنی ئەکەدیو جێنشینەکانی) لە ناوچەی ڕووباری دیالەدا. ئەو دوو دەقەش کە ژمارە ٢١٧و ٢٢٠ یان دراوەتیٚ هی خودی نارام سین نین بەڵکو وەك وتم تەنها ئەوەیە مێژووی سەریان هی کاتی نارام سینە واتە ناوونیشانی ساڵێکی نارام سینە، ئەو کلێشەیەش باسی سەرکەوتنی نارام سین بەسەر سیموررومدا دەکاتو ناوی فەرمانڕەوای ئارامیٚ Arame ش هاتووە کە لەگەڵ (بابا) فەرمانڕەوای سیموررووم گیرابوو.

---

ئێنزی Enzi و ئێنزیتیٚ Enzite نییە ئەوەش دژ بە (شترێك) کە ئەمانەی بە یەك زانیوە، بڕوانە وەرگێڕانی خۆمان لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٥، ٥/٥/١٩٩٩، ل ٢٠٣-٢٠٥.

[28] جگە لە هەڵەکەی سەرەوە هێرتسفێلد باسی نووسراوی حیتیی نەکردووە بەڵکو تەنها نوسراوی بۆغازکۆی، ئەوەتا فۆرەرو ئونگنات دەڵێن لە ئالشێ لە پەیمانەکەی ماتتیوازای میتتانی بەو شێوەیە هاتووە، ئەو پەیمانەش بە ئەکەدی نووسراوە نەك بە خاتتی.

[29] J.J. Finkelstein, Subartu and Subarians, JCS, IX, p.2.

نووسەر شتێکی تر دەڵێت کە هەر هی فنکلشتاینەو ئەم جارەیان ناوی دەبات و دەنووسێت: بەپێی راپۆرتە بابلییەکان مەبەست لەم ناوچەیە دۆڵەکان زێی بچووك بوو کە لەپەیوەندیدا بوون لەگەڵ اشنونا(٤٥٠/١). بەڵام فنکلشتاین وا نالێت بەڵکو باسی نامەیەکی سەردەمی بابلیی کۆن (نەك: راپۆرتەکان) دەکات کە تا ئەو کاتە بڵاونەکرابووەوەو ئەو نامەیە سیمورروم لەگەڵ ئێشنوننا پەیوەست دەکات[٣٠] و فنکلشتاین دوای ئەوە باسی شوێنی سیمورروم دەکات کە یەکێك لە بۆچوونەکان ئەوەیە نزیك ئالتون کۆپری (پردێ)ی سەر زێی بچووکە[٣١].. پێویستیشت بەوە نییە بزانی فنکلشتاین ئەمەی وتووە چونکە ئاشکرایە ئێشنوننا کە رۆژهەڵاتی روباری دیالەیە (سیروانی خواروو)و نزیك (باقووبە)یە چەند لە دۆڵەکانی زێی بچووکەوە دوورە.

## ئارراپخا

چوارەم شوێن (ئارراپخا)یە. نووسەر باسەکەی خۆی بە دەقەکەی سارگۆنی ((ئەکەدی)) دەست پێ دەکات کە کاتی خۆیەتی لێرەدا ئێمەش باسی بکەین.

ئەو دەقەی نووسەر چەند جارێك باسی دەکات بریتییە لە رابەرێکی جوگرافی کە ناوی سارگۆنێکی پێوەیە (شارروکێنو) . (ئەلبرایت)و (سیدنی سمیث) بەهی سارگۆنی ئەکەدییان زانیبوو و زۆربەی زۆری زانایان شوێنیان کەوتبوون لەکاتێکدا (فۆرەر) بە نوسخەیەکی نوێترو کەموکورتتری نوسخەیەکی یەکجار گرنگی نووسینێکی شارروکینی ئاشور، واتە سارگۆنی یەکەمی ئاشوری زانیبوو[٣٢] (کە ئەمەیان سەردەمی بابلی کۆن واتە زۆر دوای سارگۆنی ئەکەد ژیابوو). دەقە جوگرافییەکە لەبارەی دەستنیشانکردنی ولاتانەو ئەم سیغەیەی تێدا دووبارە دەبێتەوە: لەشاری فلان بۆ شاری فلان.. ..(بریتییە لە) فلانە ولات.. هەروەها درێژیی رێگاکانی ولاتەکان دەژمێرێت.

دوکتۆری خۆمان لە یەکەم دێڕی باسەکەی (ئارراپخا)دا باسی ((گەشتە)) دوورو درێژەکەی سارگۆنی ئەکەدیو تێپەڕبوونی بە ئارراپخا .. دەکات و لێرەدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لاپەڕە (١٥٢)ی کتێبەکەی هێرتسفێلد(٤٥٠/١). کەچی لە لاپەڕەکەی دوای ئەوە (ل٤٥١ پەراوێز) دیسان لە هێرتسفێلدەوە (ل٢١٦) چەند رستەیەکی ئەو ((گەشتە)) نەقڵ دەکات و شامشی ئادادی یەکەمی ئاشور دەکاتە خاوەنی.[٣٣]

هێرتسفێلد هەرچییەکی وتووە ئەوەی نەوتووە کە دوکتۆر نووسیویەتی چونکە ناکرێت لەشوێنێکدا بەهی سارگۆنی ئەکەدی بزانێت و لە شوێنێکی تر بە هی شامشی ئادادی یەکەم. هێرتسفێلد پاش موناقەشەیەکی دوورودرێژ پێمان دەڵێت نوسخەی یەکەم هی کاتی شامشی ئادادە بوو (شامشی ئاداد شار کیششاتیم=شامشی ئاداد پادشای هەمووان)و دواتر لەکاتی سارگۆنی دووەمی ئاشور دەستکاری کراو بووە رابەری رێگای شارروکێنو شار کیششاتیم[٣٤](=سارگۆن پادشای هەمووان).

دوای دێڕی یەکەمی باسەکەی ئارراپخا دوکتۆر نۆ دێڕ دەنووسێت کە هەموویان لە هێرتسفێلدەوە وەرگیراون بێ ئەوەی ناوی ببات و هەروەکو هەموو جارێکی تر نەقڵێکی پڕ لە هەڵەیەو تەنها یەکێکیان وەردەگرم.

دوکتۆر لە یەکێك لەو نۆ دێڕە ناوی (گانخار) دەبات کە یەکێك لەو شارانەی لە نووسراوەکانی فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا هاتووەو کە شارێکی سەر بە ئارراپخایە(٤٥٠/١). بەر لەوەی باسی ئەو (گانخار)ە بکەم ئەو

---

[٣٠] ناوی ئێشنونناى تێدا هاتووەو باسی بڕێك زیو کراوە کە کابرای خاوەن نامەکە لە سیمورومدا **Simurum** دابووی بەو کەسەی نامەکەی بۆ نێردراوەو ئێستا داوای دەکاتەوە، بڕوانە: **Ibid, p.2n15**.

[31]**Ibid, p.2.**

[32]**E. Weidner, Das Reich Sargons von Akkad, Afo, 16, 1952-1953, S.2.**

[٣٣] دوکتۆر لەو بەشەی کە تایبەتە بە لولوبییەکان باسی ئەو دەقە دەکات بەڵام بێ ئەوەی بزانێت کە ئەمە خۆیەتی. دوکتۆر دەنووسێت: سارگۆنی ئەکەدی لە تۆمارەکانیدا وڵاتی لولوبییەکانی دەستنیشان کردووە لە نێوان دوو ناوچەی ئورونا و صینو..(٥٦٩/١).

[34]**PE, p.225ff.**

شتە دەڵێم کە خوێنەر ئێستا چاوەڕێیەتی ئەویش کە ئەمەی لە کتێبەکەی هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە (ل١٥١-١٥٢)، قسەکەی هێرتسفێلدیش موناقەشە ناکەم کە ئەم شوێنەو شوێنەکانی تری وەك لوللوبومو سیموررروم..ی وەك شار زانیوە کە بەڵگە لەسەر ئەوە نییەو ئەمانە وەکو وڵات باسکراون و دێمە سەر ئەو بۆچوونەی هێرتسفێلد کە ئەمانە لە ناوچەی ئارراپخادا بوون بەڵام ئەم ناوەی ئارراپخا خۆی لەو سەردەمەی بنەماڵەکەی ئوردا قەت نەبینراوە.

قسەکەی هێرتسفێلد کە سیموررروم و لوللوبومو ئوربیللومو کیماش ..لەناوچەی ئارراپخادا بوون لە سەددا سەد هەڵەیەو زێدەڕەوییە لە قەبارەی ئارراپخا [٣٥]، دوکتۆری خۆشمان نەك تەنها ئەو هەڵەیەی نەقڵکردووە بەڵکو بەهەڵەش نەقڵی کردووە. وتمان هێرتسفێلد دەڵێت ناوی ئارراپخا لەو سەردەمەدا نابینرێت (کە ئەمە راستە) کەچی دوکتۆری خۆمان دەڵێت ئەم ((شارانە)) لە تۆمارەکانی فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور وەك شاری سەر بە ئارراپخا ناویان هاتووە.

بگەڕێمەوە سەر (گانخار)و نموونەیەك بخەمە روو لەسەر ئەوەی دوکتۆر تەنها شتی کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی بزانێت ئەوانە چین (نموونەیەکی تریشمان بینی و هی تریش دەبینین).

گانخار خوێندنەوەی کۆنی شوێنەکەیەو (کارخار) یاخود (کاراخار) خوێندنە نوێکەیەتی (هەرچەندە نوێ نییە چونکە دەمێکە هەیە). دوکتۆر لێرەدا خوێندنەوە کۆنەکەی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە کەچی لەشوێنی تری کتێبەکەیدا (کارخار) یان (کاراخار) دەنووسێت (١/ل٤٧٥پەراوێزی ٧٤) بێگومان بێ ئەوەی بزانێت (گانخار)و (کارخار) یەك شوێنن. لەو شوێنەش کە ناوی کاراخار هاتووە هەڵەی ترمان هەیە:

دوکتۆر دەڵێت ناوی Kar(a)har لە دەقەکانی ئوری سێیەمو بابلی کۆندا بینراوە، بۆ ئەوەش بابەتێکی(گوتزە) وەك سەرچاوە دەنووسێت [٣٦]. دڵنیام دوکتۆر نازانێت بۆچی ناوی شوێنەکە بەم جۆرە نووسراوە واتە بۆچی پیتی a خراوەتە ناو دوو کەوانەو دڵنیام نازانێت ئەو ناوە چۆن دەخوێنرێتەوە بەڵام بەهەر حاڵ لەباسەکەی (گوتزە) دا ئەمە نەهاتووە بەڵکو تەنها نووسراوە کارخار Karhar ، جگە لەوەش گوتزە باس (بابلی کۆن) ناکات بەڵکو تەنها ناوی بنەماڵەی سێیەمی ئور دەکات (لاپەڕە ١١٨ ی باسەکەی) .. لەوەش خراپتر ئەوەیە دوکتۆر زاراوەی زانستی بەکارناهێنێت کاتێك دەڵێت ((نصوص سلالة اور الثالثة و بابل القديمة)) .. (بابل القديمە-بابلی کۆن) لە ئەدەبیاتدا بەکاردێت دەنا بۆ سەردەمەکە یان بۆ دەقەکانی سەردەمەکە دەوترێت (نصوص العصر البابلی القديم- دەقەکانی سەردەمی بابلیی کۆن) .. جیاوازی نێوان (بابل)ی کۆن و (سەردەمی بابلیی کۆن) وەکو جیاوازی نێوان شاری (سلێمانی)و (سەردەمی بابانی) وایە. کاتێکیش دەڵێیت دەقەکانی (بابل)ی کۆن یاخود دەقە کۆنەکانی (بابل) تۆ باس لە شاری بابل بەتەنها دەکەیت لە کاتێکدا سەردەمی بابلی کۆن سەردەمێکە سەدان ساڵی خایاندو ناوەڕاستو باشووری عیراقی دەگرتەوە (بۆ ئاشوریش: سەردەمی ئاشوریی کۆن) جگە لەوەش زۆر جار کە باسی رووداوێکی دەرەوەی وڵاتی دووڕووبار دەکرێت دەوترێت لە سەردەمی بابلی کۆندا روویداوە.

خۆ ئەگەر مەبەستی دوکتۆر (سلالة بابل القديمة-بنەماڵەی بابلی کۆن) هەڵەکە گەورەتر دەبێت چونکە شتێك نییە بەناوی (سلالة بابل القديمة)و ئەگەر باس لە بنەماڵەکانی شاری بابل بکەین یەکەم بنەماڵەمان هەیە (سلالة بابل الاولى) کە کەوتبووە ناو سەردەمی بابلی کۆن و بە هەرەسهێنانی بنەماڵەکە ئەو سەردەمە کۆتایی پێ دێت (راستتر ئەمە جیاکردنەوەی شوێنەوارناسانە).

---

[٣٥] بۆ نموونە چۆن وڵاتی لولوبوم کە ئەو کاتە بەلایەنی کەمەوە دەشتی شارەزووری دەگرتەوە دەبێتە شارێك لە ناو ناوچەی کەرکووکدا؟ هێرتسفێلد دەڵێت "لەناو ئارراپخادا بوون"، خۆ ئەگەر بیوتایە "سەر بە ئارراپخا بوون" هێشتا هەر زێدەڕەویی کردووە.

[36] Goetze, JNES XII, 1953 ,p.118-119.

ئەو وشانەی دوکتۆریش کە بەکاریان دەهێنێت هیچ لەگەڵ زاراوەکانی مێژوو و شوێنەوار یەك ناگرنەوەو مرۆڤ خوێندنەوەی تەنها یەك کتێبی بەسە (بۆ نموونە ئەوەی تاها باقر) تا شارەزایان بێت. واز لە باقی هەڵەکانی نۆ دێرەکەی لاپەڕە (٤٥٠)ی کتێبەکەی دوکتۆر دەهێنین دەچینە پەراوێزی ژمارە (٩).

ئەو پەراوێزە کە دوو لاپەڕەی داگیرکردووە (ل٢٥٠-٢٥٢) بە کاملی لە هێرتسفێلدەوە کۆپی کراوە بەڵام بەو شێوەیەی خوێنەر ئێستا شارەزای بووە[37].

دوکتۆر ئەمە دەنووسێت bāni bīt dAššur [38] و ئاوا شەرحی دەکات: ((دروستکەری پەرستگەی شاری ئاشور)). ئەوەشی شارەزاییەکی زۆر کەمی لەبارەی نووسینی مێخییەوە هەیە یەکسەر دەزانێت ئەمە واتای ((دروستکەری پەرستگەی خوداوەند ئاشور))ە ! پیتی d کە بەم شێوەیە دەنووسرێت کورتکراوەی dingir ی سومەرییە (ئیلو یان ئیلوم بە ئەکەدی)و واتای ئەوەیە پێش ناوی ئاشور هێمای خوداوەندێتی هەیە ، تەماشای دەقەکان بکە دەبینی ئەو جۆرە هێمایانە لەبەردەمی ناوەکاندا هەیە بۆ جیاکردنەوەیان (پێیان دەوترێت detrminatives و وشەی نیشانکەرەوەیان بۆ بەکاردەهێنم). ئەمانەشم پێشتر باسکردبوو و وتبووم کە بۆ مرۆڤی نێر نیشانکەرەوەیەك هەیەو بۆ مێ نیشانکەرەوەیەکی تر ، بۆ باڵندە یەکێکی تر هەیەو .. تاد، یەکێکیش لەو نیشانکەرەوانەی زۆر دووبارە دەبنەوە ئەوەی خوداوەندە بۆیە شتێکی زۆر سادەیە بزانی dAššur واتە خوداوەند ئاشورە نەك شاری ئاشور. دوکتۆر لە لاپەڕەکەی تر dAššur ی دەقێکی تر دەنووسێتەوەو ئەمجارە بە خوداوەند ئاشور دەینووسێت..بۆچی؟ چونکە یەکەم جار هێرتسفێلد وشەی (خوداوەند)ی لەبەردەم ناوی ئاشور نەنووسیوە بۆیە دوکتۆری خۆمان وای زانیوە مەبەست لە پەرستگەی شاری ئاشورەو لە جاری دووەمدا هێرتسفێلد لەمیانەی شەرحەکانیدا وشەی (خوداوەند) نووسیوەو دوکتۆری خۆمان نووسیویەتی! نیشانکەرەوەی d لای ((شارەزای زمانە فەوتاوەکان)) هیچ واتایەکی نییەو شتێکی زیادەیە!

لێرەدا، وەکو هەموو کاتێکی تر، قسەکەی دوکتۆرم بیر دەکەوێتەوە(١/ل٥) کە ((تەحقیقی)) هەندێك دەقی مێخی و ئارامی و ئیغریقی بە وردی کردووە..من کە ((خورشید)) لە ((عەنبەر وەرید)) جیانەکەمەوە چۆن دەوێرم ئیددیعا بکەم تەفسیری بەیتە شیعرەکەی (نالی) بکەم کە دەڵێت:

لەدوری (یاخود: لەدەوری) تۆیە ئەی خورشیدی پرتەوبەخشی شەو گەردان

کە نالی وا لە حاڵاتی مەحاقی ماهی نەودایە !!

لە هەمان پەراوێزداو یەکسەر دوای ئەوەی سەرەوە دەڵێت: وعلی نسخة بابلية جديدة ..! ئەمەش یەکێکی ترە لە تەعبیرە سەیرەکانی ناو کتێبەکە. لە نووسینە شوێنەوارییە عەرەبییەکاندا تەعبیری (بابلية حديثة) بەکاردێت، ئەمە وەسفە بۆ سەردەمو بەم جۆرە: (العصر البابلي القديم-سەردەمی بابلیی کۆن)و (العصر البابلي الوسيط =سەردەمی بابلیی ناوەڕاست)و (العصر البابلي الحديث =سەردەمی بابلیی نوێ)، سەیرو سەمەرەشە بوترێت (العصر البابلي الجديد) چونکە وشەی (جديد) بۆ سەردەمو بۆ زەمان بەکار نایەت بەڵکو (حديث) بەکاردێت.. ئایا کەس بیستویەتی لەجیاتی (تاريخ اوروبا الحديث) بوترێت (تاريخ اوروبا الجديد)؟

سەرەڕای ئەوە نیوە دڵنیام لەوەی دوکتۆر وشەی (جديدة) لە قسەکەیدا: ((وعلی نسخة بابلية جديدة)) نەیگەڕاندۆتەوە بۆ وشەی (سەردەم) بەڵکو بۆ وشەی (نوسخە) واتە نوسخەکە هی بابلەو نوسخەیەکی تازەیە.. ئەگەر

---

[37] نیوەی یەکەمی ئەو پەراوێزە لە لاپەڕە (٢٠٩-٢١٠)ی کتێبەکەی هێرتسفێلدەوە وەرگیراوە کەچی دوکتۆر سەرەتا لاپەڕە (١٠) لەجیاتی (٢٠٩) دەنووسێت و دواتر لە جیاتی (ل٢٠٩-٢١٠) دەنووسێت لاپەڕە ٢١٤.

[38] دوکتۆر کە ئەمەی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە بە شێوەیەکی تر نووسیویەتی، ئەوەی سەرەوەش ئەوەی هێرتسفێلدە.

بۆچوونەکەشم راستبێت سەیرتر دەبێت، هەموو زانستی شوێنەوارو نووسینی کۆنو بابەتی مێژوویی بگەڕێیت تەعبیری (نوسخەیەکی تازەی بابلی) نابینی چونکە شتی وا لە وجوودا نییە.

لەبارەی ((نوسخە بابلییە تازە))کەوە نووسەر دەڵێت لە پەرستگەی (نین کیگال) نزیك (ترقە) لەسەر روباری فورات دۆزراوەتەوە ئەو هەواڵەی تێدایە: ساکین سەرکردەی خوداوەند انلیلە ئیسساکی ئاشورە(٤٥١/١ پەراوێز)، بەواتایەکی تر: (ساکین) ناوێك هەیە کە سەرکردەی خوداوەند ئێنلیلەو ئەم ئێنلیلە (یان ئەو ساکینە؟) ئیسساکی ئاشورە. بەڵام هێرتسفێلد وا ناڵێت بەڵکو ئەو نووسینەی لە (تیرقا)دا دۆزراوەتەوە دانەیەکی ترە، هەروەها هێرتسفێلد ئەمەی نووسیوە: ((شاکین، بریکاری خوداوەند ئێنلیل، ئیششاکی ئاشور))[39] و لە سیاقی قسەکاندا دیارە ئەم سێ وەسفە سێ نازناوی شامشی ئادای یەکەمی ئاشورە.

دوکتۆر دوای ئەوە دەڵێت لە لەوحی هەشتەمی هەمان پەرستگە ئەم دەقە هەیە:..

بەر لەوەش باس ئەو دەقە بکەین با بزانین ئەو لەوحە هەشتەمە چییە. سەرەتا ئەمە هی هەمان پەرستگە نییە چونکە ئەمیان هی پەرستگەی خوداوەند (داگان)ە لە (تیرقا)و ئەوەی پێشتر هی پەرستگەی (نین کیگال) بوو، دواترو خۆشتر ئەوەیە ئەوە لەوحی هەشتەم نییە. هێرتسفێلد پێش نووسینی دەقەکە ئەمە دەنووسێت: VIII, 6 و ئەگەر بەدوایدا بچیت دەبینی ئەمە هی سەرچاوەیەکی ئەڵمانییە: Altorientalische Bibliothekو ئەو نووسینە یەکێکە لە ژمارەیەك دەق لەو سەرچاوەیەداو بەم جۆرە نووسەری خۆمان ئەم ژمارە هەشتەی بە لەوحی هەشتەمی پەرستگەکە زانیبوو!

ئینجا تەماشا بکەین نووسینەکە چیی وتووە:

**sar kissati sakin $^d$Enlil , pâliẖ $^d$Dagan, issak $^d$Assur**

((ئینلیل خوداوەندی ئەکەدەو داگان خوداوەندی ترقەو (ماری)یەو ئیساك خوداوەندی ئاشورە)).

ئەمە لای دوکتۆر ، لای هێرتسفێلدیش وا هاتووە:

**šar kiššati šakin $^d$Enlil , pālih $^d$Dagan, iššak $^d$Aššur**[40]

تەماشای نووسینە ئەکەدییەکەو وەرگێڕانەکەی دوکتۆر بکە دەبینی لە دەقەکەدا نە ناوی ئەکەدو نە ناوی تیرقاو ماری نەهاتووە، با بزانین دوکتۆر ئەمەی چۆن لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە: هێرتسفێلد نووسینەکەی یەکسەر وەرنەگێڕاوە بەڵکو شەرحێکی کردووە: ئێنلیل خوداوەندی ئەکەدە، داگان خوداوەندی تیرقا (هەروەها ماری)یەو پاش دوو دێڕ: ئیششاکی خوداوەندی ئاشور، واتە ئەو پادشایە ئیششاکی خوداوەند ئاشورە.. واز لەو هەموو هەڵانەی دوکتۆرو بەراوردی بکە نێوان قسەکەی: ((ئیساك خوداوەندی ئاشورە))و نووسینەکەی هێرتسفێلد: ((ئیششاکی خوداوەند ئاشور)) دەبینی چۆن ((ئیششاکی ئاشور=فەرمانبەری خوداوەند ئاشور)) لای دوکتۆر بۆتە خوداوەندێك!

تەواوی نووسینەکەش ئەگەر هەموو قسەکانی هێرتسفێلد کۆبکەینەوە دەبێتە: ((پادشای هەمووان، بریکاری ئێنلیل، ئەوەی لە داگان دەترسێت، ئیششاکی خوداوەند ئاشور))و بزانە چەند جیاوازە لە وەرگێڕانەکەی نووسەری خۆمان.

دوکتۆر دوای ئەوە دەڵێت: ئەم رستەیەی خوارەوە لەسەر بەردێکدا هەیە کە لە ئاشوردا دۆزراوەتەوە:

**šar kiššati, bāni bît $^d$Aššur , mustemki mātim birit $^{mār}$Idiqlat u $^{mār}$Purâtim**

((پادشای هەموو میللەتان، دروستکەری پەرستگەی شاری ئاشور، موستیمکی ی ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە نێوان دیجلەو فورات)) (٤٥١/١پەراوێز).

[39] PE, p.209.
[40] PE, p.210.

پیتی h لێرەدا حەوتی لەژێرە. دوکتۆریش خەتێکی رێکی خستۆتە ژێر: ẖ.

ئەمەش هەروەها لە هێرتسفێلدەوە وەرگیراوە کەچی دوکتۆر لەجیاتی ناوبردنی هێرتسفێلد دوو سەرچاوەی ئەڵمانیی نووسیوە کە هێرتسفێلد ئاماژەی پێداون (ل٢١٠پەراوێزی ١). رەنگە قسەیەکی زیادیش بێت ئەگەر بڵێین کە دوکتۆر کاتێك ناوی ئەو دوو سەرچاوەیەی لە هێرتسفێلد ((بردووە))و هێرتسفێلدی خستۆتە ئەو لاوە نەشتەرگەرییەکی کردووە بۆ ئەو ((بردنە)) بۆیە خۆمان بەڕاستکردنەوەی خەریك ناکەین‌و لەجیاتی ئەوە دەڵێین کە ئەو بەردەی دوکتۆر باسی دەکات هێرتسفێلد لەبارییەوە دەڵێت: (چەند)لەوحێکی مەڕمەڕو شامشی ئاداد تێیاندا بەم جۆرە باسکراوە:

šar kiššati, bāni bīt $^{d}$Aššur , muštemki mātim birit $^{nār}$Idiqlat u $^{nār}$Purātim

((پادشای هەموو (میللەتان)، دروستکەری پەرستگەی ئاشور، موشتێمکی ی ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە نێوان دیجلەو فورات)) [٤١] .

هەر بۆ زانیاریی خوێنەری ئاسایی‌و زانیاریی دوکتۆر جەمال هەبوونی ئەم جۆرە کەوانەیە ( ) لە وەرگێڕانی دەقەکاندا واتای ئەوەیە وشەکە یان وشەکانی ناو کەوانەکە لە دەقەکەدا نین‌و زیادکردنی وەرگێڕەکەیە بۆ روونکردنەوە، لەبەر ئەوەشە هێرتسفێلد نووسیویەتی : پادشای هەموو (میللەتان).. بەڵام دوکتۆری خۆمان دوو کەوانەکەی فڕێداوەتە دەریای ((شارەزایی لە زمانە فەوتاوەکان)). هەروەها دوکتۆر دوو جار "نار" nār بە "مار" mār نەقڵکردووە بێ ئەوەی بزانێت کە (نار) واتە روبارەو (مار) واتە کوڕ. باقییەکەی تریش وردە هەڵەن.

ئێمە هێشتا لەهەمان لاپەڕەو پەراوێزداین‌و بەم زوانە رزگارمان نابێت.

دوکتۆر باسی ((بەڵگەنامەکەی شامشی ئادادی یەکەم)) دەکات کە باسی پەلامارەکان بۆ سەر ناوچەی ماردین‌و سنجار(شنگار).. تاد دەکات کە بەهەمان شێوە لە مۆزەخانە لوڤردایە(٤٥١/١ پەراوێز). سەرەتاش با گرێی مەتەڵی تەعبیری((بەهەمان شێوە)) یاخود ((هەروەها)) بکەینەوە.

دوکتۆر پێشتر باسی لوڤری نەکردووە کەواتە بۆچی وتوویەتی((بەهەمان شێوە))؟ هێرتسفێلد پێش ئەوە بە دێڕێك باسی مووروویەکی یاقیقی کردووە کە لە مۆزەخانەی لوڤردایەو دوایی باسی ئەو بەڵگەنامەیەی تری شامشی ئادادی کردووە کە:((هەروەها لەتێکی میلێکی سەرکەوتنە لە ماردین یان سنجارەوە هاتووەو لە مۆزەخانەی لوڤردایە)). واتە هەرچەندە مووروەکەش‌و لەتە میلەکەش لە مۆزەخانەی لوڤردان بەڵام هێرتسفێلد ئەو ((هەروەها))یەی بۆ ئەمە نەنووسیوە بەڵکو بۆ شتێکی تر نووسیویەتی.

وشەی ((هەروەها))ی دوکتۆر نموونەیەکی بچووکە لەسەر نەقڵکردن بێ ئاوڕدانەوە لەو شتەی نەقڵ دەکرێت.

ئەگەر خوێنەر ورد بێت دەزانێت دوکتۆر وتوویەتی بەڵگەنامەکەی شامشی ئاداد باسی هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەی ماردین‌و سنجار دەکات کەچی هێرتسفێلد دەڵێت ئەو بەڵگەنامەیە لە ماردین یان سنجار دۆزراوەتەوە (کە ئەم قسەیە راستە)[٤٢] . جگە لەوەی دوو قسەکە زۆر لە یەکەوە دوورن. دەقی میلەکە ئاشکرایە کە لەشکرکەشییە لە دەشتی هەولێرو کەرکووکدا بوو نەك ماردین‌و سنجار. خۆش ئەوەیە دوکتۆر یەکسەر دوای ئەو قسەیەی دەنووسێت: دەقەکان دوو بەشن، یەکەمیان باسی هێرشەکان لە ئارراپخا پاشان لە ئوربیللوم! هیچیش لەبارەی سنجاری دوورو ماردینی دوورترەوە ناڵێت.

دوکتۆر چەند رستەیەکی زۆر شێواو دەنووسێت ئەویش بەهۆی تێنەگەشتنی لەو شتەی هێرتسفێلد وتوویەتی، لەبەر ناڕەحەتیی وەرگێڕانی ئەو شتە بۆ کوردی قسەکەی هێرتسفێلد پیتاوپیت دەکەمە عەرەبی پاشان وەرگێڕان بەواتاو لەکۆتاییدا وەرگێڕانەکەی دوکتۆری خۆمان دەنووسمەوە:

---

[41]PE, p.210.

[٤٢]بڕوانە: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، ل٢٥٣ بۆ ئەو میلەو باسەکانی.

**The sequence, first the southern Kirkūk, 68 miles east, then the northern Arbela, 68 miles northeast of Assur, shows clearly Assur, not Nineveh as starting point.**[43]

پیتاوپیت وەریدەگێڕین:

والتسلسل، اولا كركوك الجنوبية ، ٦٨ ميلا الى الشرق، ثم اربيلا الشمالية، ٦٨ ميلا الى الشمال الشرقي من اشور يظهر بوضوح اشور لا نينوى كنقطة انطلاق.

بەواتایەکی تر:

وهذا التسلسل الذي يبدا اولا بكركوك في الجنوب، ٦٨ ميلا الى الشرق من اشور ثم اربيلا، ٦٨ ميلا الى الشمال الشرقي من اشور يظهر بوضوح ان اشور كانت نقطة الانطلاق لا نينوى.

ئەمەش وەرگێڕانەکەی دوکتۆرە:(١/٤٥١ پەراوێز)

وبالتتابع نحو جنوب كركوك و ٦٨ ميلا نحو الشرق، ثم الى الشمال نحو اربيل و ٦٨ ميلا نحو الشمال الشرقي من اشور.

دڵنیاشم کەس لەم قسەیە تێناگات، تەنانەت دوکتۆر خۆی.

دوکتۆر دوای ئەوە دەڵێت شامشی ئاداد پەرستگەیەکی لە ئارراپخادا دروست کرد بۆ ئادادو قوربانیی پێشکەش بەم خوداوەندەو بۆ (شمش) کرد، ئینجا دەڵێت: بۆ درێژەی ئەم بابەتە تەماشای هێرتسفێلد.. ل ٢١٤ بکە.(١/ ٤٥١ پەراوێز).

دەقەکەش باسی دروستکردنی پەرستگە ناکات، چۆنیش پادشا فریای ئەوە دەکەوێت لە کاتێکدا گرتنی ئارراپخاو پاشان هەڵگەڕان بۆ ناوچەی هەولێر (ئوربی ئێل Urbi-ēl لەدەقەکەدا)و گرتنی شاری (قابرا) لەو ناوچەیەدا لە ماوەیەکی کەمدا بوو؟ پادشاکە ئەمە دەڵێت:

((چوومە ناو قەڵاکەی (قەڵای کابرایەك ناوی نەبراوە لە ئارراپخا/ف.ق). پێکانی خوداوەند ئادادی ئاغمم ماچ کردو ئەو وڵاتەم ڕێکخستەوە. فەرمانڕەواکانی خۆمم لە هەموو شوێنێکدا دامەزراندو لەناو ئارراپخا خۆیدا قوربانیم بۆ خوداوەند ئادادو شاماش لە فیستیڤاڵی خومطوم پێشکەش کرد)).[٤٤]

ئینجا دوکتۆر چەند دێڕێك لەو رابەری ڕێگەیەی باسمان کرد بە ئینگلیزی نەقڵ دەکات (لە کتێبەکەی هێرتسفێلد)و دوایی نیو لاپەڕە نووسینی ئینگلیزی کە دیسان لە کتێبەکەی هێرتسفێلدەوە وەرگیراوە ، هەموو ئەمانەش بێ وەرگێڕان نەقڵ دەکات.

شتێکی سەیر ئەوەیە لەناو نووسینەکەی هێرتسفێلدو لەو شوێنەی باسی رابەری ڕێگەکە کراوە ئەم قسەیە دەخوێنینەوە:

**as Herzfeld says [dependence on the annals of Assyrian king Shamshi Adad, cf. The Persian Empire, P.222]**

زووتر وتمان کە دوکتۆر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا(١/١٣پەراوێز٤) نووسیویەتی کە ئەسڵی پێشەکییەکەو (باب)ی دووەمو سێیەمو چوارەمی بە ئینگلیزی نووسیبوو. ئەو قسەیەی سەرەوە هی خۆیەتی بەڵام ئەوەی نەدەبوا بکرایە ئەوەیە کە هەموو ئەو نیو لاپەڕە ئینگلیزییە لە هێرتسفێلدەوە بە دەق وەرگیراوە کەچی تەنها لە نزیك کۆتاییداو بۆ چەند زانیارییەکی کەم ناوی هێرتسفێلد دەبات، لەوەش گەڕێ کە ئەو دێڕە ئینگلیزیەی دوکتۆر نە لەڕووی زمانەوەو نە لەڕووی زانیارییەوە تەواو نییە چونکە ئەو بۆ تەعبیری ((بە پشتبەستن بە)) نووسیویەتی: **dependence on**

---

[43]**PE, p.210.**

[٤٤] بڕوانە مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، ل ٢٥٤. ئەمەیان وەرگێڕانێکی نوێترو بەشێکە لە دەقی میلەکە.

لەجیاتی depending on . دوای ئەوە هێرتسفێلد پشتی بەچییەوە بەستووە؟ دوکتۆر دەڵێت: پشتی بە ساڵنامەکەی شامشی ئاداد بەستووە!! بەڵام بینیمان کە ئەمە ساڵنامە نییە[٤٥] بەڵکو رابەری رێگەیە، هەروەها بینیمان کە مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی ئەو رابەرە هی کێیەو هێندەی بزانم گەڕاندنەوەی بۆ شامشی ئاداد تەنها بۆچوونی هێرتسفێلدە.

دکتۆر جارێکی تر باسی میلەکەی مۆزەخانەی لوڤر دەکات (کە بینیمان لەتە میلێکە)و ئەمجارە دەنووسێت: (القطع الاثریة) واتە چەند پارچەی شوێنەواری. بۆچی ئەمجارە ئەمەی نووسیوە؟ لەڕاستیدا گومان لە شوێنی دۆزینەوەی میلەکە هەیە کە ئایا لە سنجار بووە یان ماردین[٤٦] بەڵام دوکتۆر ئەمەی نەزانیوەو وایزانیوە لە هەردووکیاندا دۆزراوەتەوە بەڵام چۆن دەکرێت شتێك لە دوو شوێنی دوور لە یەك بدۆزرێتەوە؟ کەواتە دەبێت ((چەند شتێك بن))و هەر بەشێکیان لە شوێنێکدا دۆزرابنەوە. بەم جۆرەش دوکتۆر دەنووسێت: ئەو پارچە شوێنەوارییانە لە ماردین و سنجاردا دۆزرانەوە(١/٢٥٢).[٤٧]

هێشتا ماوە چونکە دکتۆر بۆ ئەم قسەیەی دوایی ناوی سەرچاوەیەکی ئەڵمانیی نووسیوە. دکتۆر دەنووسێت: موراجەعەی ئەمە بکە:

**Der Alte Orient (AO) 2776 (Leipzig).**

شتی خۆش لێرەدا ئەوەیە ئەو AO 2776 بریتییە لە ژمارەی میلەکە لە مۆزەخانەی لوڤردا نەك ناوی سەرچاوە[٤٨]. کەواتە دوکتۆر ئەو Der Alte Orient ـەی لەکوێوە هێناوە؟ دوکتۆر بۆ AO گەڕاوەو بینیویەتی A.O. هەیە کە کورتکراوەی سەرچاوەیەکە بەناوی Der Alte Orient ئەویش دایناوە! ئەی باسمان نەکرد AO 2776 خۆی چۆن هاتووە؛ دوکتۆر لەکوێ هێناویەتی؟ کێ لە هێرتسفێلد زیاتر! هێرتسفێلد لەو شوێنەی کە نووسیویەتی: لەتە میلی لوڤر لە ماردین یان سنجار.. پەراوێزێکی داناوەو نووسیویەتی: AO2776 ، دوکتۆری خۆشمان رێك وەکو هێرتسفێلد لەو شوێنەی هەمان باسی کردووە، واتە: ((ئەو پارچە شوێنەوارییانە لە ماردین و سنجاردا دۆزرانەوە)) پەراوێزەکەی خۆی داناوە بەڵام بینیمان لە جیاتی AO2776 دەنووسێت:

**Der Alte Orient (AO) 2776 (Leipzig).**

هێشتا کە ئەم هەڵەیە دەنووسێت پێمان دەڵێت کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە! ئەمەش نموونەیەکە لە زۆر لەسەر ئەوەی مرۆڤ کاتێك ناوی سەرچاوە ((دەبات)) هەڵەی وا دەکات کە شوێنەوارەکەی بە زەقی دیارە.

ئەگەر خوێنەر تاقەتی نەچووبێت کەمێکی تر لەگەڵ ئەو میلەی لوڤر بەردەوام دەبین. دوکتۆر پاش ئەوە دەڵێت ئەو ((پارچە شوێنەوارییانە)) لە ماردین ((و)) سنجاردا دۆزرانەوە دەنووسێت: بەزۆری بە هی شامشی ئادادی یەکەم (١٨١٢-١٧٨٠پ.ز) دەزانرێن..و ئاماژە دەکەن بۆ هێرشە دووبارەبووەکانی بۆ سەر ئەو ناوچانە (١/٤٥٢). وتمان دوکتۆر شتەکانی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە، ناوبراویش لێرەدا وا ناڵێت بەڵکو دەڵێت: پێویستە بە هی شامشی

---

[٤٥] ساڵنامە Annals تۆماری کارەکانی ساڵەکانی پادشاکانە.

[٤٦] (شیل) ئەم میلەی لە مووسڵ بینیبوو:

**A.Goetze, The Stela ((AQ)) 2776 of the Louvre, RA, 46, 1952, p.155.**

بڕوانە هەروەها کتێبەکەمان: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، ل٢٥٣.

[٤٧] دەبوا دوکتۆر هەر تەماشای کتێبەکەی هێرتسفێلدی بکردایە کە شتەکانی لەو وەرگرتووەو کە نووسیویەتی: پارچەیەك لە میلێك(ل١٥٢ و ٢١٠).

[٤٨] وەکو نموونە بڕوانە ناوونیشانی بابەتەکەی سەرەوەی (گوتزە)، بڕوانە هەروەها:

**RLA, 1, S.243.**

ئاداد بزانرێت[٤٩]، هەروەها باسی هێرشە دووبارەبووەکان ناکات بەڵکو دەڵێت: ئەو میلە باسی لەشکرکێشییەکەی لە ئارراپخاو ئوربیللوم دەکات[٥٠]، بینیشمان کە ئەمە راستە

تا ئێستا نزیکەی سێ لاپەڕەی باسەکەی ئارراپخا لای دوکتۆر خراونەتە ژێر باس، خۆ ئەگەر ئەو لاپەڕەیە حساب نەکەین کە بریتییە لە (کۆپی–پەیست)ی نووسینەکەی هێرتسفێلد بە ئینگلیزیی و وێنەکەی ((قەڵاکەی کەرکووک)) ئەو کاتە هەڵەکانی بابەتی ئارراپخا کە تا ئێستا باسمان کردوون تەنها لە دوو لاپەڕەی کتێبەکەدا هەن و هێشتا نزیکەی نیو لاپەڕەم پەڕاندووەو بەم جۆرە کۆی حسابمان دەکاتە لاپەڕەو نیو و پەنجەیەك کە ئەو هەڵانەیان تێدایە!

بەڵام جاریٚ سیٚ لاپەڕەو نیوی باسی ئارراپخا ماوە! ئەگەر وشە بە وشە شوێنەی قسەکانی دوکتۆر جەمال بکەوم خۆم پێش خوێنەر هێزم لیٚ دەبڕێت بۆیە لێرە بەدواوە ناچارم شت هەڵبژێرم و ئەوەی تا ئێستا نووسیومە نموونەیەکە بۆ ئەو راستییەی کە هەڵەکان یەك و دوان و دە نین بەڵکو هەر رستەیەك هەڵبدەیتەوە وەك هەڵەیەك و دوان و سیان دەدۆزیتەوەو بە هەر لاپەڕەیەکدا بڕۆیت شارە مێرووله دەبینی.

یەك لەو هەڵبژاردەیە Synchronistic History کە زاراوەی (مێژووی هاوچەرخ) بۆ هەڵدەبژێرم. ئەم مێژووە دەقێکی ئاشوریی ناودارە لای لێکۆڵەروان (جگە لە دوکتۆری خۆمان کە لەوان نییە) و بریتییە لە دوو ستوون؛ یەکێکیان ناوی ژمارەیەك پادشای ئاشوریی تێدایەو بەرامبەرەکەی ستوونێکە ناوی پادشا بابلییە هاوچەرخەکانیانی تێدایە.

هێرتسفێلد دەڵێت <u>*مێژووی هاوچەرخ*</u> باسی شەڕەکانی ئێنلیل نیراریی ئاشورو کوریگالزوی سێیەمی بابل دەکات[٥١]. کەچی دوکتۆری خۆمان دەنووسێت: ئەو <u>*سەرچاوە مێژووییانەی هاوچەرخن*</u> لەگەڵ ئەو ماوەیەی باسکرا باسی شەڕەکانی نێوان ئینلیل نیراریی ئاشوری و کوریگالزوی سێیەمی کاشی دەکەن(٤٥٣/١)!

شتێکی خۆشی تر ئەوەیە هێرتسفێلد کە ناوی ئەو مێژووە هاوچەرخە دەبات پەراوێزی ژمارە (٢) دادەنێت، دوکتۆری خۆشمان کە دەنووسێت: ((سەرچاوە مێژووییەکان)) پەراوێزێك دادەنێت. ژمارە (٢) پەراوێزەکەی هێرتسفێلد لە بنی لاپەڕەکەدا زۆر وردەو کەتۆتە بەرامبەر پەراوێزی (١)، ژێر پەراوێزی (١)یش پەراوێزی (٣) کە ئەویش وردە بۆیە ئەگەر وردنەبیتەوە پەراوێزی (٣)ت لیٚ تێکدەچێت و وا دەزانی ئەمە پەراوێزی (٢)ـە. دوکتۆری خۆمان وا لێهاتووەو لەجیاتی پەراوێزی (٢) چووە پەراوێزی (٣)ی نەقڵکردووە کە تێیدا هێرتسفێلد ئەمەی نووسیوە:

تەماشای نەخشەکەم بکە لە Paikuli .

واتە هێرتسفێلد پێمان دەڵێت بگەڕێینەوە بۆ نەخشەیەکی جوگرافی لە کتێبەکەی خۆیدا کەناوی (پەیکولی)یە[٥٢].

دوکتۆری خۆشمان کە هەردوو پەراوێزەکەی لیٚ تێکچووەو ئەو پەراوێزەی بەهەڵە نەقڵکردووە نووسیویەتی:

تەماشای نەخشەکەی هێرتسفێلد بکە لە:.. ..ئینجا ناوی کتێبەکەی (پەیکولی)ی هێرتسفێلد دەنووسێت.[٥٣]

بەم جۆرە دوکتۆری خۆمان:

---

[٤٩] ئەمە نموونەیەکی لەسەر ئەوەی جاروبار نەقڵکردنی هەڵە ((دەیگرێت))! هەرچەندە هێرتسفێلد نەیوتووە ((بەزۆری بە هی شامشی ئاداد زانراوە))و ئەمە هەڵەتێگەشتنی دوکتۆری خۆمانە لە رستە ئینگلیزییەکەی هێرتسفێلد بەڵام ئەمجارە ئەم نەقڵکردنە بە هەڵە ((گرتی)) چونکە زوربەی شوێنەوارناسان ئەو میلە بە هی شامشی ئادادی دەزانن.

[50]PE, p.152.

هێرتسفێلد ناوی کۆنتری ئوربیللومی بەکارهێناوە بەڵام وەك وتمان ناوەکە لەمیلەکەدا بەشێوەی(ئوربی ئێل) هاتووە.

[51]PE, p.152.

[٥٢] ئەو کتێبە لەبارەی نووسینەکانی (پەیکولی)یە کە لە دەربەندی پەیکولیدایە (لە زنجیرەی قەرەداغ نزیك دەربەندیخان). ئێستا پاشماوەکانی شوێنەوارەکە لە حەوشی بینای وەزارەتی رۆشنبیری لە سلێمانی فڕێدراون.

[٥٣] هێرتسفێلد بە کورتی و بەیەك وشە نووسیویەتی و دوکتۆر بە کاملی دەینووسێت.

١–زانیارییەکانی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە (کتێبی: ئیمپراتۆریەتی فارسی) بێ ئەوەی ناوی بەرێت.

٢–بەهەڵە ئەو زانیارییانەی نەقڵکردووە، دەقی((مێژووی هاوچەرخ))ی بە ((سەرچاوە مێژوویيە هاوچەرخەکان)) زانیوە.

٣– پەراوێزێکی هێرتسفێلدی نەقڵکردووە بێ ئەوەی ناوی ببات.

٤– پەراوێزەکەشی بە هەڵە وەرگرتووە

٥– ئەوەش دەمێنێتەوە: دوکتۆر لە خۆی نەپرسیوە: هێرتسفێلد کە ناوی مێژووی هاوچەرخ (یان وەك ئەو تێگەشتووە: سەرچاوە مێژووییەکان) دەبات کە باسی شەڕەکانی ئینلیل نیراری‌و کوریگالزو دەکات بۆچی داوامان لێ دەکات تەماشای نەخشەی جوگرافی بکەین؟ دوکتۆر لەخۆی نەپرسیوە: ئەمە نەخشەی جوگرافییە ئیتر کوا سەرچاوەی مێژوویی؟ نەخشەکەش هی سەردەمی ساسانییە واتە ١٦ سەدە دوای ئەو شەڕانەی دوو پادشای کاششی‌و ئاشوری.

هەموو بابەتەکەی دوکتۆر لەبارەی ئارراپخا کە لاپەڕەکانی (٤٥٠–٤٥٦)ی داگیرکردووە لە هێرتسفێلدەوە وەرگیراوەو دوو یان سێ شت نەبێت کە یەکێکیان قسەیەکی خۆیەتی‌و قسەیەکی گشتییە: پادشایانی ئاشور وازیان لە ئارراپخا نەدەهێناو کاتێك پێیدا تێدەپەڕین باری سەرشانی خەڵکەکەیان بە سەرانە قورس دەکرد(٤٥٣/١)، هەرچەندە ئەمە بۆی هەیە راست بێت بەڵام دوکتۆری خۆمان بە پێی تەسەوری خۆی وتوویەتی نەك لە سەرچاوەیەکەوە وەریگرتبێت.

دوکتۆر لەلاپەڕە (٤٥٤–٤٥٥) پەراوێزێکی دوورودرێژی نووسیوە کە هەمووی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە (چەند دێڕێکی سەرەتا نەبێت کە لای هێرتسفێلد نەمبینی)و تەنها لەو سەرەتایەدا ناوی هێرتسفێلد دەبات. دوکتۆر نەك تەنها هەموو زانیارییەکانی لەوەوە وەرگرتووە بەڵکو هەموو سەرچاوەکانیشی ((بردووە)) گوایە بەکاری هێناون واتە زانیارییەکان بەپەراوێزەکانیانەوە هی هێرتسفێلدن. وەنەبێ زانیارییەکانیش بە دروستی وەرگیرابن. ئەم سێکوچکەیە لێرەو لە هەموو شوێنێکی کتێبەکەی دوکتۆر جەمالدا دەبینین: وەرگرتنی زانیارییەکان بێ ناوبردنی سەرچاوەکە (لێرەدا کتێبەکەی هێرتسفێلد)– ((بردن))ی ناوی سەرچاوەکان – وەرگێران‌و تێگەشتنی هەڵە. لە هەڵەکانی ئەو پەراوێزەش تەنها ئەم شتانە هەڵدەبژێرم: زەواجی فراتریارکی (زەواجی براو خوشك) بە زەواجی خزمان دەزانێت، بنەماڵەی (بێت یەزدین)و فەرمانڕەوایانی (ساکا)ی پێش ئەوانی تێکەڵ بە یەك کردووە، بۆچوونێك هەبووە سەبارەت بەوەی وشەی (دیمتو) بەرامبەر (ئوگارو)وە بەڵام دوکتۆر ئەم شتە وەکو زانیاری نەك بۆچوون دەخاتە ڕوو، هەمان شتیش بۆ پەیوەندیی (کێرخو)و (کەرخا)..تاد

هێرتسفێلد ئەمەی نووسیوە:

بەڵام کاتی ئاریك–دێن–ئیلو و ئاداد نیراریی یەکەم (کە ئەمیان ئاشتییەکی بەست لەگەڵ نازی ماروتتاش)و شالمانەصەری یەکەم‌و توکولتی نینورتای یەکەم دەسەڵاتی ئاشوری زۆر بەرەو ڕۆژهەڵات کشاو لە توکولتی نینورتای یەکەمەوە، دەوروبەری ١٢٥٠، تا کۆتایی بنەماڵەی کاشی، دەوروبەری ١١٧٠، هەموو ئارراپخا سەر بە وڵاتی ئاشور بوو.[54] دوکتۆری خۆشمان ئەم قسانەی وەرگرتووە (بێ ئەوەی ناوی هێرتسفێلد ببات)و ئاوایان لێ دەکات:

لەو ماوەیەش کە (عدد نیراری یەکەم) ڕێککەوتنێکی بەست لەگەڵ (نازی ماروتاش)ی کاشی ، (ئاریك دین ئیلو)ی سەرکردە دەستی کرد بە فراوانکردنی سنوورەکانی دەسەڵاتی پادشانشینی ئاشوری لە ئارراپخاداو ئەمانە بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی فراوانکاری تەنانەت لە ماوەی حوکمی شالمانەصەری یەکەم‌و توکولتی نینورتای یەکەم کە ئەم دوانە ئاررابخایان کردە بەشێك لە پادشانشینی ئاشور (ساڵی ١٢٥٠ پ.ن)(٤٥٥/١).

---

[54]PE, p.152.

هەڵبەت ئەگەر مرۆڤ شارەزای ئەو مێژووە بێت پێویستی نییە بزانێت هێرتسفێلد چیی وتووە چونکە دەزانێت ئاریك دێن ئیلو باوکی ئاداد نیراریی یەکەم بوو (نەك سەرکردەیەکە)دەشپرسێت چۆن کوڕەکە پادشا دەبێتو باوکەکە کە پێش ئەو پادشا بوو دەبێتە سەرکردەیەکی سوپاکەو دەست دەکاتە فراوانکاری؟! ئاریك دێن ئیلو (١٣١٩-١٣٠٨) حوکمی کردووەو ئاداد نیراریی یەکەم (١٣٠٧-١٢٧٥) واتە یەك لەدوای یەك حوکمیان کردووە.

هەروەها کەسی شارەزا لەو مێژووە دەزانێت شالمانەصەری یەکەم (١٢٧٤-١٢٤٥) باوکی توکولتی نینورتای یەکەمە (١٢٤٤-١٢٠٨) ئیتر چۆن ئەم دوانە ساڵی ١٢٥٠ ئارراپخا دەخەنە سەر ئاشور؟

هێرتسفێلد دەڵێت:

پاش ئەوەی ئێلامییەکان حوکمی کاشییەکانیان لەناوبرد شیلخاك ئینشوشیناك پەلاماری ئارراپخای دا. لەو دەقەش کە زۆر شکاوە لەنێوان ١٥٠ ناودا تەنها ناوەکانی سەر بە ناوچەی ئارراپخا وەك (نوزو)و (تیتوررو) بەساغی ماونەتەوە[55]. دوکتۆریش ئاوای لێ دەکات:

پاش ئەوەی عیلامییەکان کاشییەکانیان لەناوبرد شیلهاك اینشوشیناك پەلاماری ئارراپخای دا. لە هەندێك لەوحیش کە لە نوزیدا دۆزراونەتەوە دەبینین لەنێوان ١٥٠ ناودا ناوی شارەکانی ئارراپخاو نوزیو تیتوررو دەهێنێت (٤٥٣/١).

تەنها ئەوەش دەڵێین کە لەوحەکەی (نەك لەوحەکانی) شیلخاك ئینشوشیناك لە نوزیدا نەدۆزراوەتەوە، باقی هەڵەکانی تریش بۆ خوێنەر جێدەهێڵمو بەدڵخۆشییەوە کۆتایی بەو باسەی ئارراپخا دەهێنم.

## گوتیوم

ئەم بەشەش وەکو ئەوانەی تر لە هێرتسفێلدەوە وەرگیراوەو بەهەمان رەفتارە ناسراوەکان: ناونەبردنی هێرتسفێلد مەگەر لە هەندێك پەرەگرافدا، ((بردن))ی سەرچاوەکانی هێرتسفێلد، تێنەگەشتن لە قسەکانی هێرتسفێلدو وەرگێڕانی هەڵە. دوکتور ئەم بەشەی بەکاملی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووەو هەرچی سەرچاوە هەیە (١٠ سەرچاوە لە پەراوێزەکانو لە ناواخن) لە هێرتسفێلدەوە ((براون))و تەنها سیانیان هی ئەو نین: یەکەمیان کتێبێکی دوکتۆر جەمال خۆی، دووەمیش کتێبێکی (سپایزەر) کە زانیاریی لێ وەرنەگرتووەو تەنها نووسیویەتی: بۆ وردەکاریی زیاتر تەماشای بەشی گوتییەکان لەو کتێبە بکە، سێیەمیش کتێبەکەی (ڤیلهێلم) لەبارەی خوررییەکان کە دوکتۆری خۆمان زانیارییەکی بە هەڵە لێ وەرگرتووە (بڕوانە خوارەوە).

ئەمەی خوارەوەش نموونەن لە ئیشەکانی نووسەر:

هەر لە سەرەتاوەو بێ ئەوەی لە هێرتسفێلد تێبگات شتی لێوەردەگرێت. باسی دقێکی (لوگال ئاننێ موندو)، پادشای ئادابا (راستەکەی: ئاداب) دەکات کە ناوی گوتیومی تێدا هاتووە (٤٥٩/١). دوکتۆر کە ئەمە لە هێرتسفێلدەوە وەردەگرێت ناوی نابات بەڵکو سووکوباریك پەراوێزەکەی هێرتسفێلد ((دەبات)) کە سێ سەرچاوەیە (لاپەڕە ٥٥ی هێرتسفێلد، پەراوێز ١)، لەلاپەڕەی دوای ئەوەش دوکتۆر باسی هەمان دەق دەکات دیسان بێ ئەوەی ناوی ئەو پیاوە ببات.

ئەمە ((بردن))ی زانیاریو پەراوێز، بەڵام هەڵەتێگەشتن دەمێنێتەوە: دوکتۆر بێ دوودڵی دەقەکە دەکاتە دەقی پادشای ناوبراو لەکاتێکدا هێرتسفێلد دەڵێت دەقەکە ئەسڵی نییە بەڵکو بەرهەمی ئەدەبێکی ئەفسانەییە. دوکتۆر لەلاپەڕەی دوای ئەوەو بۆ پادشاکە دەڵێت: لە نەوەی نۆیەم پاش لافاوەکە (٤٦٠/١) لەکاتێکدا هێرتسفێلد

[55] PE, p.152.

نووسییەتی بنەماڵەکەی ئاداب نۆیەمە پاش لافاو[56] . لەڕاستیدا بۆ کەسێك ئاگای لە ((لیستی سومەریی پادشایان))و بنەماڵە کۆنەکانی بێت رستەی ((نەوەی نۆیەم)) قسەیەکی بێواتایە.

دوکتۆر لەلاپەڕەیەکی تردا دەنووسێت: ئەگەر ئەفسانەکەی لوگال ئاننیٚ موندو هێندە کۆن بێت بەو رادەیەی باسمان کرد، ئەو کاتە مێژووی (گوتی) بەپاڵ (سوتی) دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین سەردەمی مێژوویی(٤٦١/١). ئەمەش هەر قسەی هێرتسفێلدە بەڵام پاش سەقەتکردن. ناوبراو[57]ئەوە دەڵێت کە ئەگەر ئەفسانەکە لوگال ئاننیٚ موندو کۆن بێت، دەکرێت زانیارییەکانمان لەبارەی گوتییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ هەرە سەرەتای مێژوو بەڵام ناوبردنی گوتی وەکو ناوبردنی (سوتی)یە ئەویش کە ئەمانە ناوی راستەقینەن لە سەرەتای هەزاری دووەمی پێش زاین بەڵام براونەتە ناو باسەکانی سەردەمە کۆنەکان کە هەزار ساڵ کۆنترن.

لەبەر ئەوەی بڕیارم دا دێڕ بە دێڕ لەگەڵ دوکتۆردا نەڕۆم باقیی بابەتەکەی گوتیوم تەواو ناکەمو تەنها ئەمانە هەڵدەبژێرم:

دوکتۆر هەر لە هێرتسفێلد هەڵدەهێنجێتو چەند ناوێکی کۆنی کەسیی لیٚ وەردەگرێت (بەخۆیانو سەرچاوەکانیان) بەڵام تەواوی باسەکە دەشێوێنێتو ئەو ناوانە بە (زاراوە) ناودەبات. لەمانەش تەنها ئەم دوو شتە هەڵدەبژێرم(٤٦٣/١):

دوکتۆر دەنووسێت Sir.uk.duh .El کە ئەمە زاراوە نییە بەڵکو ناوی پادشایەکی ئێلامییە: سیروکدوخ Sirukduh یاخود شیروکدوخ و .El کورتکراوەی ئینگلیزی (هەروەها فەرەنسی.. تاد)ی وشەی ئێلامی Elamite و بەم جۆرە El. Sir.uk.duh کە دوکتۆر بە زاراوەی زانیوە بریتییە لە: سیروکدوخی ئێلامی!!

((زاراوەیەکی)) تر Napir.a.su or – a.ruk . دوکتۆر نەیزانیوە (or) بریتییە لە وشەی (یاخود)ی ئینگلیزیو ئەوەی سەرەوە ئەمەیە: (ناپیرئاسو) یاخود (ناپیرئاروك) ، واتە دوو خوێندنەوەی جیای یەك شتە کە ئەو شتەش ناوی کەسە نەك زاراوە!

لەکۆتایی باسەکەو لە پەراوێزدا نووسەر دەڵێت کۆنترین پادشای گوتیوم (کیکلیب اتال)ـە کە ناوی لە هەزاری سێیەمی پێش زاییندا نووسرابوو، ئینجا پێمان دەڵێت کە لەبارەی ئەم راستییە بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی (ڤیلهێلم) لەبارەی خوررییەکان کە بە ئەڵمانییە(٤٦٥/١). لەڕاستیشدا ڤیلهێلم وا ناڵێت بەڵکو نووسیویەتی کە پادشایەکی خوریی هەبوو لە کۆتایی سەردەمی ئەکەدی یان کاتی سەردەمی گوتی حوکمی دەکرد ئەویش کیکلیپ ئاتال.[58]

کۆتایین شتیش زاراوەیەکە دوکتۆر لە پەرەگرافێکدا نووسیویەتی ئەویش (الطریق العالي) (٤٦١/١) واتە (رێگەی بەرز) کە ئاشکرایە وەرگێڕانی پیتاوپیتی (highroad)ـە !! هەر فەرهەنگێکی ئینگلیزیش بکەیتەوە دەبینی وشەکە ((رێگەی بەرز)) نییە بەڵکو رێگەی سەرەکی (یان شاڕیٚ)یە!!(هەمان شت لەلاپەڕە ٤٦٦ دا دووبارە دەکاتەوە). پێویست دەکات بڵێم ئەو وشەیەی لە هێرتسفێلدەوە لەگەڵ زانیارییەکانی تری پەرەگرافەکە وەرگرتووە؟[59] خوێنەر ئێستا شارەزاتر بووە.

## خالمان

باسی خالمان شەش لاپەڕەی داگیرکردووە(٤٦٦/١-٤٧١)و هەموو زانیارییەکانی لە هێرتسفێلدو لیڤاینەوە وەرگرتووە. دوکتۆر لە چوار دێڕی یەکەم ناوی هێرتسفێلد دەباتو ودواییش جارێکی تر لە کۆتایی شەش لاپەڕەکە

---

[56]PE, p.55.
[57]PE, p.193.

[58]جرنوت فیلهلم، الحوريون، ص ٣٥.

[59]PE, p.191.

**لەکاتێکدا نزیکەی یەك لاپەڕەو نیوی باسەکە هی هێرتسفێلدە. دوکتۆر تەنها بۆ ئەو دوو زانیارییە ناوی هێرتسفێلد دەبات و دوایی پاڵێکی پێوە دەنێت و زانیارییەکانی بەکاردەهێنێت بێ ناوبردنی. بەڵام ئێمە زانیمان کە کێشەکە تەنها ((بردنی)) زانیارییەکان نییە بەڵکو هەروەها بە هەڵە وەرگرتنیان کە لێرەدا تەنها ئەمانە بەخێرایی دەخەمەروو:**

**دوکتۆر نووسیویەتی: ((دەقە حوریەکان)) لەکاتێکدا هێرتسفێلد باسی یەك دەقی خورریی کردووە.**

**نووسیویەتی: ((مەورزوعی سوبارتوی ئونگناد)) بەڵام ئەوە کتێبە نەك بابەت.**

**نووسیویەتی: "دەقەکانی ئور" خۆشی یەك دەقە[٦٠].**

**هێرتسفێلد نووسیویەتی: ((بەهەڵە "ناوی کۆنی واسیت"ـە)) واتە شاری عێراقیی (واسط)، کەچی دوکتۆر دەنووسێت: ئەمە لەواقعدا ناوی کۆنی واسیتە[٦١]. واتە (بەهەڵە) wrongly بۆتە (لەواقعدا).**

**هێرتسفێلد ناوی شاری (حولوان) دەبات کە ناونانێکی عەرەبییەو هاوشێوەکراوە لەگەڵ وشەی عەرەبیی (حلو) واتە شیرین، دوکتۆریش کە وەکو ئەوانەی پێشوو هەموو زانیارییەکەی وەرگرتووە دەنووسێت: ((بە عەرەبیش حلوان کە ئەمە لە وشەی "حلو"ی عەرەبی دانەڕێژراوە))[٦٢].**

**واز بهێنین لە کتێبەکەی هێرتسفێلدو بێینە سەر بابەتەکەی (لیڤاین) کە بەزمێکە بۆ خۆی. دوکتۆر زیاتر لە چوار لاپەڕە شت لەو بابەتەی لیڤاین وەردەگرێت ئەویش لەو سەرەباسەی لیڤاین ناوی بردووە (خالمان).[٦٣] دوکتۆر پاڵێکی زۆر گەورەتری بە لیڤاینەوە ناوە چونکە بە هیچ جۆرێك ناوی نابات کەچی هەرچی ئەو زانیارییانە لەوەوە وەرگرتووەو تەنانەت هەموو سەرچاوەکانیشی ((بردووە)) بەجۆرێك خوێنەر وا دەزانێت دوکتۆر ئەمانەی بەکارهێناوە. ئەمەش پەراوێزەکانی دوکتۆرو بەرامبەریان پەراوێزەکانی لیڤاین: پەراوێزی ژمارە (٤٣)ی دوکتۆر بریتییە لە پەراوێزی ژمارە (١٢٣)ی لیڤاین و دوکتۆر ((بردوویەتی))، پەراوێزی (٤٤)ی دوکتۆر پەراوێزی (١٢٤)ی لیڤاینەو ئاوا بەم جۆرە: ٤٥د/١٢٥ل(د=دوکتۆر جەمال، ل=لیڤاین)، ٤٦د/١٢٦ل، ٤٨د/١٢٧ل، ٤٩د/١٢٨ل، ٥٠د/١٢٩ل، ٥١د/١٣٠ل، ٥٢د/١٣١ل، ٥٣د/١٣٢ل، ١٣٣/٥٤، ١٣٥/٥٥، ١٣٦/٥٦، ١٣٨/٥٧، ١٤٠/٥٨، ١٤١/٥٩، ١٤٢/٦٠، ١٤٧/٦١[٦٤]، ١٥٠/٦٢.**

**دوکتۆر ناوە کورتکراوەکانی سەرچاوەکان بە دووروودرێژی دەنووسێتەوە وەکو بۆ نموونە کتێبەکەی (بیللەربێك) کە لیڤاین لە پەراوێزی١٢٥ بە کورتی دەینووسێت: Suleimania و دوکتۆر ناوی تەواوی کتێبەکە دەنووسێت و تەنانەت شوێن وساڵیش تۆمار دەکات بەمەرجێك چەند جارێك پێشتر ئەمەی کردبوو[٦٥]:**

**A.Billerbeck, Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898.**

**بەڕاستی کارێکی زۆر ناشیاوە مرۆڤ هەموو زانیارییەکانی لە کەسێکەوە وەربگرێت بێ ئەوەی ناوی بهێنێت و سەرباری ئەوە تەنانەت ناوی سەرچاوەکانیشی ببات تەنها بۆ ئەوەی بوترێت ئەو سەرچاوانەی بەکارهێناوە (کە هەموو سەرچاوەی ئینگلیزی و ئەڵمانین)، دوکتۆریش سڵ لەوە ناکاتەوە کە لە باسەکانیدا ناوی خاوەنی ئەو**

---

[٦٠] هەموو ئەمانە لە لاپەڕە ٤٦٦ پەراوێز ٤٠ کە لە لاپەڕە ٧٦ ی کتێبەکەی هێرتسفێلد وەریگرتووە (بێ ئەوەی ناوی ببات).

[٦١] ئەمە لە لاپەڕە ٤٦٦، پەروایزی ٤١ کە لە لاپەڕە ١٠ پەراوێزی ٢ ی کتێبەی هێرتسفێلدە وەریگرتووە (دیسان بێ ئەوەی ناوی ببات).

[٦٢] ئەمە لە لاپەڕە ٤٦٦، پەروایزی ٤٢ کە لە لاپەڕە ١١ی کتێبەی هێرتسفێلدە وەریگرتووە (دیسان بێ ئەوەی ناوی ببات).

[63] **Levine, Geog. Studies, pp.24-27.**

[٦٤] لیڤاین نووسیویەتی: **MAOG IX:3,p.14, l.27ff** کە نەمتوانی بزانم هی کییە لەکاتێکدا دوکتۆر لەپەراوێزدا نووسیویەتی: **J.J.Finkelstein** نفس المصدر.. ناشزانین کام سەرچاوەیە چونکە پێشتر نەوتراوە کامەیە سەرچاوەکەی فنکلشتاین.

[٦٥] وتمان دوکتۆر شێوازێکی نازانستیی نووسینەوەی سەرچاوەکان بەکاردەهێنێت کە زۆربەی کات تەواوی ناوی سەرچاوەکە دەنووسێتەوە، بەڵام جاری واشە بەکورتکراوی (کۆپی-پەیست)ی دەکات.

سەرچاوانە دەبات و دەڵێت: (برنکمان) نووسیویەتی و (لێوی) وتوویەتی و (ئۆڵمستد) وای بۆچووەو (بیللەریێك) رەزامەند بووە!

ئینجا هەر وەکو جاران با چەند نموونەیەکی کەم بخەمە ڕوو سەبارەت بە تێنەگەشتنی نووسەر لەو نووسینەی کە لە لیڤاین ((بردوویەتی)):

لیڤاین باسی بۆچوونی (ئۆڵمستد) سەبارەت بە ڕێڕەوی لەشکرکێشییەکەی ساڵی ٨٢٨ی شالمانەصەری سێیەم دەکات و کە چۆن ناوی (خالمان) لەکۆتایی لەشکرکێشییەکە هاتووە بەڵام ئۆڵمستد خوێندنەوەی ئەو (خالمان)ـەی گۆڕیبوو بۆ (خاشمار) تا لەگەڵ بۆچوونەکەیدا بگونجێت[66]، دوکتۆری خۆمان لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی وای نییە لەو مێژووە لەو قسەیە تێنگەشتووەو نووسیویەتی: ئۆڵمستد تەنانەت شێوازی خوێندنەوەی ناوەکەی گۆڕی (بەڵام کام ناو؟ نازانین/ف.ق) بۆ هەلمان کە شالمانەصەری سێیەم لە تۆماری هێرشەکانی لەسەر هاشمار ساڵی ٨٥٩پ.ز ناوی بردبوو (٤٦٧/١). ئینجا هەقە بپرسین: چی راست دەرچوو لەم وەرگێڕانە؟ ناوێك نازانین چییە کەچی ئۆڵمستد گۆڕیویەتی؟ یان ناوەکە کە بۆ خالمان گۆڕاوە کە ئەمە هەڵەیەو راستەکەی ئەوەیە بۆ خاشمار گۆڕاوە؟ یان لەشکرکێشییەکە کە بۆ خاشمار بەتایبەت کراوە کە وا نییە؟ یان ساڵی لەشکرکێشییەکە؟!

وەکو بینیشمان دوکتۆر وەك لە لیڤاین وەردەگرێت ناویشی نابات و لەجیاتی ئەوە دەقاودەق ئەو سەرچاوەیەی لیڤاین نووسیویەتی ((دەبات))و وەکو سەرچاوە دەینووسێت گوایە خۆی بەکاریهێناوە.

بینیشمان لەمەی سەرەوە دوکتۆر خالمان بە هەلمان (هەروەها هالمان) دەنووسێت و لێرەدا پرسیارێك دێت ئەویش: بۆچی دوکتۆر بۆ ئەو ناوانەی پیتی **h** یان تێدایە جاری وایە (ھ) دەنووسێت و بۆ ناوی تر (خ)؟ هۆکە زۆر ئاسانە بزانرێت: لەهەر کوێیەك ناوەکە بە پیتی (ئەیچ)ی سادە نووسرابێت دوکتۆر بە (ھ)ی زانیوە، لەو شوێنانەش کە (خ)ی نووسیوە ئەوە پیتی ئەیچ لە سەرچاوەکەدا (حەوت)ی لەژێرە بۆیە تێگەشتووە کە ئەمە بریتییە لە دەنگی (خ). لیڤاینیش لە بابەتەکەیدا شێوازی یەکەمی بەکارهێناوە بۆیە دوکتۆر نووسیویەتی: هالمان، هاشمار..و تەنانەت ئەمە کاریکردۆتە سەر تێگەشتنی لە نووسینەکەی هێرتسفێلد کە ئەمەیان بەشێوازی دووەم ناوەکەی نووسیوە واتە پیتی ئەیچ و حەوتی لەژێرەو دیارە ئەمە دوکتۆری تووشی دوودڵی کردووەو لەکۆتاییدا بڕیاری داوە (ھ) بنووسێت. پێشتریش ئەوەم وتبوو کە دوکتۆر ئەو راستییە سادەیەی نەزانیوە کە دەنگی (ھ) لە نووسینی مێخیدا تەعبیری لێ نەدەکرا بۆیە هەرچی پیتی ئەیچ هەیە لە هێماگۆڕینی لاتینیی ئەو ناو و وشانەی لە دەقی مێخیدا هاتوون بە(خ) دەخوێنرێتەوە و لەبەر ئەوەیە زۆر لە پسپۆڕان خۆیان بەوە سەغڵەت ناکەن شتێك بخەنە ژێر پیتی ئەیچ.

نموونەیەکی ترمان ئەوەیە کە باسی رێبەری رێگەی سارگۆن دێتەوەو (لیڤاین) دەنووسێت: ئارمان **Arman** دەردەکەوێت لە جوگرافیانامەکەی سارگۆنی گەورە (یان سارگۆنی یەکەمی ئاشور)[67]. مەبەستی لیڤاین لە سارگۆن گەورە سارگۆنی ئەکەدییە. لیڤاین لەو شوێنەدا پەراوێزێك دادەنێت کە ئەو پەراوێزە بریتییە لەو سەرچاوەیەی ئەو دەقەی تێدا هاتووەو ئەو دێڕەی ناوی ئارمانی تێدا هاتووە، بۆ بۆچوونەکەی دواتریش، واتە کە دەڵێت: رەنگە هی سارگۆنی یەکەمی ئاشور بێت پەراوێزێکی تر دادەنێت و دەنووسێت: بۆ موناقەشەی ئەوەی کە ئەم دەقە هی کام سارگۆنە بڕوانە ڤایدنەر..و ناوی سەرچاوەکەی ڤایدنەر دەنووسێت.

دوکتۆری خۆمان چی دەنووسێت و چۆن ئەو زانیارییە لیڤاینی ((بردووە))؟

دوکتۆر دەنووسێت: ئارمان دەردەکەوێت لە دەقە جوگرافییەکانی سارگۆنی گەورە یان ئەوەی سارگۆنی یەکەمی ئاشوری (٤٦٩/١). هەڵەی وشەی ((دەقەکان)) – بە کۆ- بۆ وەسفی ئەو دەقەو پەڕاندنی وشەی ((لەوانەیە)) وردە

---

[66]Levine, Geog. Studies, p.24.
[67]Levine, Geog. Studies.., p.25.

هەڵەن بە ناوی دەستنویژ دەڕۆن بەڵام دەبینین دوکتۆر هەردوو پەراوێزەکەی لیڤاین ((دەبات)) بیٚ ئەوەی لێیان تێبگات چونکە لەو شوێنەی باسی سارگۆنی یەکەمی ئاشور کراوە پەراوێزی دووەمی لیڤاین هەیە کە وتمان بریتییە لە سەرچاوەکەی ڤایدنەر، دوکتۆر ئەم پەراوێزە ((دەبات)) بەڵام قسەکە دەقرتێنێت کە دەڵێت:(( بۆ موناقەشەی ئەوەی کە ئەم دەقە هی کام سارگۆنە))و تەنها سەرچاوەکەی ڤایدنەر دەنووسێت. بەم جۆرەش خوێنەر وا دەزانێت ڤایدنەر وای بۆچووە دەقەکە هی سارگۆنەکەی ئاشورە، کە ئەمە راست نییە چونکە ڤایدنەر وای بۆچووە هی سارگۆنی ئەکەدییە. بەڵام دوکتۆری خۆمان چۆن ئەمە بزانێت لەکاتێکدا ئەو بابەتەی ڤایدنەری نەدیوە؟ دوکتۆر کە فێرە بە کاملی ناوی نووسەری بابەتەکەو گۆڤارەکەو ساڵو شوێنی دەرچوون نەقڵ بکات، ئەمەش نەك جارێكو دوو جار، ئەمجارەیان نەیتوانیوە ناوونیشانی بابەتەکەی ڤایدنەر بنووسێت چونکە لیڤاین ئەو ناوونیشانەی نەنووسیوە.

شتێکتان بیر ماوە؟ لە باسی ئارراپخادا دوکتۆر سەرەتا دقەکە بە هی سارگۆنی ئەکەدیی ناو دەبات کەچی لاپەڕەیەك دوای ئەوە شامشی ئادادی یەکەمی ئاشوری دەکاتە خاوەنیو دواتر لە باسی گوتیومدا دەڵێت: سارگۆنی ئەکەدی یان شامشی ئادادی یەکەمی ئاشورو ئێستا دەنووسێت هی سارگۆنی ئەکەدی یان سارگۆنی یەکەمی ئاشور! ئەم رەفتارەی دوکتۆریش نیشانەیە نەك تەنها لەسەر ئەوەی شتی لەملاو لەولا کۆکردۆتەوە بیٚ ئەوەی لێیان تێبگاتو ناوی سەرچاوەی ((بردووە))، بەڵکو هەروەها نەیزانیوە خۆی چیی نووسیوە دەنا کەمێك لە ئاست ئەو شتە ناڕێکانە دەوەستاو بەدوای حەقیقەتی ئەو دەقە دەگەڕا.

دوکتۆر لەلاپەڕەیەکی تردا باسی دەقەکانی نوزی دەکات کە ((هەواڵیان تێدایە سەبارەت بە هەلمانو نامری، ش ئاماژە بۆ شارێك لە نامری دەکات بە ناوی هەلمانیوی))(٤٧١/١). ئێستا خوێنەری وریا دەزانێت کە H.Lewy ناوبردنی ئەو نووسەرە، واتە (لێوی) چۆن هاتووە! بەڵی دوکتۆر ئەو زانیارییە هەر لە (لیڤاین)ـەوە وەرگرتووە بیٚ ئەوەی ناوی ببات (بینیشمان بۆ یەك شت لەو هەموو زانیارییانە ناوی نەبردووە) بەڵام لیڤاین تەنیشتی ئەم زانیارییە پەراوێزێکی داناوە کە ئەمەیە: ((تەماشای سەرەوە بکە، پەراوێزی ١٣٣))[68] ، ئەو پەراوێزەش بریتییە لە بابەتێك لە نووسینی خۆی کەچی دوکتۆر پەراوێزێك دادەنێت کە بریتییە لە بابەتی کەسێکی تر ئەویش (کۆنیگ):

**F.W.König, Ibid, P.128, 37, l.85.**

ئینجا هەر لە تەنیشتیدا دەنووسێت: نفس المصدر ص ١٢٨.

ئەمە لەکوێوە هاتووە؟ وتمان لیڤاین کە وتوویەتی تەماشای سەرەوە بکە نووسیویەتی پەراوێزی ١٣٣، بەڵام دوکتۆری خۆمان ئەمەی نەدیوەو وایزانیوە مەبەست لە ((سەرەوە)) پەراوێزەکەی سەرەوەیە کە چەند قسەیەکی تێدایە لەگەڵ دوو سەرچاوە کە دووەمینیان بابەتەکەی (کۆنیگ)ـەو دوکتۆر وا دەزانێت لیڤاین مەبەستی لەمەیە بۆیە ئەمەیان ((دەبات))!

ئەی زانیارییەکە خۆی؟ لیڤاین وای نەنووسیوە بەڵکو وتوویەتی کە (لێوی) لە بابەتێکی نوێیدا پێشنیاری کردووە کە ئەو شارۆچکەیەی بە خالمانیویٚ Halmaniwe ناسرابوو هەمان شاری (ئارمان)ی (ئوگارساللو) بێت.. ئیتر چ شتێك لەوەی دوکتۆری خۆمان نووسیویەتی لەمە دەچێت؟

هێندەش وەك نموونە بەسە بۆ بابەتی خالمان.

---

[68]Levine, Geog. Studies.., p.27, n.150.

## کیرروری[٦٩]

پاش خالمان دوکتۆر باس خامازی دەکاتو پاشان خارخار بەڵام بە باشی دەزانم پێشتر باسی کیرروری(٤٧٥/١-٤٧٧) بکەم ئەویش چونکە وەکو خالمان هەموو زانیارییەکان کە زیاتر لە دوولاپەڕەو نیو بە پەراوێزی دووردرێژەوە کە یەك لاپەڕە داگیر دەکات (پەراوێز ٧٧)[٧٠] لە لیڤاینەوە وەرگیراون. دوکتۆر چوار دێڕی یەکەم دەنووسێتو لە پەراوێزدا ناوی سەرچاوەکەی لیڤاین دەبات (پەراوێز ٧٦) ئیتر ناوی نابیستینەوەو دوکتۆری خۆمان دەست دەگرێت بەسەر هەموو بەرهەمەکەیدا.

لەو تاکە پەراویزەی لیڤاینیش کە دوکتۆر ((بردوویەتی)) یانزە سەرچاوەی بێگانە هەیە! هەڵەیەکی ئەو پەراوێزەش تێکەڵکردنی ناوی کتێبەکەی (بیللەربێك)و بابەتەکەی (شترێك) کە ناوی کتێبەکە هاتووەو پاشان ناوی ئەو گۆڤارەی بابەتەکەی شترێکی تێدایە دوای ئەوە هاتووەو ساڵی دەرچوونی کتێبەکەی بیللەربێكو ژمارەی لاپەڕەکەی ئەو نووسراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوکتۆر هەر شتی کۆپی کردووە. لای لیڤاینیش ئەو دوو سەرچاوەیە بە کورتکراوی هاتوون:

**Billerbeck (*Suleimania*, p.20) and Streck (*ZA* XIV (1899), p.159).**

کە ئەگەر بەدووروودرێژی بیاننووسین وایان لێ دێت:

**A.Billerbeck, Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898, p.20.**

und Westpersien nach den babylonisch-assyrischen Keilinschriften, in; verwandete Gebiete (ZA), XIV, 1899, p.159.

دوکتۆری خۆمان وەکو هەموو کاتێکی تری ناوی تەواوی سەرچاوەکان هەموو جارێك دەنووسێتەوە تا کتێبەکەی قەرەباڵغتر بکات(مەگەر نەیزانیبێت ناوی سەرچاوەکان چییە ئینجا بە کورتی نەقڵیان دەکات)، ئەو دوو ئاماژە کورتەی لیڤاین وا لێ دەکات:

***A.Billerbeck, Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit,***
*vorderasiatische Arch* ***, Leipzig, (ZA) 1898, p.20.***

فۆنتەکانیشم جیاکردۆتەوە تا هەڵەی تێکەڵکردنەکە دیار بێت. جگە لەوەش ئەوەی ئەو بۆ ZA نووسیویەتی هەڵەیە چونکە ZA کورتکراوەی ئەمەیە: **Zeitschrift für Assyriologie und verwandete Gebiete**، واتە: ((گۆڤاری ئاسیریۆلۆگیو بوارەکانی نزیکی)) لەکاتێکدا دوکتۆر نووسیویەتی: ***Assyriologie und vorderasiatische Arch*** واتە ((گۆڤاری ئاشۆرۆلۆجیو شوێنەوارناسیی رۆژهەڵاتی نزیك)). ئەمەشمان لە بەشی (بیبلیۆگرافیای سەقەت)دا باس کرد.

دوکتۆر لەهەمان پەراوێزداو لەژێر ئەو دوو سەرچاوە تێکەڵە ناوی بابەتەکەی شترێك بە دروستی دەنووسێت ئەویش بۆ ئەم زانیارییە: ((بەپێی قسەکانی شترێك کیروری لەگەڵ گیلزانو ئێستا لە ناوەڕاستی کوردستاندان، لە رۆژئاوای دەریاچەی ناوبراو (واتە: ورمێ).)). ئەو زانیارییە لە بەشی دووەمی بابەتەکەی شترێکدایە کە دەکاتە

[٦٩] کیرروری **Kirruri** یان کیروری **Kiruri** ناوچەیەك بوو لە رۆژهەڵاتی هەولێرو فراوانییەکەیو سنوورەکانی جێگەی مشتومڕن.

[٧٠]کە دەکاتە پەراوێزی ژمارە ٤٥ی لیڤاین، لاپەڕە ١٤. باسەکەی لیڤاین لەبارەی کیررورییەوە لە لاپەڕە ١٤و ١٦ دایە (لاپەڕە ١٥ نەخشەیەکی جوگرافییە).

ژمارەی ١٤ی گۆڤاری ZA[٧١] بەڵام دوکتۆر بۆ ئەم تاکە زانیارییە کە یەك دێڕە هەر سێ بەشەکەی بابەتەکەی شترێك دەنووسێت کە لە ژمارەکانی ١٣و ١٤و ١٥ ی گۆڤارەکەن و کۆی لاپەڕەکانیان نزیکەی ٢٠٠ لاپەڕەن.

سەبارەت بە هەڵە تێگەشتن لە زانیارییەکان یەك دوو نموونە هەڵدەبژێرم:

دوکتۆر لەو تاکە شوێنەی ناوی لیڤاین وەك سەرچاوە دەبات دەنووسێت: بێگومان شالمانەصەری ئاشوری مەبەستی لە ئاربا-ئیلو شاری ئێستای هەولێر بوو(٤٧٥/١) کەچی لیڤاین وای باس کردووە کە ئەمە (واتە: ئاربا-ئیلو یەکسانە بە هەولێر) زۆر دەمێکە زانراوەو کۆنترین و روونترین دەستنیشانکردنی ناوچەیەکە لە زاگرۆس..[٧٢]. ئەو وشەیەی(بێگومان)ەی دوکتۆر نەك تەنها نیشانەیە لەسەر ئەوەی لە لیڤاین تێنەگەشتووە بەڵکو هەروەها هێندە کەم شارەزایە لەو مێژووە کە جۆرە دوودڵییەك پیشان دەدات سەبارەت بەو راستییە زۆر ئاشکرایەی کە دەمێکە زانراوە.

لیڤاین باسی ئەو ناوچەیە دەکات کە لەلای رۆژهەڵاتی کیرروری بوو و کەوتبووە باشوری رۆژهەڵاتی رەواندزو بەدرێژایی رێگە بۆ (گەورە شینکە)و (خانە) بوو و دەڵێت ناوی ئەو ناوچەیە نەزانراوە(لاپەڕە ١٦) کەچی دوکتۆر پاش باسی سنووری کیرروی دەنووسێت:بەڵام بەڵگەمان نییە کە ئەو هێڵی سنوورە گەورە شینکەو خانەی گرتبووە خۆ(٤٧٦/١).

لیڤاین نووسیویەتی کە ئۆڵمستد ویستبووی کیرروری بە (تورا غارا) لە باشووری ئامێدی دەستنیشان بکات ئەویش لەسەر ئەساسی لەیەکچوونی دەنگەکانی دوو ناوەکە بەڵام پێشتر ئاماژە کرا بۆ نەگونجانی ئەم رێگەیە(ل١٤پەراوێزی ٤٥). واتە رێگەیەکی نەگونجاوە تەنها پشت بەوە ببەستین فلانە ناوی نوێ شێوەی لە فلانە ناوی کۆن بچێت تا بڵێین ئەو دوو شوێنە یەکن. دوکتۆری خۆشمان ئەمە دەڵێت: سەرەڕای هەوڵەکانی ئۆڵمستید بۆ جێگیرکردنی شوێنی کیروری لەگەڵ (تورا غارە) باشوری ئامێدی (لێرەشدا ناوی بابەتەکەی ئۆڵمستد دەنووسێت کە لە لیڤاینەوە "بردوویەتی") بەڵام ئەم جۆرە پێشنیارانە ئیلغا کران (٤٧٧/١ پەراوێز). دڵنیاشم دوکتۆر خۆی لە قسەکەی خۆی تێناگات چونکە ئێمە هەر دوو دەقەکەمان لەبەردەستدایەو نازانین ئەو پێشنیارانە چین کە ئیلغا کراون.[٧٣]

لیڤاین باسی دەستنیشانکردنی کیرروری لەلایەن (فۆرەر)ەوە دەکات و دەڵێت: کیرروریی سنووردار کردووە لە دەشتی هەریر (ل١٤پ٤٥) واتە لای (فۆرەر) کیرروری تەنها ئەو دەشتەیە، کەچی دوکتۆر نووسیویەتی کە (فوریر) دەشتی هەریری خستۆتە ناو ناوچەی کیروری (٤٧٧/١پەراوێز) بەم پێیەش کیرروری لە دەشتی هەریر گەورەترە، مەبەستیش نییە لێرەدا بزانین گەورەترە یان نا، گرنگ ئەوەیە بزانین کە فۆرەر ئەوەی نەوتووە کە دوکتۆر نووسیویەتی.. بێگومان جگەلەوەی دوکتۆر ئەم زانیارییەی وا بە سەقەتی ((بردووە)) ناوی سەرچاوەکەی فۆرەریشی لە لیڤاینەوە ((بردووە)).

دوکتۆر دوایی باسی سپایزەرو برینکمان و کینیێر-ویڵسن دەکات. سەبارەت بە کینیێر-ویڵسن لیڤاین وای باس کردووە کە ئەو بۆچوونەی وەرنەگرتووە کەوا دەربەندی کیرروری دەربەندی کێلەشین بێت چونکە ئەمە وا دەکات

---

[٧١] ئەو ژمارەیەم لا نییەو بەپێی سەرچاوەیەکی تر (لیڤاین، ل ١٤پەراوێز٤٥) شترێك وتوویەتی کە ئەم و گیلزانو هەموو کەناری رۆژئاوای دەریاچەی ورمێیان گرتبووەوە.

[72] Levine, Geog. Studies.., p.14.

[٧٣] بەرلەوەی بابەتەکەی لیڤاینم دەستبکەوێت دەمزانی بەزمێك لەم رستەیەدا هەیە چونکە تەعبیرەکەی دوکتۆر لە هیچ جۆرە تەعبیرێك ناچێت کە پسپۆڕانی ئەو بوارە بەکاری دەهێنن(چاویش لە هەڵەی رێزمان دەپۆشم). دوکتۆر نووسیویەتی: فان هذا النوع من الاقتراحات الغیت.

کیرروری لەگەڵ ناوچەی موصاصیردا تێهەڵکێش بێت، کەچی دوکتۆری خۆمان دەڵێت کە نابراو کێلەشین‌و دەربەندەکەی بە شوێنی کیرروری زانیوە!

هەموو ئەو قسانەی لە پەراوێزەکەی لیڤاینەوە ((براون))و وەکو وتم لەو پەراوێزەی دوکتۆردا یانزە سەرچاوە نووسراون‌و هەموویان هی لیڤاین‌و دوکتۆر دەستی بەسەر ئەوان‌و زانیارییەکاندا گرتووەو بەهیچ جۆرێك ناوی لیڤاینی نەبردووە.

بێگومان لەکاتی ئەم ((بردنانە))، وەك هەموو کاتێکی تر هەڵە لەناوی سەرچاوەکان روودەدات، هەر وەك ناوی بابەتێك لە نووسینی (راینەر بۆمەر). لیڤاین ناوی بۆمەر Boehmerی نووسیوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە لە پەراوێزدایەو پەراوێزەکە ورد تایپ کراوە پیتەکان هێندە وردن دوکتۆری خۆمان Boehmer ی لێ بۆتە بۆخمیر Bochmer[٧٤]، واتە e بە cی زانیوە! خوێنەریش کە ئێستا بۆتە شارەزا لە کارەکانی دوکتۆر ئێستا لەگەڵماندا دەڵێت: ئەگەر بەڕاستی ئەو سەرچاوەیە بدیایە هەڵەی وا لە ناوی نووسەرەکەی نەدەکرد، بەڵام خوێنەر ئەو شتە نازانێت کە وەك چۆن دوکتۆر زانیارییەکەی بۆمەرو ناوی سەرچاوەکەی ((بردووە)) ئەمانەی بە سەقەتی ((بردووە))، سەبارەت بە زانیارییەکە لیڤاین وای باسکردووە: ڤایدنەر بەهەمان شێوە کیررورریی لەنێوان وڵاتی ئاشورو دەریاچەی ورمێ داناوەو مایکڵ (یان میشێل) Michel شوێنی کەوتبوو و <u>تازەکی</u> بۆمەر، بەواتایەکی ترو بەپێی لیڤاین ئەم سیانە یەك بۆچوونیان هەیە کەچی نووسەری خۆمان دەڵێت: وایدر[٧٥] وای بۆ چوو شوێنەکەی لەنێوان ئاشورو ورمێیە، پاشان میخائیل لەم بۆچوونە شوێنی کەوت، دوای ئەوەش بوخمیر <u>موعارەزەی کرد</u>!! رستەکەی لیڤاینیش ئەمەیە:

**and was followed by Michel(..) and recently by Boehmer..**

دیارە دوکتۆر چۆن لە وشەی recently گەشتووە! دووبارەشی دەکەمەوە، لەگەڵ هەر یەك لەو زانیارییانە ناوی سەرچاوە هەیەو دوکتۆر ((بردوونی))، لەپێناوی کورتیشدا نەقڵم نەکردوون.

ئەوەندەش بەسە بۆ کیرروری.

## <u>زامـــوا</u>

بەردەوام دەبم لەسەر بەراوردکردنی ئەو شتانەی دوکتۆر لە (لیڤاین)ەوە وەریگرتوون لەگەڵ نووسینەکەی لیڤاین خۆی. زاموا Zamua وڵاتێکی ترە کە دوکتۆر چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کردووەو هەموویان لە بەشی یەکەمی بابەتەکەی لیڤاینەوە وەرگیراون‌و کەمجار ناوی دەبات[٧٦]. زاموا دوایین بابەتە لە بەشی (شارو ناوچە سەرەکییەکانی سوبارتو)ی کتێبەکەی دوکتۆرو پێش ئەوە چەند بابەتی تر هەن کە هەندێکیان ناخەمەڕوو لەبەر ئەوەی ئەو

---

[٧٤] یان دروستتر بڵێین بەرنامەی OCR پیتی e ی بۆ جیانەکراوەتەوەو لێی بۆتە c . ئەم گۆڕینەی e بۆ c یەکێکە لە کێشەکانی ئەو بەرنامەیە ئەگەر پیتەکان ورد بن یان کاڵ چاپ کرابن.

[٧٥] دوکتۆر بەعەرەبی‌و ئینگلیزی بەهەڵە وای نووسیوە، واتە: وایدر Weider.

[٧٦] ئەمەش ئەو پەراوێزانەی لیڤاین کە دوکتۆر ((بردوونی))، ژمارەی یەکەم ژمارەی پەراوێزەکەی دوکتۆر جەمالەو دووەمیان ژمارەی پەراوێزەکەی لیڤاینە: ٥٢/٢٢٤، ٥٥/٢٢٥، ٥٦/٢٢٦، ٥٩/٢٢٨، ٦٢/٢٣٠، ٦٧/٢٣٢، ٦٨/٢٣٣، ٦٩/٢٣٤، ٧٠/٢٣٥، ٧١/٢٣٦، ٧٢/٢٣٧، ٧٣/٢٣٨، ٧٤/٢٣٩، ٧٥/٢٤٠، ٧٦/٢٤١، ٨١/٢٤٣، ٨٢/٢٤٤، ٨٣/٢٤٥، ٨٥/٢٤٦، ٨٦/٢٤٧، ٨٧/٢٤٨، ٨٩/٢٤٩، ٩٠/٢٥٠، ٩١/٢٥١، ٩٣/٢٥٣ کە ئەمانە هەموو سەرچاوەی ئینگلیزی‌و ئەڵمانین‌و کۆی پەراوێزەکان ٢٥ پەراوێزە کە لە لیڤاین((براون)) واتە بێ ئەوەی ناوی ببرێت، بەڵام جگە لەمانە ناواخنی باسەکەی دوکتۆر جەمالدا زانیاریی زۆری تری تێدایە کە لە لیڤاینەوە ((بردوونی))و پەراوێزی دانەناوە چونکە لیڤاین پەراوێزی نەنووسیوە. زانیارییەکانی تریشی کە دوکتۆر ((بردوونی)) سێ ئەوەندەو چوار ئەوەندەی ئەوەیە چونکە هەموو بابەتەکە هی لیڤاینە. جگە لەوانەی سەرەوەش ئەم پەراوێزانە هەن: دوو پەراوێزی یەکەمی دوکتۆر واتە: ٢٢٢ و٢٢٣ بەهەڵە پەڕیونەتە ئەوێ..

سەرچاوەیەی دوکتۆر لێوەی نەقڵکردووە لام نییە هەر وەك بابەتی (ماننا)-کە ١٤ لاپەڕەی نووسراو و چەند وێنەیەکە، هەروەها بابەتی (میدیا) کە دیارە ئەو دوو بابەتەی لە بەشی دووەمی بابەتەکەی لیڤاینەوە وەرگرتووە، بەشێکی بابەتی ماننناش لە (تاریخ الکرد..) ((براوە))و ئەو بابەتە لە نووسینی د.فەوزی رەشیدە.

وەنەبێ بە بێ ئەو سەرچاوەیە نەتوانرێت قسە لەسەر شتەکانی دوکتۆر بکرێت، تا ئێستا زۆرمان لەو جۆرە نووسیوە بێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوەیەی دوکتۆر شتەکانی لێ (کۆپی-پەیست) کردووە چونکە ئەو زانیارییانە لە سەرچاوەی تردا هەن. بەڵام دیارە باشتر دەبێت ئەگەر مرۆڤ ئەو سەرچاوەیەی دەستبکەوێت‌و وشە بە وشە بەراوردی بکات لەگەڵ نووسینەکەی دوکتۆری خۆمان‌و وەرگێڕانی سەقەت‌و تێگەشتنی هەڵە بدۆزێتەوە (کە بەدەیان هەیە لە هەر بابەتێکی بچووکی دوکتۆردا)و ئەو سەرچاوانە بژمێرێت کە دوکتۆر ((بردوونی)). رەنگە لە دەرفەتێکی داهاتووداو پاش دەستکەوتنی ئەو سەرچاوانە ئەمە بکەین یان وەك راهێنانێك بیدەینە دەستی قوتابییەکی شوێنەوار یان مێژوو تا خۆی لەسەر رەخنە لە بابەتی نازانستی رابهێنێت.

بەدرێژایی لاپەڕە (٥٣٥-٥٤٥) کە ئەگەر وێنەکە لێ دەربکەین دەکەنە دە لاپەڕە دوکتۆر شتەکانی لیڤاینی نەقڵکردووە (لاپەڕە ١٦-٢٢ی بەشی یەکەمی بابەتەکە لیڤاین). رەنگە ئەم بۆچوونەمان راست بێت: لە هەر شوێنێکی کتێبەکەی دوکتۆر بابەتێکی دووروودرێژت بینی ئەوە بزانە زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیەی زانیارییەکی لێوە (کۆپی-پەیست) کردووەو کردوویەتی بە هی خۆی زۆرن، لە هەرکوێیەکیش بینیت زانیارییەکانی دوکتۆر کەمن ئەوە بزانە ئەو سەرچاوەیە کەمی وتووە. لەم حاڵەتەش‌و لە حاڵەتی پیشوودا زانیارییەکان هێندە زۆرن کە دوکتۆر ناچار بووە هەر هەموویان وەرنەگرێت.

لەو بابەتە یانزە لاپەڕەییەی زامواش دەتوانم تەنها چەند شتێك هەڵبژێرم دەنا وەکو بابەتەکانی پێشوو ئەگەر وشە بە وشە لەگەڵ دوکتۆردا بڕۆم چەند یازە لاپەڕەیەکی ترم پێویستە. وەکو وتیشم دەمتوانی بێ گەڕانەوە بۆ لیڤاین ژمارەیەکی بەرچاوی رەخنە بنووسم بەتایبەتی کە لوللوییەکان، کە وڵاتەکەیان لە سەردەمێکدا پێی دەوترا زاموا، بابەتی کتێبێکی خۆمە، بەڵام بەکارهێنانی بابەتەکەی لیڤاین زۆر شتی شاراوە دەردەخات.

لەباسی زاموادا دوکتۆر شتەکانی لیڤاین نەقڵ دەکات بەڵام تەنها چەند جارێکی کەم ناوی دەبات ئەویش لە پەراوێزەکاندا، دەنا لەناواخنی باسەکدا بەهیچ جۆرێك بەلای ناوەکەیدا ناچێت‌و دەنووسێت: سایك (راستەکەی سایس/ف.ق) وای وت، بیللەربێك وای وت، ، سترێك (راستەکەی: شترێك/ف.ق) وای بۆچوو، بوهیمر (راستەکەی: بۆمەر/ف.ق) باسی ئەوەی کرد.. ئەوەش جگە لە سپایزەر کە دوکتۆر بەردەوام باسی دەکات: وای وت‌و وای بۆچوو..و بەم جۆرە خوێنەر وا تێدەگات دوکتۆری خۆمان چۆتەوە سەر سەرچاوەکانی ئەوان بەڵام کاتێك تەماشای بابەتەکەی لیڤاین بکەی دەبینی مەسەلەکە وا نییەو دوکتۆر نەك تەنها زانیارییەکانی لیڤاینی نەقڵ کردووەو نەك تەنها قسەکانی:((سپایزەر وای وت‌و بیللەربێك وای بۆ چووبوو..تاد)) قسەی لیڤاینن بەڵکو هەروەها رستەو تەعبیرەکانیش هی ئەون (بێگومان: بەوەرگێڕانی سەقەتەوە). بۆ نموونە لیڤاین باسی (کینیێر-ویڵسن) دەکات کە موناقەشەی شتێکی کردووە، پاشان لیڤاین دەڵێت کە رەنگە ئەو بەڵگانەی لە پشتی ئەو موناقەشانە پێویستیان بە چاککردنەوە هەبێت(ل٢٠-٢١). دوکتۆری خۆشمان وەك بڵێی موناقەشەکەی کینیێر-ویڵسنی خوێندبێتەوە دەنووسێت: بەڵام ئەو هۆیانەی کە لەم موناقەشەیەدا دەیانهێنێتەوە پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە(٥٤٣/١).

دوکتۆری خۆمان بە ((بردنی)) ئەو هەڵسەنگاندنەی لیڤاین بۆ بەڵگەکانی (کینیێر-ویڵسن)و کردنی بە هی خۆی ناوەستێت‌و بۆچوونێکی تر ((دەبات)) لە پەراوێزی (٩٠)ی لاپەڕە (٢١) کە تێیدا لیڤاین نووسیویەتی: ((لاوازیی موناقەشەکەی (کینیێر-ویڵسن) لەو جەختکردنەیدایە کە ئەو ناوچانەی لە لەشکرکێشیی ساڵی ٨٤٣ پ.ز ناوبراون دەکەونە ناو ناوچەی دەریاچەی ورمێ‌و نزیکی))، کەچی دوکتۆری خۆمان ئەو هەڵسەنگاندنە ((دەبات))و دەیکات بە

هی خۆی‌و دەنووسێت: ((لاوازی لە بۆچوونەکەی ویلسۆن لەو ئاماژەیەیدایە کە ئەو زەوییانەی لەلایەن ئاشورییەکانەوە ساڵی ٨٤٣پ.ز داگیرکرابوون لەچواردەوری دەریاچەی ورمێدا بوون))!!

بەم جۆرەش هیچ کەسێك نازانێت ئەمانە هی لیڤاینن مەگەر کەسێك بابەتەکەی ئەوی لەبەردەستدا بێت.

دەبێت بیڵێمەوە: ئەو قسانەی کە دوکتۆر ((بردوونی)) بە دروستی نەبراون‌و بەراوردییەکی سەرپێی ئەوەی سەرەوە نموونەیەکی بچووکمان دەداتێ.

نموونەیەکی تر: لەهەمان پەراوێزی ((براو))دا لیڤاین باسی دەستڕۆشتنی ئاشورییەکان بەسەر کەناری باشوری دەریاچەی ورمێ کە پرسیار لەبارەیەوە ((بێ وەڵام دەمێنێتەوە))، واتە نازانرێت ئاشورییەکان لەوێدا دەستڕۆشتوو بوون یان نا، ئینجا باسی ئەو شتانە دەکات کە لە (حەسەنلو)دا دۆزرابوونەوە کە ((کارتێکردنێکی ئاشوریی بەهێز لە کەلتووری ماددی پیشان دەدەن)) ئینجا لیڤاین ناوی بابەتێك لە نووسینی (دایسن) وەکو سەرچاوە دەنووسێت. دوکتۆری خۆشمان هەر لەو شوێنەدا دەڵێت: ((ئەوەی لە حەسەنلودا دۆزرایەوە ئاماژە دەکات بۆ دەستڕۆشتنی ئاشوری لەو ناوچەیەی سەر بە کوردستانی رۆژهەڵات))، دوکتۆر ئینجا دەنووسێت: سەبارەت بەمە بگەڕێرەوە بۆ:.. و ناوی بابەتەکەی (دایسن) دەنووسێت!! بەواتایەکی تر ئەوەی لیڤاین وەك شتێکی ((نەزانراو)) باسی کردووە دوکتۆری خۆمان وایزانیوە ((راستی))یە، ئەو کارتێکردنە کەلتوورییەش کە لیڤاین ناوی بردووە دوکتۆری خۆمان وایزانیوە دەستڕۆشتنی سیاسییە.

تا ئێستا ئەمانە روونکردنەوە بوون لەسەر ((بردنەکانی)) دوکتۆر کە تەنانەت رستەو تەعبیرەکانیشی گرتۆتەوە ئەویش بێ ئەوەی ناوی خاوەنی نووسینەکە ببات، بێگومان بە سەقەتکردنێکی زۆرەوە. ئینجا لەیەکەم دێڕی بابەتەکەی زاموای دوکتۆر دەست پێ بکەین کە وەکو وتمان لە بەشی (زاموا)ی بابەتەکەی لیڤاینەوە ((براوە)).

دوکتۆر ئاوا بابەتەکە دەست پێ دەکات: ((لەناو هەموو ناوچەکانی کێوەکانی زاگرۆس کە باسی جوگرافییە مێژووییەکەیمان کرد زانیاریی کافیی وا نادۆزینەوە ئەوەندەی هەیە لەبارەی زاموەوە))(٥٣٥/١).

لیڤاینیش لە یەکەم دێڕی بابەتەکەیدا نووسیویەتی: ((لەناو هەموو ناوچەکانی زاگرۆسدا کە جوگرافییە مێژووییەکەیان موناقەشکران، هیچیان هێندەی ئەو ناوچەیەی کە پێی دەوترا زاموا بەتەواوی‌و پڕسوود لێی نەکۆڵراوەتەوە)) (لیڤاین، ل ١٦).

سەرباری ((بردنی)) قسەکەی لیڤاین‌و نووسینی تەعبیری ((کردمان))، دەبینین دوکتۆر قسەکەی چی لێکردووە، واتە کۆڵینەوە لە زاموا دەکاتە زانیاری لەبارەیەوە.

لیڤاین دوای ئەوە باسی دەکات بۆچی‌و هۆکارەکانی ئەو لێکۆڵینەوە زۆریانە دەڵێت‌و ناوی سەرچاوە دەبات، دوکتۆری خۆمان بەهەمان شێوە ئەو هۆکارانە دەڵێت، بێگومان دەزانن بە ئەندازەی تێگەشتنی لە ئینگلیزی‌و لە زانیارییەکان، سەرچاوەکانی لیڤاینیش ((دەبات))[٧٧] یەك لەو سەرچاوانەش (پەراوێزی ٢٢٤) کە نووسینێکی (پارپۆلا)یەو تەنها دوو لاپەڕە نووسراوە: لاپەڕە ٣٨١-٣٨٢ بەڵام دوکتۆر دەنووسێت: دەربارەی وردەکاری (تفصیلات) لەبارەی زامواوە بگەڕێرەوە بۆ:.. ئیتر خوێنەر نازانێت چۆن زاموا کە ئەو هەموو زانیارییەی لەبارەوە هەیەو ئەو شتەی لەبارەوە نووسراوە وردەکارییەکانی تەنها لە دوو لاپەڕەدا هەیە؟ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە دوکتۆر ئەمەی لێ ((بردووە)) دەزانی مەسەلە چییە. لیڤاین لێرەداو بۆ ئەو دوو لاپەڕەیە نووسیویەتی: بۆ ئاماژەکان بۆ زاموا تەماشای (پارپۆلا) بکە.. (لیڤاین، ل ١٦، پەراوێز ٥٢). بەم جۆرە ئەو دوو

[٧٧] دوکتۆر یەکەم‌و دووەم پەراوێزی (واتە: ٢٢٢، ٢٢٣) بە هەڵە نووسیوە، یەکەمیان هی هێرتسفێلدە کە ئەو شتی وای نەوتووەو ئەوەی تریان هی سەرچاوەیەکی ترە کە تەنها نووسینی پادشایانی ئاشورەو موناقەشەی تێدا نییە.

لاپەڕەیە لەبارەی ئەو نووسراوانەن کە باسی زاموایان تێدا هاتووە نەك (تفصیلات) لەبارەی زامواوە وەك دوکتۆر تێگەشتووە.

وتمان دوکتۆر تەنها چەند جارێك ناوی لیڤاین دەبات لە هەموو ئەو لاپەڕانەدا کە هەموویانی لەو وەرگرتووە. هەموو ئەو ناوبردنانەش لە پەراوێزەکاندایەو لە دوان لەوانە دەقێکی لیڤاین بە ئینگلیزی دەهێنێتەوە. دوکتۆر ئەو دوو دەقە وەرناگێڕێت بەڵام پێش ئەوەی دووەمیان نەقڵ بکات سێ چوار وشەی لێ باس دەکات. دوکتۆر دەنووسێت: راجع مقال سبايزر في مجلة الدراسات الاشورية [Speiser[AASOR VIII, p.19-20 حيث يطابق فيه كوللار مع جبل Kolar الحالي ، بينما يري ليفاين [IRAN XI, P.18] في أول خطأ أن هذا التطابق جذاب، ثم يستمر قائلا:

**"At first glance this identification is appealing…."**

خوێنەریش ئەگەر ئینگلیزی بزانێت دەزانێت کە at first glance في أول خطأ (واتە: لەیەکەم هەڵە) نییە بەڵکو (من اول لمحة)یە. هەروەها وشەی (جذاب) پڕ بە پێستی appealing نییە بەڵکو بۆ ئەو وشەیە عەرەب وشەی (مغري) بەکاردەهێنن، هەروەها ئەمە (تطابق) نییە بەڵکو (مطابقة) یان (تعيين)ـە، بینیمان شتەکەش لەوە هاتووە کە (سپایزەر) کێوی کوللار Kullar ی سەرچاوە ئاشوورییەکانی بە کێوی ئێستای (کۆلارە)ی[78] زانیوە، واتە ئەمە سپایزەرە کە کاری (مطابقة)ی کردووە، بەڵام (تطابق) بۆ دوو شت بەکاردێت کە بۆ خۆیان یەکن یان لە یەك بچن.

کەواتە ئەگەر قسەکانی دوکتۆر راستبکەینەوەو بەو شێوەیەیان لێ بکەین کە لە نوسینەکەی لیڤایندا هاتووە پێویستە بڵێین: سپایزەر کێوی کوللاری بە کۆلارەی ئێستا زانیوە لەکاتێکدا لیڤاین لە یەکەم تەماشای خێراوە وای بۆ دەچێت کە ئەمە (مغري)یە.

ئایا تەواو راستکرایەوە؟ نەخێر! هێشتا ئەوە ماوە کە ئەم شتە بۆ خەڵکی تر (مغري)یە نەك بۆ لیڤاین. لیڤاین باسی خەڵك یان هەر کەسێك دەکات کە لە یەکەم تەماشای خێراوە ئەمە وا دێتە بەرچاویان. لیڤاین دەڵێت: لەکاتێکدا ئەم هاوجووتکردنە لە تەماشای یەکەمەوە (مغری) دیارە بەڵام جوگرافیای ناوچەکە وا دەکات ئەمە تەقریبەن موستەحیل بێت!![79] دوکتۆر ئەم قسەیەی لیڤاینی بە ئینگلیزی نەقڵکردووە! چۆنیش لە لیڤاین تێگەشتووە دیار نییە بەڵام قسەکەی سەبارەت بە کوللار دووبارە دەکاتەوە.

ئەوە دەمێنێتەوە بڵێم کە ئەو گۆڤارەی کە سپایزەر بابەتەکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە، واتە: AASOR بریتی نییە لە (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئاشوری) وەك دوکتۆر نووسیویەتی. دوکتۆر لەبەر شکڵی ئەو کورتکراوەیە(=ئاسۆر) وایزانیوە پەیوەندیی بە شتی ئاشورییەوە هەیە، سەیریش ئەوەیە دوکتۆر لە کتێبەکەیدا چەندین جار ناوی تەواوی گۆڤارەکەی نووسیوە کە ئەمەیە: Annuals of the American Schools of Oriental Research واتە بڵاوکراوە ساڵانەکانی کۆلێجە ئەمەریکییەکانی لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکان کەچی لێرەدا نووسیویەتی گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئاشوری!

لیڤاین[80] باسی ساڵی ٨٤٣ پ.ز دەکات کە شالمانەصەری سێیەم پەلاماری شاری بیرتو Birtuی لە وڵاتی زاموا شا بیتانی Zamua ša bītāni (زاموای ناوخۆ/ف.ق) دابوو، پێشتریش ئاشورناصیرپالی دووەم، لەمیانەی لەشکرکەشیی یەکەمی دژی وڵاتی زاموا (ساڵی ٨٨١پ.ز/ف.ق)، لە بابیتێ Babite (دەربەندی بازیان/ف.ق)

[78] ئەمە راستەکەیە نەك (کۆلار) وەك لێرەداو لە سەرچاوەی تردا هاتووە.

[79] بۆچوونەکەی لیڤاین سەبارەت بەوەی کە کوللار زنجیرە شاخی بازیانە (ل١٧-١٨) بە هەڵەی تەواو دەزانین‌و راستەکەش بۆچوونە کۆنەکەیە کە زنجیرەی ئاسۆس-کیوەڕەشە کە کۆلارەی ئێستا بەشێکیتی.

[80] Levine, Geogr. Studies.., p.18.

پەڕییەوەو شاری بیروتو Birutuی گرت. لیڤاین دەڵێت لەوانەیە بوترێت کە بیروتو/بیرتو لە زمانی ئەکەدیدا زاراوەیەکی گشتییە بۆ قەڵاو لێرەدا بەو واتایە بەکارهاتووە، بەڵام ناوەکە لە ژمارەیەکی تری سەرچاوەدا وەك شوێنێکی دیاریکراو و ناسراو دەبینرێت‌و لەوانەیە ئەمە پشتگیریی ئەوە بکات کە ناوی شارێکی دیاریکراوی وڵاتی زاموا بێت.

دوکتۆریش (١/ل ٥٣٨–٥٣٩):باسی ئەو شارانە نەقڵ دەکات بەڵام دەنووسێت:

کاتێکیش هەردوو دەقەکە بەراورد بکرێن تێدەگەین کە بیروتو یان بیرتو وشەیەکی ئەکەدییە بەواتای قەڵاو لەوانەیە ئاشورییەکان لێرەدا بەو مەبەستە بەکاریان هێنابێت، بەڵام ئێمە بە هەمان شێوە لە دەقانێکی تردا دەیبینین وەك شارێك لە وڵاتی زاموا.

دوکتۆر جگە لەم ((بردنە))و جگە لەم هەڵە تێگەشتنە دوو سەرچاوەی لیڤاینی ((بردووە)).

هەمان حاڵەت هەیە بۆ پەراوێزی ٦٩ ی لیڤاین کە لە کۆتایی قسەکەی سەرەوەدایەو لای دوکتۆر پەراوێز ٢٣٤ـە.

لیڤاین نووسیویەتی:

تێبینیی دەرکەوتنی (بیریتێ)یەك a Birite لەگەڵ ئارراپخادا بکە لە نووسینەکانی توکولتی نینورتای یەکەمدا( *AfO XII, p.27, l.79*).

دوکتۆری خۆشمان لە پەراوێزی ٢٣٤ دا ئەمە دەنووسێت:

توکولتی نینورتای یەکەم لە نووسینەکانیدا وشەی Biriteی بەکارهێنابوو کاتێك چووە ناو ئارراپخا (بگەڕێرەوە بۆ : **AfO XII, p.27, l.79**).

نموونەیەکی تر: لیڤاین باسی دوو دەق دەکات کە سپایزەر خەریکیان بوو کە چەند ساڵێك پێش ئەوە ئۆڵمستد تێبینیی ئەهمیەتیانی کردبوو(لیڤاین ل ١٩). کەچی دوکتۆر دەڵێت کە ئەو بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستبوو بەو دوو دەقە، کە گرنگترینیان ئۆڵمستید ماوەیەك پێش ئەوە بڵاویکردبووەوە (١/٥٤١)!!

دوکتۆر نەك تەنها زانیاریەکانی لیڤاینی وەرگرتووە بێ ئەوەی ناوی ببات‌و نەك تەنها بە هەڵە قسەکەی وەرگێڕاوە بەڵکو هەروەها ئاگای لە بابەتەکەی سپایزەر نییە کە چەندین جار وەکو سەرچاوە دەینووسێت، چونکە ناوبراو سوودی لەو دوو دەقە وەرگرتووە بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێیان نەبەستبوو چونکە ماددەی سەرەکی بۆ ئەویش بۆ هەموو کەسێکی تریش بریتییە لە نووسینەکانی ئاشورناصیرپالە. دوکتۆر ئاگای لە بابەتەکەی ئۆڵمستدیش نییە.

ئەو بابەتەی سپایزەر کە تا ئێستا باسمان دەکرد (پێشتریش باسمان کردبوو) ئەوەیە کە لە گۆڤاری AASOR دا بڵاوبۆتەوەو ئەمە ناوونیشانێتی: کوردستانی باشوور لە ساڵنامەکانی ئاشورناصیرپال‌و ئەمڕۆدا. لەکۆتایی ئەو بابەتەشدا سپایزەر نەخشەیەکی جوگرافیی داناوە بۆ ناوچەی پارێزگای ئێستای سلێمانی‌و دەوروبەری لەگەڵ ڕێڕەوی لەشکرکێشییەکانی ئاشورناصیرپال بەپێی دەستنیشانکردنەکانی خۆی[81]. سپایزەر بوناسی (بونیسا، بونائیس)ی لەسەر ئەو نەخشەیە دەستنیشان کردووە بەڵام لە ناواخنی بابەتەکەیدا شوێنەکەی بە جۆرێکی تر دەستنیشان کردووە.

لیڤاین ئەمەی بینیوەو نووسیویەتی کە شوێنی بونائیس Bunais لەسەر ئەو نەخشەیەی بابەتەکەی سپایزەر باکووری ڕۆژئاوای (کێوی) نیصیرە. لەدەقەکەشدا دیارە کە نەخشەکە ڕاستە نەك ئەوەی لە لاپەڕە ١٨ نووسیویەتی کە بونائیس باشووری ڕۆژهەڵاتی نیصیرە(لیڤاین، ل ١٩پ٨٢).

---

[81] ئەو نەخشەیەم داناوە لەکتێبی (مێژووی گەلی لوللو)مداو ناوەکانم کردووە بەکوردی.

دوکتۆریش ئەم پەراوێزەی وەرگرتووە بەڵام نەیزانیوە لیڤاین مەبەستی لە لاپەڕە ١٨ی ئەو بابەتەی سپایزەر بووە نەك نووسراوێکی تری بۆیە پاش باسکردنی شوێنی بونائیس لەسەر نەخشەکەی سپایزەر دەنووسێت: هەرچەندە لە لاپەڕە ١٨ کتێبەکەیدا Mesop. Origins ئاماژەی بەوە داوە کە شوێنی شارەکە لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتی نیسیرە (٧٤١/١پەراوێز ٢٤٤).

بەم جۆرە دوکتۆر نە بابەتەکەی گۆڤاری AASORی سپایزەری بینیوەو نە کتێبەکەی Mesopotamian Originsی بەکارهێناوەو[٨٢] وەك لە لیڤاینیشەوە شتی وەرگرتووە لێشی تێنەگەشتووە.

دوایەمین نموونە لە بابەتەکەی زاموای دوکتۆر جەمال وەریبگرین دوایەمین قسەیەتی لەو بابەتە. لیڤاین لەکۆتاییدا وتوویەتی کە دەوڵەمەندیی ئەو سەرچاوانەی هەن سەبارەت بە زاموا بەهۆی ئەوەیە کە زاموا لە وڵاتی ئاشورەوە نزیك بوو. بەهۆی ئەوەش کە زاموا لە گرنگترین مەنزوومەی دۆڵەکان لە زاگرۆس عیراقیدا بوو ئەو وڵاتە نەك تەنها مەڵبەندێکی سەرەکیی دانیشتوان بوو بەڵکو هەروەها ئەو تەوەرە بوو کە لێوەی هەندێ ڕێگە سەرەکی بەرەو ڕۆژهەڵات دەردەچوون(لیڤاین، ل٢٢).

دوکتۆریش کۆتایین شت بیڵێت ئەمەیە: بەهەرحاڵ زاموا نەك تەنها مەڵبەندی کۆبوونەوەی دانیشتوان بوو بەڵکو سەرچاوەی خێروبێر بوو کە ئاشورییەکان هەمیشە تەماعیان لە تاڵانکردنی هەبوو (٥٤٥/١).

بەم وشانەش دوکتۆر کۆتایی بە بابەتەکەی زاموا دەهێنێت و ئەگەر ئەم ((تەماعەی ئاشورییەکان لە سامانەکانی زاموا)) هەڵە تێگەشتن نەبێت لە رستەی یەکەمی لیڤاین[٨٣] ئەوا ئەو قسەیە هی خۆیەتی و بەم جۆرە دوکتۆر خاوەنی تەنها ئەم قسەیەیە، واتە: ((تەماعی دوژمنان))، قسەیەك هێندە سادەو زانراوە بابەت و کتێبی زۆری بەهێزو لاواز دووبارەیان کردۆتەوەو لەسەرجادەو لەناو چاخانەکاندا باسی دەکرێت و تەنانەت منداڵان لە قوتابخانەکاندا دەیخوێنن.. (ئەی ڕەقیب) هەموو کەس پێی دەوێرێت.

## ئورکیش

پێش زاموا دوکتۆر باسی ئورکیش دەکات. باسەکە نیو لاپەڕەیە (٥٣٤-٥٣٥)و هەمووی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە بێ ئەوەی ناوی ببات. دوکتۆر دەنووسێت: ناوی فەرمانڕەوای ئورکیش ئان ئاری لەگەڵ نەوار سین فەرمانڕەوای نەوار هاتووە ئەویش لە لەوحێك کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی پور سین لە ئور و ئیورو دانجین هێماکانی ئەو دەقەی کردەوە(٥٣٤/١).

تەعبیری ((هێماکانی ئەو دەقە)).. تەعبیرێکی زانستی نییەو هی کەسێکە شت لەبارەی نووسینی مێخی نازانێت.

---

[٨٢] کاتی خۆی سوودم لە کتێبەکەی سپایزەر: ڕەچەڵەکە میزۆپۆتامییەکان (١٩٣٠) وەرگرتبوو ئەویش بە نەقڵکردنی هەندێ زانیاری بەدەست لەسەر دوو سێ لاپەڕە. بشمزانیایە بۆ ئەم کارە ڕەخنەییەم بەکاری دەهێنم هەموویم کۆپی دەکرد. بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی تەنها ئەو لاپەڕانەم لایە ناتوانم حوکم بدەم کە دوکتۆر کتێبەکەی نەدیوەو وەك شتەکانی تر زانیارییەکانی لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەرگرتووە بۆیە لەسەرەوەدا وتم دوکتۆر ئەو کتێبەی ((بەکارنەهێناوە)) کە لە حاڵەتی ئەو زانیارییەی سەرەوە بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە کە بەکاری نەهێناوە.

[٨٣] لیڤاین باسی سامان wealth ی سەرچاوەی زانیاری سەبارەت بە زاموا دەکات چونکە لە وڵاتی ئاشورەوە نزیك بوو و بەم جۆرە ئەوان زانیاریی زیاتریان پێ بەخشیوین لەچاو ناوچە دوورەکان، لیڤاین باسی سامانی ماددیی نەکردووە.

ئەو چەند دێڕەی دوکتۆر ((بردوونی)) بە تێکەڵاوی و بە هەڵە وەریگێڕاون. هێرتسفێلد باسی (ئانن.ئاری)ی ئورکیش دەکات کە ناوی لە لەوحێکی کاتی (پور-سین)ی ئور هاتووە کە تورۆ-دانجان بە نموونە هێناویەتی بەپاڵ (ناوارسێن)ی ناوار، ئەویش کاتی ئیببی سین.[84]

واتە ناوی ئاننارى (یاخود: ئانناتال) لە لەوحێکدا هاتووە ئەویش کاتی پادشای سێیەمی بنەماڵەی سێیەمی (ئور) پور سین (یان: ئامار سین ئەگەر بە ئەکەدی بخوێنرێتەوە) کە لەنێوان (٢٠٤٦-٢٠٣٨ پ.ز) حوکمی کردووە لەکاتێکدا ناوی ناوارشێنی Nawaršeni [85] لە لەوحێکی تردا هاتووە ئەویش کاتی ئیببی سین کە پێنجەم و دوایەمین پادشای بنەماڵەکەی ئور بوو (٢٠٢٨-٢٠٠٤ پ.ز)، نەك وەك دوکتۆر تێگەشتووە کە ئەم دوانە لە یەك دەقدا ناویان هاتووە، هەروەها دوکتۆر خراپ تێگەشتووە کە نووسیویەتی ئەو ((لەوحە)) تورۆ-دانجان ((هێماکانی کردۆتەوە)) چونکە ناوبراو تەنها ئاماژەی بۆ کردووە ئەویش لە بابەتەکەیدا لەبارەی نووسینەکەی ئاریشێن (ئاتال شێن)، ئەو بابەتەی کە دوکتۆر لە پەراوێزدا وەکو سەرچاوە نووسیویەتی کاتێك دەڵێت: ((ثیورو دانجین هێماکانی ئەو دەقەی کە لەو لەحەدا نووسراوە کردۆتەوە))! بەڵێ! هێرتسفێلد کە ناوی تورۆ-دانجان دەبات ناوی ئەو بابەتەی لەگەڵ دوو سەرچاوەی تر دەنووسێت، دوکتۆری خۆمان ڕێك ناوی ئەو سێ سەرچاوەیەی نەقڵکردووە.[86]

هێرتسفێلد پاش ئەوانە نووسیویەتی کەوا مەعقوول دەبێت ئەگەر ئورکیش لە (هۆرێن)دا دابنرێت. بەڵام ناوەکە زۆر بەردەوام نەبوو[87]، دوکتۆری خۆشمان هەر وەك ئەو دوای ئەو باسانە دەنووسێت: سەیر نابێت ئەگەر ئەو ناوە (مەبەستی لەناوی ئورکیش/ف.ق) هەروەها لە نەخشەکەی هۆرێندا ببینین، بەڵام بەکارهێنانی ناوەکە پاش ماوەی نووسینەوەی ئەو نەخشە زۆر بەردەوام نەبوو!!

دیاریشە هێرتسفێلد مەبەستی لە چی بوو؛ ئەو باسی لە شوێنی ئورکیش کردووە کە بە مەعقوولی دەزانێت لە ناوچەی هۆرێندا بێت بەڵام دوکتۆری خۆمان وا تێگەشتووە کە سەیر نییە ئەگەر ناوی ئورکیش لە نەخشەکەی هۆرێندا هەبێت! بێگومان نەك تەنها تێگەشتنەکەی لەو دێڕە ئینگلیزییە هەڵەیە بەڵکو هەروەها نەیزانیوە نەخشەکەی هۆرێن-شێخان، واتە نەخشەکەی دەربەندی بێلوولە ناوی ئورکیشی تێدا نییە.

سەیری ڕاستەقینە ئەوەیە دوکتۆر چەند جارێك باسی ئەو نەخشەی بێلوولە دەکات وەك بڵێیت شارەزایەتی(بەڵام بینیمان چۆن باسەکەی تێکەڵوپێکەڵ کردووەو شێواندوویەتی)، هەروەها تەنانەت دەقی نووسینی سەر ئەو نەخەشەشی نەقڵکردووە(٥٠٨/١)واتە تەنها ٢٦ لاپەڕە پێش ئەم باسەی ئورکیش و هەر لەو دەقەوە ئاشکرایە ناوی ئورکیش نەهاتووە. بینیشمان هێرتسفێلد نەوتوویەتی ناوی ئورکیش لەنووسینەکەی ئەو نەخشەدا هاتووەو نەوتوویەتی بەکارهێنانی ناوەکە زۆر بەردەوام نەبوو پاش نەخشەکەی بێلوولە چونکە ئەسڵەن مەبەستی لەو نەخشە نەبوو.

تا ئێستا تەنها چوار دێڕو سێ وشەم وەرگرتووە لەباسەکەی ئورکیشی لای دوکتۆری خۆمان!

---

[84] PE, p.157.

[85] نەك ناوار سێن وەك هێرتسفێلد نووسیویەتی. بڕوانە بابەتەکەی تورۆ-دانجان لە کتێبی (مێژووی دێرینی کوردستان)مان، کتێبی یەکەم، ل١٣٨.

٨٦ هەر وەکو عادەتی دوکتۆر پەراوێزەکان وەکو خۆیان (کۆپی-پەیست) دەکات. هێرتسفێلد بۆ سەرچاوەی سێیەم نووسیویەتی: لەوحەکە لە (ئینجا ناوی سەرچاوەکەی "دو جێنوییاك"، لەوحەکانی دریهم، دەنووسێت)، دوکتۆری خۆشمان ڕێك هەمان شت نەقڵ دەکات.

[87] PE, p.157.

هەڵبەت دوکتۆر ئاگای لە شتە نوێکان نییە. ئەو هەرچەندە لە هۆڵەندادا دەژی کەچی هێشتا سەرچاوە کۆنەکان (وەك کتێبەکەی هێرتسفێلد) بەکاردەهێنێت. ئەوەتا نزیکەی ١٣ ساڵە زانراوە کە ئورکیش (یان: ئورکێش) گـردی (مۆزان)ی ئێستایە لە باکووری سێگۆشەی خابووری فوراتە ، باشووری ماردین، کەچی دەبینین قسەی هێرتسفێلد دەهێنێتەوە (وتمان ناوی نابات) کە باشووری ئارراپخایەو دەگاتە هۆرێن[٨٨]. ئەم بۆچوونەش کە ئورکیش دەخاتە رۆژهەڵاتی روباری دیجلە بۆچوونە هەر کۆنەکەیە لەبارەی شوێنی ئورکیش چونکە دوای ئەوە ئەو باوەڕە دروست بوو کە ئورکیش لە سێگۆشەی خابووری فوراتە (پەنجاکانی سەدەی بیست بەدواوە)[٨٩]، واتە دوکتۆر ئاگای لەمەشیان نییە، چۆنیش ئاگای لێ بێت لەکاتێکدا هەموو ئیشەکەی (کۆپی-پەیست)ی چەند سەرچاوەیەکی کەمە؟

وەکو وتم هەموو ئەو باسە لە هێرتسفێلدەوە وەرگیراوە بەڵام بۆ بەراورد کردن هێندە بەسە.

## خامازی

نووسەر بەشێك بۆ خامازی تەرخان دەکات کە لە یەك لاپەڕەو نیو پێکهاتووە(١/٤٧٢-٤٧٣)و وەکو ئەوانەی تر پڕە لەهەڵە جگەلەوەی دوکتۆر سوودێکی گەورەی لەبابەتێکی شوێنەوارناسی عەرەب(د.فەوزی ڕەشید) وەرگرتووە بێ ئەوەی یەك تاکە ئاماژەی بۆ بکات[٩٠]، بگرە پەراوێزو سەرچاوەکانی ئەویشی وەرگرتووەو خوێنەر وا دەزانێت کە ئەو سەرچاوانەی بینیوە.[٩١] هەروەها سوودی لە کتێبەکەی هێرتسفێلد وەرگرتووەو تەنها یەك جار ناوی دەبات.

ئاشکراترین بەڵگە لەسەر بەکارهێنانی بابەتەکەی د.فەوزی ئەوەیە د.جەمال لەپەراوێزەکاندا ئاماژە بۆ ئەم سەرچاوە ئەڵمانییە دەکات کە بابەتێکی تێدایە لەبارەی خامازییەوە: Assyriologie, III, Reallexikon der S.70-71 . واتە ئەمە بەرگی سێیەمە بەڵام ئەگەر تەماشای بەرگی سێیەم بکەی دەبینی ئەو بەرگە ناگاتە پیتی h و ئەم پیتە لەبەرگی چوارەمدایە، واتە بابەتی خامازی Hamazi (کە ناوەکەی بەو پیتە دەست پێدەکات) لەبەرگی

---

[٨٨] ئەوەی دوکتۆر نووسیویەتی لەبارەی شوێنی ئورکیش شێواوەو بە هەڵە وەریگێڕاوە.

[٨٩] ئەوە دەخەمەوە بیری خوێنەر کە هەرچەندە کتێبەکەی هێرتسفێلد ١٩٦٨ بڵاوکرایەوە بەڵام دەستنووسەکەی ساڵی ١٩٤٧ نووسرابووەوە. سەبارەت بە ئورکیش بڕوانە مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، ل٨٣-١٣١، هەروەها وەرگێڕانی بابەتەکەی تورۆ-دانجان لەبارەی نووسینەکەی ئاریشێن (ئاتالشێن) ، ل١٣٣-١٤٦.

[٩٠] دوای گەشتنی بابەتەکەی (هەزارمێرد) بە چاپ ئاماژەیەکم بینی بۆ بابەتەکەی دوکتۆر فەوزی لە گۆڤاری کارواندا (١/ل٥٧٥پەراوێز ٥٤). بەڵام بەداخەوە لێرەشدا هەڵە دەکات. دوکتۆر جەمال دەنووسێت: لەبەر ئەم هۆیە (دوکتۆر نالێت کام هۆ)و بۆ وەستاندنی فراوانبوونی وڵاتەکەیان (واتە وڵاتی لوللو) نیمخانی فەرمانڕەوای لغش (لو-ننا)ی کوڕی نارد بۆ ئەوەی حوکمی خمازی بکات (١/٥٧٥)و لێرەدا دوکتۆر ئاماژە بۆ بابەتەکەی د.فەوزی دەکات. ئەم زانیارییەش هەڵەیە. بۆ بەراوردی تەماشای بابەتەکەی (خامازی)ی خۆم بکە کە ئەمەم تێدا نووسیبوو:

ئامار – سین (٢٠٤٦-٢٠٣٨پ.ز)، کوڕی شولگی، فەرمانبەرێکی هەبوو بەناوی (لو – نانںا) کوڕی ناممخانی (نەك نیمخانی) کە فەرمانبەری خامازی بوو: (Edzard, Hamazi, RLA,4, S.70). (ناممخانی) ناوێکیش هەیە کە میری شاری (لاگاش)ی سومەری بوو و پیاوی گوتییەکان بوو کاتێك وڵاتی دووڕوباریان داگیر کردبوو(مێژووی دێرینی کوردستان، ل٧٥). بەواتایەکی ئەمە پادشای ئور بوو کە لو-نانںای بۆ خامازی نارد نەك ناممخانیی باوکی، ئەو ناممخانییەش دیار نییە کێیەو وەکو بەراوردییەك ناوی ناممخانی، فەرمانڕەوای لاگاش هەیە. واتە ئەوەی سەرەوە هەڵەیەکی د.فەوزییەو دوکتۆری خۆمان هەڵەکەی دووبارە کردۆتەوە. (تێبینی: وەکو وتم پێش ناردنی ئەم کتێبەم بۆ چاپ کتێبی(تاریخ الکرد القدیم)م تەماشا کردو دوکتۆر ئەم باسەی خامازی لە د.فەوزی ((بردووە)) کە لەو کتێبەدا پشتی بە نووسینەکەی خۆی لە گۆڤاری(کاروان) بەستووە).

[٩١] بۆ باسی خامازی بڕوانە بابەتەکەمان لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٤ لە ٥/٦/١٩٩٨، ل ١٧١-١٧٦، هەروەها باشترو وردتر لەکتێبی نوێماندا (مێژووی دێرینی کوردستان-کتێبی یەکەم، ل٥٩-٨٢).

چوارەمدایە(لاپەڕە٧١-٧١). ئەی ئەم هەڵەیەی دوکتۆر لەچییەوە هاتووە؟ هەڵەکە هی د.فەوزییە لەو بابەتە عەرەبییەی گۆڤاری (کاروان)ی. ئەو نووسیویەتی III واتە بەرگی سێیەم(ئەمەشی لە: تاریخ الکرد القدیم دووبارەکردۆتەوە) د.جەمالیش پەراوێزە هەڵەکەی د.فەوزیی نەقڵ کردووە! جگەلەوەش دوکتۆر بۆ تاکە زانیارییەك لاپەڕە ٧٠-٧١ی نووسیوە لەکاتێکدا ئەو دوو لاپەڕەیە هەموو بابەتەکە پێك دێنن، واتە ئەمەشی هەر لە د.فەوزی ((بردووە))!!

دوکتۆر بەهەڵەیەك ئەو بابەتە دەستپێدەکاتو دەنووسێت: ((ذكر اسم خمازي في جدول اثبات الملوك كمركز لسلالات مثولوجية))(١/ل٤٧٢). یەکەم هەڵە لەم ڕستەیدا هەڵەکردنە لەتەعبیرو زاراوە کاتێك دەنووسێت ((جدول اثبات الملوك)). ئەوەی دوکتۆر باسی دەکات بریتییە لە لیستی سومەریی پادشایان، ئەم لیستەش لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا بەزۆری پێی دەوترێت: اثبات الملوك السومري، بە ئینگلیزیش Sumerian King List ، بە کوردیش دەبێتە لیستی سومەریی پادشایان. وەرگێڕانی قسەکەی دوکتۆریش ئەمەیە: خشتەی لیستی پادشایان.

نووسەر لە پەراوێزێکی هەمان بابەتو لەهەمان لاپەڕەدا (١/ل٤٧٢پەراوێز ٦٥) دەڵێت تەماشای تۆماری پادشا سومەرییەکان (سجل الملوك السومريين) بکەو ئاماژە بۆ کتێبەکەی جەیکۆبسن دەکات (کە دڵنیام نەیدیوە): The Sumerian King List (بە SKL کورت دەکرێتەوە). وەسفی (سومەری) وەك بینیمان دەگەڕێتەوە بۆ لیستەکە نەك بۆ پادشاکان! نووسەر وەك کتێبەکەشی نەدیوە دەبوا بیزانیایە کە لیستەکە ناوی تەنها پادشا سومەرییەکان نییە، هیچ نەبێت بەوە بیزانیایە کە ناوی پادشایەکی خامازی هاتووە (پادشایانی شوێنی تریش کە دوکتۆر لەشوێنی تری کتێبەکەیدا ناویان دەبات). پێش هەموو شتێکی دەبوایە بە ناوە ئینگلیزییەکەی سەرچاوەکە ئەوەی بزانیایە.

دیسان لەیەکەم دێڕی ئەو باسە هەڵە کراوەو نووسەر دەڵێت خامازی لەو لیستەدا وەکو مەرکەزی چەند بنەماڵەیەکی ئەفسانەیی ناوبراوە. هەڵەکە لەوەدایە کە یەکەم: لیستەکە ئەو بنەماڵانە وەکو شتی ئەفسانەیی باس ناکەن ئەگەر چیش پادشای وای تێدا هاتووە (پادشا هەرە کۆنەکان) بەپێی لیستەکە هەزاران ساڵ حوکمیان کردووە. لیستەکەش بەقەناعەتەوە ئەوانەی لە خۆگرتووەو هیچی وای تێدا نییە کە ئەمانە ئەفسانەیین. دووەمیش: ماوەی حوکمی ئەو تاکە پادشایەی خامازی کە لەلیستەکە هاتووە بریتییە لە ٣٥٤ ساڵ[٩٢] واتە لیستەکە باسی تەنها یەك بنەماڵەو یەك پادشا دەکات نەك ژمارەیەك بنەماڵە وەکو دوکتۆر نووسیویەتی. دوکتۆر ئەم قسەیەی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە بەلام ئەم ناڵێت چەند بنەماڵە[٩٣] بەڵکو یەك بنەماڵەو ئەمە باوەڕی هێرتسفێلدە کە بنەماڵەکە ئەفسانەییە نەك باوەڕی لیستەکە خۆی.

نووسەر بوارمان نادات و هەڵەیەکی تر دەکات بەوەی دەڵێت کە بەهۆی ئەو لیستەوە وا دیارە (کیش) دەستی بەسەر خامازیدا گرتبوو لەکاتێکدا لیستەکە پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: ((کیش بە چەك لێدراو پادشایەتییەکەی چووە خامازی ..))[٩٤]. هەرچەندە جگە لە لیستەکە نووسراوی تر هەن باسی سەرکەوتنی کیش بەسەر خامازیدا دەکەن بەلام دوکتۆر لێرەدا باسی لیستەکە بەتەنیا دەکات.

نووسەر یەکسەر دوای ئەوە بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:((فوریر ئەم ناوەی بەشێوەی Hamâzî بەکارهێناوە)) کە ئەمە تەعبیرێکی زانستی نییە بەڵکو هیچ واتایەکی نییەو دەبوا بیوتایە: ئەو ناوەی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە. ئەم قسەیەش هی هێرتسفێلدە کە لەڕاستیدا شتێکی تری نووسیوە:

---

92 SKL, p.97.
93 PE, p.227.
94 SKL, p.97.

**Forrer, calls Hamazi, which the iššak of Subartu, Zigulaë, "carried away as booty", "den südöstlischsten Gau von Gutium an der Grenze Babyloniens".**[95]

لە قسەكەی سەرەوە ئاشكرایە فۆرەر خامازیی بە هەرێمە باشوورەرۆژهەڵاترەكەی گوتیوم لەسەر سنوور وڵاتی بابل زانیوە (call لێرەدا ئەم واتایەی هەیە: بەو شتەی زانی).

دوكتۆر ئەو قسەیەی سەرەوە كە تێكەڵەی ئینگلیزیو ئەڵمانییە نەقڵ دەكاتو رستە ئەڵمانییەكەش وەكو خۆی نەقڵ دەكات.

دوكتۆر پاش ئەوەی دەڵێت كە (فۆرەر) ئەم ناوەی بەشێوەی **Hâmzî** بەكارهێناوە رستەیەك دەنووسێت كە واتایەكی وا نادات بەدەستەوە؛ دوكتۆر دەڵێت: ((الذي أبعد منه إساك سوبارتو (وزير او نائب ملك سوبارتو) المدعو **Zigulaë** أسبوتي)).

ئەمانە پێویستیان بەوەیە یەك بەیەك شی بكرێنەوە:[٩٦]

ئەگەر وا تێبگەین زیگولاێ **Zigulaë** پیاوێكە ئیشەكەی ئەوەیە ئیساك (=وەزیر یان جێنشینی پادشا)ی سوبارتووە ئەی ئیسبوتی چییەو كێیە؟ كامەش كامەی دوورخستۆتەوە؟ وا دیارە لەبەرئەوەی باسی خامازی كراوە دوكتۆر مەبەستی لەوەیە ئەو فەرمانڕەوایەی سوبارتو لە خامازی دوورخراوتەوە. ئەم چەند وشەیەی دوكتۆریش سەرتاپا هەڵەن لەبەر ئەوانەی خوارەوە:

یەكەم: (ئیساك) نییە بەڵكو (ئیششاكو)، لەو دەقەشدا كە ناوی هاتووە (ئەویش نامەیەكە بۆ دوایەمین پادشای بنەماڵەی سێیەمی ئورە) باسی (ئێنسی)ی سوبارتو كراوە كە ناوەكەی وا هاتووە: زیگومێ **Zigu-um-e**، شێوەی (زیگولاێ) خوێندنەوەی (فۆرەر)ـە بەڵام خوێندنەوەیەكە هەڵەیە[٩٧]. بۆ ئەوەی باقی هەڵەكان دیار بن ئەمە مەسەلەكەی كابرای ناوبراوە:

(ئیشبی ئێررا) كابرایەك بەدیل دەگرێت كە ناوی (زیگومێ)یەو ئەو زیگومێیە ئێنسی(=فەرمانڕەوا)ی سوبیر (سوبارتو) بوو و ئشبیی ئێررا هەروەها خامازیی تاڵان دەكات[٩٨]، واتە مەسەلەكە دوورخستنەوە نەبووە بەڵكو بەدیلگرتن بوو و دیار نییە ئەو سوبارتووە پەیوندیی هەبوویێت بە خامازییەوە یان نا، زیگومێش فەرمانڕەوا بوو نەك وەزیر یان جێنشینی پادشا. مەسەلەی (ئیسبوتی)ش دەمێنێتەوە.

لەبابەتەكەی (هەزارمێرد)دا نووسیبووم نەمزانی ئیسبوتی چییە بەڵام ئێستا كە كتێبەكەی هێرتسفێلدم لەبەردەستدایە دەزانم چییەو لەچییەوە هاتووە. تەماشای نووسینە ئینگلیزیو ئەڵمانییەكەی سەرەوە بكە دەبینی هێرتسفێلد وای نووسیوە: **carried away as booty** "كاريد ئەوەی ئەز بووتی" واتە: وەك تاڵانی (یان دەستكەوتی شەڕ) برا[٩٩]!! بەم جۆرە **as booty** (ئەز بووتی=وەك تاڵانی) لای دوكتۆر بۆتە (اسبوتي)!! لەمەوە دیارە دوكتۆر ئەوەی لە كتێبەكەی هێرتسفێلد (كۆپی-پەیست) كردووە بەڵام كە كردوویەتی بە عەرەبی وایزانیوە ئەمە ناوە. با ئەوەش بڵێین كە هەر كەسێك كەمێك شارەزایی هەبێت لە نووسینی مێخیو لەوە كەمتر شت لەبارەی زمانی سومەریو ئەكەدی بزانێت، پێویستیش ناكات وەك دوكتۆری خۆمان ((شارەزا)) بێت، هەر كە نووسینێكی وا

---

[95]**PE, p.227.**

[٩٦] ئەمانەم وا لە بابەتەكەی هەزارمێرددا نووسیبوو و لێرەدا وەكو خۆیان دەیانهێڵمەوە.

[97]**HS, p.19+38.**

[98]**P.Steinkeller, The Historical Background of Urkesh and the Beginnings in Northern Mesopotamia, Bibliotheca Mesopotamica, Vol.26, Urkesh/Mozan Studies 3, Urkesh and the Hurrians, Studies in Honor of Lloyd Cotsen, Undena Publications, Malibu, 1998. p.80n.17.**

[٩٩] لەڕاستیدا :(بردى) بەڵام لەبەر باسە مێژوویییەكە كردم بە (برا)، ئیتر یان هەڵەی چاپە لای هێرتسفێلد یان هێرتسفێلد واتێگەشتووە فەرمانڕەواكە خۆی شتی برد.

دەبینێت: as booty دەزانێت ئەمە نە وشەو نە ناوێکی سومەری یان ئەکەدییە چونکە شتێك نییە لە نووسینی مێخیدا بۆ تەعبیر کردن لە دەنگی (ۆ) جگەلە پێکهاتی دوو وشەکەو پیتەکانی کە بە چاو دیارە ناو یان وشەی کۆن نین.

هێشتا لە سێ دێرو دوو وشەی یەکەمی ئەو باسەدایین کە دوکتۆر بۆ خامازیی تەرخان کردووە!

نووسەر تەعبیرێکی سەیر دەنووسێت: ((في حين ان الملاحظة التاريخية الوحيدة عند ارنست هرتسفلد هو: ان وزير اراد سن في اور كان هو إيساك في لغش وحاكم على Basime و اوربيللوم و خمازي و غيرها من البلدان..)).

بەچاوپۆشی لەوەی دەبوایە (هی) بوایە نەك (هو)، و ئیسساك نییە بەڵکو ئیشاکو.. تەعبیری ((في حين ان الملاحظة التاريخية الوحيدة عند ارنست هرتسفلد..)) سەیرە. نووسەر دەبوا بیوتایە: هێرتسفێلد لەبارەی خامازییەوە تەنها باسی وەزیرەکەی ئاراد سینی کردووە کە ئیششاکوی لاگاشو ..تاد، نەك بڵێت: تاکە تێبینیی مێژوویی لای هێرتسفێلد ئەوەیە وەزیرەکەی ئاراد سین ئیششاکوی لاگاش بوو ..تاد. دوکتۆر بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی تەعبیری نازانستی. جگە لەوەش، ئەم تەعبیرە لێرەدا واتای ئەوەیە کە ئەو شتی زۆری لە کتێبەکەی هێرتسفێلد وەرگرتووە بەڵام لەم بەشەدا تەنها ئەم زانیارییە بینیوە، واتە جگە لە بەکارهێنانی تەعبیری نازانستی دوکتۆر لێرەدا قسە لەگەڵ خۆیدا دەکاتو بەخۆی دەڵێت: "هێرتسفێلد شتی زۆر نووسیوەو شتی زۆرم لێ وەرگرتووە کەچی لەباسی خامازیدا تەنها ئەم تێبینییەی هەبووە"[١٠٠].

با ئەوەش بڵێین کە ئاراد سین (ئیر-ناننا بە سومەری) فەرمانڕەوای سەر بە شو-سین، پادشای ئور بوو نەك خۆی پادشا بووبێت وەك دوکتۆر وایزانیوە![١٠١]

نووسەر دوای ئەوە باسی ئەو نامەیەی پادشای (ئێبلا) دەکات- لە ڕۆژئاوای سووریا- کە ناوی (ئیرکاب دامو) بوو و ناردبووی بۆ پادشای خامازی کە ناوی (زیزی) بوو و گەورەی ئیدارییەکانی کۆشکی پادشای ئێبلا ئەو نامەیەی دابووە باڵیۆزی خامازی.[١٠٢]

ئەم چەند دێرەی سەرەوە واقعی باسی نامەکەن، کە تەنها یەك نامە لەم جۆرە هەیە لە ئەرشیفەکانی ئێبلادا بدۆزرێتەوە بەڵکو لەوەش زیاتر تاکە دەقێکە لە هەموو ئەرشیفەکانی ئێبلادا ناوی خامازیی تێدا هاتبێت[١٠٣] کەچی دوکتۆر دەڵێت کە ئەو نامانەی لە ئێبلادا.. دۆزراونەوتەوە پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان ئێبلاو خامازی ڕوون دەکەنەوە!

---

[١٠٠] ئەم پەرەگرافەم وەکو خۆی هێشتەوەو ئێستا کە کتێبەکەی هێرتسفێلدم لەبەردەستدایە دەبینم کە ئەم قسەیە هی ئەوەو دوکتۆر وەریگرتووە. هێرتسفێلد نووسیویەتی: تاکە تێبینیی مێژوویی کە بیزانم ئەمەیە: ئاراد سین، وەزیری شو سینی ئور، ئیششاکی لاگاش و فەرمانڕەوای باشیمێ Bašime و ئوربیلوم و خامازی ..تاد بوو(ل٢٢٧). هێرتسفێلدیش دیارە مەبەستی لە زانیارییەکی واقعی نەك ئەفسانەیی وەك باسی پادشای خامازی لە لیستی سومەریی پادشایان کە بینیمان بە ئەفسانەیی دەزانێت، لەبەرئەوەشە نووسیویەتی: ((تێبینیی مێژوویی)) تا لە شتی ئەفسانەیی جیای بکاتەوە. بەم جۆرەش وەرگرتنەکەی دوکتۆر لەو جۆرە (کۆپی-پەیست)انەیە کە هیچ پاساوێکیان نییە: با هێرتسفێلد هەر ئەو تێبینییەی هەبێت چ پێویست دەکات، ئەگەر من زانیاریی مێژوویی دیکەم هەبێت، وەك ئەو شتانەی لە د. فەوزییەوە ((براون))، قسەکەی هێرتسفێلد بڵێمەوە؟

[١٠١] بڕوانە :

**Edzard, Hamazi, in; RLA, 4, S. 70 + RISA, p.269.**

[١٠٢] هۆی ئەوەی نامەکە لە ئەرشیفەکانی ئێبلادا دۆزرابووەوە ئەوەیە وەك د.فەوزی دەڵێت نامەکە یان نوسخەی دووەمە یانیش ئەوەیە نەنێردرابوو.

[١٠٣] هەرچەندە لە دەقێکی تردا ناوی شوێنێك هاتووە: خامازا (خەمەزا) $\text{ha-ma-za-a}^{ki}$ :

**P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.82n.27.**

بەوەش ناوەستێت و یەکسەر دوای ئەم قسەیەی دەڵێت: ئەویش کاتێك پادشای کیش کە ناوی (میسالم) بوو هەوڵی دابوو پەلاماری سووریا بدات. د.فەوزی ڕەشید لە بابەتەکەیدا لەبارەی خامازی پەیوەندیی نێوان خامازی و کیش بەوە لێکداوەتەوە کە شاری (کیش) مەترسییەکی هاوبەش بوو بۆ هەردوو شارەکە. د.فەوزی باسی دەقێکی تری ئێبلا دەکات کەباسی ئەوەی تێدا هاتووە (مێسیلیم) **Mesilim** پادشای کیش ویستبووی ئێبلا داگیر بکات[١٠٤]، واتە د.فەوزی بۆچوونێك دەخاتە ڕوو (تەفسیری پەیوەندیی نێوان خامازی و کیش) بەڵام د.جەمال ئەو بۆچوونەی لەلا بۆتە ڕاستی.

دوکتۆر دەنووسێت: سەرەڕای هەڕەشەکانی هێزەکانی کیش بۆ سەر خامازییەکان و باکووری وڵاتی دووڕووبار بەگشتی بەڵام حوکمی کاشی لەبابلدا بەدەستی لوللوبییەکان کە خەڵکی خامازین کۆتایی پێهات. دوکتۆر بۆ ئەو قسەیەی، واتە کۆتایی هاتنی حوکمە کیش لەسەر دەستی ((اللوللوبیین سکان خمازی)) پەراوێزێك دادەنێت ئەویش کتێبەکەی جەیکۆبسن **The Sumerian King List**. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە کتێبەکەی نەدیوە چونکە جەیکۆبسن یەك ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە.[١٠٥]

دیارە هەڵەی چاپە کە (حوکمی کیش) بۆتە (حوکمی کاشی)، هەروەها دەتوانین چاو لەبەکارهێنانی ناوی ((وڵاتی بابل)) بۆ سەردەمێك کە هێشتا زاراوەی ((وڵاتی بابل)) پەیدا نەببوو بپۆشین بەڵام ئەوەی سەیرە دوکتۆر خەڵکی خامازیی کردۆتە لوللویی چونکە نەك تەنها هیچ دەقێکی وڵاتی دووڕووبار باسی ئەوەی نەکردووە، بەڵکو هەروەها لەو دەقانەی دۆزراونەتەوە هیچ شتێك نییە یارمەتیمان بدات ئەو بۆچوونە پەسەند بکەین. تەنها یەك شت هەبێت ئەوەیە شوێنی موحتەمەلی خامازی لە ناوچەی سلێمانییە کە پاش چواردە سەدەی بە ئاشکرایی هەبوونی لوللوییەکان لەو ناوچەیەدا دەبینین.[١٠٦]

نووسەر دەقی نووسینە سومەرییەکەی لیستەکە دەکاتە عەرەبی و دەڵێت: ((کیش بەچەك لێدراو پادشایەتیەکەی بۆ خامازی چوو، لە خامازیشدا خاتانیش بووە پادشاو ٣٦٠ ساڵی حوکم کرد، خامازی بە چەك لێدراو پادشایەتییەکەی چوو بۆ وەرکا)) کەچی چەند دێڕێك پێشتر وتبووی: ((وا دیارە خامازی تەنها پاش ئەوەی کیش کەوت و ئوروك سەرکردایەتیی بەشی باشووری عیراقی کرد سەربەخۆیی وەرکرت)). نووسەر لەو دەقە عەرەبییەش تێنەگەشتووە کە نەقڵی کردووە. دەقەکە ڕوونوئاشکرا دەڵێت کە سەرەتا خامازی بەسەر کیشدا سەرکەوت و دوایی ئوروك بەسەر خامازیدا سەرکەوت ئیتر چۆن کیش لێدەدرێت و ئوروك دەسەڵاتدار دەبێت و ئینجا خامازی سەربەخۆیی وەردەگرێت؟[١٠٧] بەهەرحاڵ دوکتۆری خۆمان ئەمەی لە د.فەوزی وەرگرتووە(تاریخ الکرد،٤٤) بەڵام د.فەوزی سەرەتا باسی سەربەخۆیی خامازی پاش سەرکەوتنی ئوروك بەسەر کیشدا دەکات ئینجا ئیحتمالی لەوە بەهێزتر دەڵێت ئەویش کەوتنی کیش بەدەست خامازی، دوکتۆری خۆمان هەموو ئەو ئیحتمالە دژبەیەکانە وەکو یەك باس دەکات.

د.جەمال ئەو دەقە سومەرییەی د.فەوزی (کە بە لاتینییە) ((دەبات)) بەڵام بەئارەزووی خۆی و ((شارەزای زمانە فەوتاوەکان)) بەشێوەیەك نەقڵی دەکات کە بۆ سەمەرە دەشێت. ئەو سەرەتای هەر بڕگەیە بە پیتی کاپیتاڵ دەست

---

[١٠٤] کاروان، ژمارە٢١، حوزەیرانی١٩٨٤ ، بەشی عەرەبی، مملکة خمازي، ل ١٤٧.

[١٠٥] لەو زانیارییانەی لەو کتێبە بەدەست نەقڵم کردبوون تەنها باسی ئەوە کراوە کە خامازی نزیك سلێمانییە.

[١٠٦] تومەز ئەمە قسەی د.فەوزییە لە(تاریخ الکرد القدیم) ئەویش وەکو بۆچوون:"بۆیە دەتوانین بڵێین کە لوللوبییەکان ئەو دەوڵەتەیان دامەزراندبوو"(ل٤٣)، بەڵام ئەمە بەڵگەی لەسەر نییە جگەلەوەی لەسەرەوە تووەمەو د.فەوزیش باسیکردووە.

[١٠٧] دەقی سەرکەوتنی پادشایەکی ئوروك بەسەر پادشایەکی کیشدا هەیەو لە کتێبەکەماندا باسمان کردووە.. بەڵام دوکتۆر ئاگای لەو دەقە نییە.

پێدەکات وەك بڵێی دەقێکی ئینگلیزییە، نەك سومەری، کەمترین زانیاریش لەو بوارە بەسە بۆ زانینی هەڵەکانی ئەو((بردنە)).

نووسەر نامەکەی ئێبلا کە باسی خامازیی تێدایە بە پاشماوەی لولوبییەکان دەزانێت. نووسەر دەڵێت ئەوەی ماوە لەپارچەی نامەکانی پادشایانی خامازی کە بۆ پادشایانی ئێبلا لە سەردەمی ئەکەدی نێردراوە بە گرنگترین بەڵگەنامەی لولوبی لەمێژوودا دەزانرێن(١٣١/١).

یەك وشەش لەم قسانە ڕاست نین چونکە بینیمان ئەو نامەیەی ناوی خامازیی تێدایە یەك نامەیە، پاشان نامەکە هی ئێبلایەو بۆ پادشای خامازی نێردراوە نەك هی پادشایانی خامازی. دواتر نامەکە پەیوەندیی بە لولوبییەکانەوە نییەو تەنها ناوی خامازیی تێدا هاتووە. هەروەها نامەکە هی ((پادشایەك))ی ئێبلایە نەك ((پادشایان))ی ئێبلا. جگەلەوەش ئەو نامەیە ئەکید نییە هی سەردەمی ئەکەدی بێت. لەکۆتاییشدا چۆن دەوترێت ئەو((بەڵگەنامانە)) گرنگترین بەڵگەنامەی لولوبییە لە مێژوودا؟!

نووسەر بەهەمان جۆر دەڵێت (١٢١/١پ٦): لەبارەی ئەو نامانەی نێوان پادشایانی لولوبیو پادشایانی ئێبلا ئاڵوگۆڕکراون بڕوانە:

**G.Pittinato, The Archives Of Ebla, An Empire Inscribed In Clay, New York, 1980, P.108, 73.[108]**

خوێنەریش زانی ئەم قسانە چەند هەڵەن و ئەمجارە با خۆی بەراوردییەکە بکات تا بزانێت لەو هەشت وشەیە چواریان هەڵەن، ئەمەش جگەلە ((بردنی)) سەرچاوەی سەرەوە لە د. فەوزی.

نووسەر لە بابەتی لوللوییەکان (٥٦٧/١-٥٨٠) هەندێك لەو قسانەی سەرەوەی لەبارەی خامازییەوە دووبارە کردۆتەوە (ل٥٧٢-٥٧٣) لەگەڵ یەك دوو زانیاریی تر کە حاڵیان وەکو ئەوانەی پێشووترە.

## نەخشەکەی دەربەندی بێلوولە

نووسەر خراپ بەسەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەندی (بێلوولە)دا (کە هەروەها بە نەخشەکەی هۆرێن-شێخان ناسراوە) دەهێنێت و وای دەشێوێنێت سەری لە بنی ناناسیتەوە. باسی ئەو نەخشەش لەو بەشەدا هەیە کە نووسەر بۆ (ناوار) یان (نامری)ی داناوە (٥٠٨/١-٥١٦)، هەروەها لەشوێنی تری کتێبەکەیدا.

نووسەر دەڵێت نەخشەکە لەسەر بەردێکی سەربەخۆ[١٠٩] کراوە کە ئەمە هەڵەیە چونکە نەخشەکە لەڕاستیدا لە ڕووی کێوەکە دروستکراوە. پاش ئەوەی کتێبەکەی هێرتسفێلدیشم دەستگەوت بۆم دەرکەوت کە نووسەری خۆمان ئەو دوو سێ دێڕەی سەرەتای باسەکەی لەوەوە وەرگرتووە (لەگەڵ وردە هەڵە). هێرتسفێلد دەڵێت: پەیکەرێکی کۆنی بەردین لەگەڵ نووسینێکدا لە دۆڵێکی چەپەك کە پێی دەوترێت شێخان:

**..an old rock sculpture with inscription, in a lateral valley called Shaikhān[110]**

---

[١٠٨] هەرچەندە بەپێی د.فەوزی نامەکە لە لاپەڕە ١٠٨ی ئەو سەرچاوەیەدایە بەڵام ئاماژەی د.فەوزی لێرەدا بۆ ل١٠٨و ل٧٣ بۆ دەقی دیکەیە نەك بۆ نامەی پادشایانی..تاد:(تاریخ الکرد ،ل٤٤+ل١٤٧، پەراوێزی ١٠و ١٢).(د.جەمال پیتی یەکەمی ئامرازەکان: of ، in بەکاپیتاڵ دەنووسێت).

[١٠٩] دوکتۆر وشەی (سەربەخۆ)ی بەکارنەهێناوە بەڵکو نووسیویەتی: ((علی صخرة مستقرة علی وادي..)) ئەمەش هەر واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەردێکی تەنیایە.

[110]PE, p.154.

لەبەرگی دووەمی کتێبەکەی دوکتۆردا شتی سەیرتر هەیە ئەویش کە نەخشە هەڵکەندراوەکە لە مۆزەخانەی لوڤردایە (٣٥٣/٢)!. هەروەها دەڵێت: لەبارەی وردەکارییەکانی چیرۆکەکەیو وەرگێڕانی دەقەکەی بگەڕێرەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی (ثیورو دانجن):

**Th. Dangin in RAAOTX, 1912, 1-4.**

ئەو ((لێکۆڵینەوانە))ی تورۆ-دانجان لەڕاستیدا یەك بابەتەو تەرخانکراوە بۆ نووسینەکەی ئاتال شێن (ئاری شێن) پادشای ئورکیشو ناوار ،ئەویش ئەو نووسینەیە کە بە لەوحەکەی سامەڕا ناسراوەو ناوبراو تاکە یەك وشەی لەبارەی نەخشەکەی دەربەندی بێلووله نەوتووە[111].

هێشتا هەڵەی زۆر لەبارەی نەخشەکەو خاوەنەکەی ماوە. سەرەتا باسێکی کورتی نەخشەکە بکەمو پاشان بێمە سەر ئەو شتانەی دوکتۆر نووسیونی.

نووسینی سەر نەخشەکەو بەتایبەت ناوی پادشا بەچەند جۆرێك خوێنراوەتەوە. ئەمەی خوارەوەش کورتەیە لە بابەتی (*وێنەی جەنگاوەرێك، نەخشەکەی هۆرێن- شێخان*) بەخۆیو پەراوێزەکانیەوە لەکتێبی (*مێژووی دێرینی کوردستان*)ی خۆم وەرگرتووە:

لە وەرگێڕانە کۆنەکەی نوسینەکەدا ناوی پادشا وا هاتووە: تار..نی **Tar...ni** ... کوڕی..[112].

وەرگێڕانێکی تری نووسینەکە ناوی پادشاو باوکەکەی وا لێ دەکات: تار..دون نی **Tar...dunni** کوڕی ئیککی **Ikki**[113].

(هێرتسفیلد)یش لە کتێبەکەیدا: (ئیران لەڕۆژهەڵاتی دێریندا) ناوەکە وا دەخوێنێتەوە: خانەی یەکەمو دووەم لەوە دەچێت بە هێمای خوداوەندێك دەست پێبکەنو بە (بی ری نی) (**bi-ri-ni**) تەواو دەبن، ناوی باوکیشی ئیککیب شاخمات[114] **Ikkipšahmat**.

(دیاکۆنۆف) بە جیاوازییەکی زۆرەوە ناوەکە دەخوێنێتەوە: ل شیر پیر ئینی، کوڕی ئیکیب – شاخمات (؟)[115].

وەرگێڕانێکی تری ناوەکە بە ..ئیرپیرین (**irpirin**).. دەخوێنێتەوە[116]. (فاربەر) ناوەکەی بەجۆرێکی نزیك لەم ناوە خوێندۆتەوە ئەویش: س-س-ئیربیرینی **x-x-irbirini** (x-x واتە دوو هێمای شکاو) ناوی باوکیشی بە ئیککیبشاخمات **Ikkibšahmat** دەخوێنێتەوە[117] کەجیاوازیی نییە لەگەڵ ئیککیپ شاخمات، هەروەها جیاوازیی وا نییە نێوان (..ئیرپیرین)و (..ئیربیرینی) چونکە لە زۆر هێمادا دەنگی (ب) بە (پ)ش دەخوێنرێتەوە.

نووسەرەکەمان کارێکی زۆر سەیر دەکات: جارێك وەرگێڕانێکی هێرتسفیلد دەهێنێتەوەو ناوی پادشا وا دەنووسێت: (خوبانی پیرینی) کوڕی (ئیکیپ شاخمات) (٥٠٨/١) وێنەی نەخشەکەشی لە لاپەڕە بەرامبەرەکە، واتە لاپەڕە ٥٠٩ی داناوەو هەمان ناوی پادشایو ناوی باوکی لەژێر وێنەکەدا نووسراوە.

نووسەر پاش ئەوەو لەو بەشەی بۆ گەلانی کۆنی کوردستان تەرخانی کردووە باسی گوتییەکان دەکات (١/ل٥٤٧-٥٦٦)و باسی هەمان نەخشە دەکاتو قسەی دیاکۆنۆف دەهێنێتەوە کە ئەم نەخشە هی گوتییەکانەو

---

[111] ئەو بابەتەی تورۆ-دانجانمان لە گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە ، ١٨ ، زستانی٢٠٠٢ ، ل ٩٨-١٠٤ وەرگێڕاوە. بڕوانە هەروەها کتێبی: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، ل١٣٣-١٤٦.

[112] J.de Morgan, Mission Scientifique en Pers, tome 4, Paris, 1896, p.159.

[113] RISA, p.169.

[114] E. Herzfeld, Iran in the Ancient East, London, 1941, p.186.

[115] ئای. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: بورهان قانع، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٦٨١.

[116] E.Sollberger, J-R. Kupper, Inscriptions royales sumeriennes et accadiennes, Paris, 1971, p.169.

[117] P.Calmyer, RLA, 4, S.504.

دەڵێت: ئەو نووسینانەی سەر نەخشەکە وای نیشان دەدەن کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاری دووەم پ.ز یان ماوەیەك لەمە کۆنترو کەسێك نیشان دەدات بەناوی لیشیر-بیرانی(٥٦٥/١)، پاشان دوکتۆر لەلاپەڕەی دواتر هەمان وێنەی نەخشەکە (بە قەبارەیەکی بچووکتر) داناوەتەوەو لەژێریەوە نووسیویەتی:نەخشەی لیشیر بیرانی لە هۆرێن شێخان!!

بەواتایەکی تر دەبوایە نووسەر بەلای کەمەوە تەماشای ئەوەی بکردایە کە دوو وێنەکە یەك شتن و هەردووکیان هی یەك ناوچەن بەتایبەت کە ئەمە هەڵەی چاپ نییە چونکە بینیمان لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت کەوا خۆی تایپ و نەخشەسازیی کتێبەکەی کردووە.

نووسەر لە جاری یەکەمدا دەڵێت کە بەپێی هێرتسفیلد نەخشەکە هی ماوەی نێوان بنەماڵەی ئەکەدو ئوری سێیەمە (٥٠٨/١) کە ئەمە دەکاتە پێش ساڵی ٢١٢٢ ی پێش زاین چونکە بە تەقریبی لەو ساڵەدا حوکمی بنەماڵەکەی ئور دامەزرا کەچی بینیمان لەو شوێنەی تر کە قسەی دیاکۆنۆف دەهێنێتەوە باس لە هەزاری دوووەم پ.ز، کە ئەمە جیاوازیی زیاد لە سەدەیەکە.

بەڵام هێشتا ماومانە چونکە دوکتۆر دەڵێت کابرا گوتییە ئینجا شەش لاپەڕە پاش ئەوە دەیکاتە لوللویی و دەڵێت: وڵاتی لوللو پێش هێرشەکانی گوتییەکان بۆ سەر سومەرو ئەکەد سەربەخۆ بوو و پادشایانیان نەخشەو میلەکانیان تێدا دانابوو وەك ئەوەی ناوی (تار-دون-نی)ی پێوەیەو کە کۆتاییەکەی وەك کۆتایی ناوی ئانوبانینی یەو هێرتسفیلد باسی دەکات.. ئینجا دوکتۆر ناوی سەرچاوەیەکی تر دەنووسێت (٥٧٢/١پ٤٦).

بەواتایەکی تر دوکتۆر بۆ هەمان نەخشەو پادشا جارێك دەڵێت گوتییە (بڕوای دیاکۆنۆف[118])و دوکتۆر جارێکی تر دەیکاتە لوللویی (دوکتۆر ناوی هێرتسفێلد دەبات). جگە لەوەش دوکتۆر جارێك ناوەکە دەکاتە خوببانی پیرینی (گوایە بەپێی هێرتسفێلد.. بەڵام گومانم لەمە هەیە)[119] و جارێك لیشیر بیرانی(بەپێی دیاکۆنۆف.. راستەکەشی: لیشیر پیرئینی)و هەمان وێنەی (خوببانی پیرینی)ی دادەنێت و جاری سێیەم تار-دون-نی (دیسان ناوی هێرتسفیلد دەنووسێت).

ئینجا رەنگە خوێنەر زانیبێتی ئەمە هەڵانە بۆچی کراون. نووسەر شتی خڕکردۆتەوەو ئەو شتانە هەر جارەی بەجۆرێك بووە بێ ئەوەی ئاگای لەو رستانە بێت کە دەیانووسێت و لەو وێنانەی دایاندەنێت، نووسەریش بێگومان هەر خۆی بووە کە وێنەی نەخشەکەی سکان کردووە بۆ ئەوەی لەکتێبەکەیدا دایبەزێنێت و هەر خۆی شتی لەژێردا نووسیوە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی ناوەکە بە (خوب بانی پیرینی) لەلایەن هێرتسفێلدەوە، ئەمە راستە، وەك لە پەراوێزەکەی خوارەوە نووسیومە، کە ناوبراو لەو کتێبەیدا وای خوێندۆتەوەو ئەم خوێندنەوەیەی جیاوازە لەوەی ناو کتێبە پێشووەکەیدا (ئێران لە رۆژهەڵاتی کۆندا). دوکتۆری خۆمان هێماگۆڕینەکەی نەقڵ کردووەو ژمارەیەك هەڵەی کردووە، بۆ نموونە دێڕی دووەم کە نووسیویەتی pî راستەکەشی لای هێرتسفێلد ئەمەیە: pí . رەنگە لای خوێنەری ئاسایی ئەمە زۆر فەرق نەکات بەڵام لە زانستی ئاشۆرۆلۆجی فەرق زۆر دەکات و نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی نووسیویەتی هیچ زانیارییەکی سەرەتایی نییە لەبارەی ئەو زانستە چونکە ئەوەی دوکتۆر نووسیویەتی واتای ئەوەیە (ی)ی ناو برگەی (پی) درێژە بەڵام ئەوەی هێرتسفێلد نووسیویەتی، واتە pí بریتییە لە هێمای ژمارە دووی (پی).

---

[118] بڕوانە: دیاکۆنۆف، میدیا، ل١٨٠.

[119] ئەمە گومانەم بوو پێش دەستکەوتنی کتێبەکەی هێرتسفێلد ، ئێستاش بۆم دەرکەوتووە کە راستە هێرتسفێلد وای نووسیوەو بەم جۆرە هەڵەی دوکتۆر گەورەتر دەبێت کە ناوی کابرای بەم چەند شێوە جیاوازە هێناوەو هەمووشیان بەدڵنیاییەوە.





منحوتة ليشير بيراني في هورين شيخان

یەك وێنەی یەك پادشا، جارێك ناوەکە لەژێریدا (خوبانی بیرینی) نووسراوەو جارێکی تر (لیشیر بیرانی)!!

## نامــــری

وتمان بەشێکی باسی نەخشەکەی دەربەندی بێلوولە لەبابەتی (نامری)ی کتێبەکەی دوکتۆردا هەیەو ئەمەی خوارەوە بەشی تری هەمان بابەتی نامرییە.

ئەم بەشە کە دوکتۆر تایبەتی کردووە بە نامری لە دوو سەرچاوە وەرگیراوە: ئەوەی هێرتسفێلدو ئەوەی لیڤاین، بێگومان بەو شێوەیەی ئێستا خوێنەر شارەزای بوو، واتە وەرگرتنی زانیارییەکانو ناوی سەرچاوەکان بێ ناوبردنی ئەو دوو کەسە، مەگەر چەند جارێك نەبێت بەجۆرێك خوێنەر وا تێدەگات دوکتۆر خۆی ئەو زانیاریانەی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، هەروەها سەقەتکردنی زانیارییەکان بە تێنەگەشتن لە قسەکانی ئەو دوو کەسەو بە وەرگێڕانی هەڵە.

لیڤاین نووسیویەتی:

ناوی نامریو شێوەکانی تری: نامارو ناوار مێژوویەکی کۆنتری هەیە لەچاو ئەو شوێنانەی تا ئێستا موناقەشە کران (لیڤاین، ل٢٢). لیڤاین مەبەستی بابەتەکەی خۆیەتی کە پێشتر لە (کیرروی)و (زاموا)ی کۆڵیبووەوەو ئەمانە نوێترن لە مێژوودا لەچاو نامری.

دوکتۆر ئەم قسەیەی لیڤاین وەردەگرێت بەڵام وای لێ دەکات:

ناوی نامریو هاوتاکەی (راستتر هاوتاکانی/ف.ق) مێژوویەکی پڕ لە ڕووداوی هەیە کە وردەکارییەکانی بەم جۆرە یان بەجۆرێکی تر لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە لێی کۆڵرابووەوە (٥٠٨/١).

دوکتۆر لێرەدا پەراوێزێکی داناوە کە تێیدا ئەو سەرچاوانە نووسراون کە باسی نامرییان تێدایەو بریتین لە کتێبەکەی هێرتسفێلدو بابەتەکەی لیڤاین، بەڵام ئەوانەی تر هەر ئەوانەن کە لیڤاین نووسیونی (ل ٢٢، پەراوێز ٩٥).[١٢٠]

ئینجا دوکتۆر دەنووسێت: زانای شوێنەوارناسی فەرەنسی شیورو دانجین (وتمان راستەکەی ئەمەیە: تورۆ-دانجان) لە لاپەڕە ١-٤ ی ژمارەی نۆیەمی گۆڤاری لێکۆڵینەوە ئاشورییەکان دەڵێت ئەم ناوە لەو دەقانەدا بینراوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەکەدیی کۆن. دوکتۆر دەنووسێت: بڕوانە بە فەرەنسی ..ئینجا ناوی ئەو بابەتەی تورۆ-دانجان دەنووسێت.

ئەم بڕگەیەش پڕ لەهەڵەیە. یەکەم: ناوی گۆڤارەکە لێکۆڵینەوە ئاشورییەکان (الدراسات الاشورية) نییە بەڵکو: گۆڤار یاخود بڵاوکراوەی ئاشورۆلۆجییە. (ناوی تەواویشی: گۆڤار یان بڵاوکراوەی ئاشورۆلۆجیو ئارکیۆلۆجیای رۆژهەڵاتی). زانیمان ئاشورۆلۆجی بەو زانستە وترابوو کە لە نووسینی مێخی دەکۆڵێتەوە[١٢١]. دووەم هەڵە ئەوەیە دوکتۆر بۆ ئەو زانیارییە تاکە لەبارەی نامری هەر چوار لاپەڕەی بابەتەکەی نووسیوە! بەڵێ بابەتەکە هەمووی چوار لاپەڕەیە (جگە لەوێنە) ئەوانیش لاپەڕە ١ تا ٤و دەبوایە دوکتۆر بیزانیایە ئەو زانیارییە بچووکە لە کام لاپەڕەدایە. هەڵەکەش لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ (لیڤاین) کە ئاوا نووسیویەتی (ل٢٢+پەراوێز٩٦) دوکتۆری خۆمان یەکسەر لێی وەرگرتووە هەرچەندە ڕەنگە مەبەستی لیڤاین لە زاراوەکە نامری و هاوشێوەکانی واتە نامارو ناوار، کە ئەگەر ئەوەش بێت هەر هەڵەیە چونکە لەو سەردەمەدا شێوە (ناوار) بوو و ئەو باو بووە هەرچەندە (نامار)یش بینراوە[١٢٢]، لەکاتێکدا شێوەی (نامری) هێشتا پەیدا نەببوو.

---

[١٢٠] یەك لەو سەرچاوانە بابەتەکەی (شترێك)ـە لە گۆڤاری ZA بەڵام دوکتۆر بەرگی ١٣ دەنووسێت کە راستەکەی بەرگی ١٥ ـەیە.

[١٢١] زاراوەیەکی تر کە راسترە: لێکۆڵینەوەی مێخی.

[١٢٢] بەپێی لەوحێکی درێهم (سەردەمی ئور٣)، بڕوانە بابەتە وەرگێڕدراوی تورۆ-دانجان، مێژووی دێرینی..، کتێبی یەکەم، ل ١٣٦.

ئینجا دوکتۆر دەنووسێت: لە سەردەمی ئاشوریشدا باسکردنی نامری بەردەوام بوو (١/٥١٠)، لیڤاینیش هەر بەو تەرتیبە، واتە پاش قسەکەی سەرەوە نووسیویەتی: .. و تا سەردەمە ئاشورییەکان بەکاردەهات.

پاشان دوکتۆر دەڵێت: هۆی ئەوەی کە ئیتر باسی ئەو هەرێمە نەکرا ئەوەیە هەرێمەکە بە بەشێك لەناوچە کاشییەکان زانرا (١/٥١٠). لیڤاینیش دەڵێت: تەنانەت کاتێك زاراوەی نامری چیتر دیار نەما ئەو ناوچەیەی کە ئەو ناوە دیاریی کردبوو هێشتا هەر تایبەتییەکی جیاکەرەوەی هەبوو و کە پێی دەوترا ((وڵاتی کاشییەکان)).

بەم شێوەیە ئەو دێرانە چۆن لای لیڤاین هاتوون ئاواش دوکتۆر نەقڵی کردوون (بە هەڵەوە) بێ ئەوەی ناوی بەرێتو سەرچاوەیەکی ئەویشی ((بردووە)).

لەو شوێنەی دوکتۆر باسی ناوبردنی نامری لە سەردەمی ئاشوریدا دەکات پەراوێزێك دەنووسێت کە ئەمەیە: سەبارەت بە هەبوونی ئاشوری لە سەردەمی نوێدا بگەڕێرەوە بۆ..: *(ئینجا دوکتۆر ناوی دوو سەرچاوە دەنووسێت)(١/٥١٠ پەراوێز١٤٥).*

((هەبوونی ئاشوری لە سەردەمی نوێدا – الوجود الاشوري في العصر الحديث)) واتای چییە؟! ئەوەی شارەزای ئەو بوارە بێت دەزانێت کە دوکتۆر ویستوویەتی بڵێت: ناوبردنی نامری لە سەردەمی نوێی ئاشوریدا (ذکر اسم نامري في العصر الاشوري الحديث). ئەگەر شارەزاش نەبیو تەماشای لیڤاین بکەی دەبینی نووسیویەتی: بۆ ئاماژە ئاشورییە نوێکان neo-Assyrian references (ل٢٢پ٩٧)، واتە بۆ ئاماژەکان لە سەردەمی نوێی ئاشوری.

ڕەنگە خوێنەری ئاسایی جیاوازییەکی وا لەنێوان تەعبیرەکەی دوکتۆرو ئەوەی لیڤاین نەبینێت بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە جیاوازییەکە هێندە گەورەیە کە دوو تەعبیرن لە هەموو شتێکدا جیاوازن تەنانەت لە تێگەشتن، واتە لەوەی لیڤاین تێدەگەی بەڵام ئەوەی دوکتۆر کەس لێی تێناگات، نەشارەزاو نە خوێنەری ئاسایی، مەگەر تەفسیر بکرێت.

کاتێکیش دەڵێین ((ئاشوریی نوێ -الاشوري الحديث)) ئەوەی شتێك لە بوارە بزانێت تێدەگات مەبەست لە سێیەم قۆناغی مێژووی ئاشوری کە بە ئاداد نیراریی دووەم (٩١١-٨٩١پ.ز) دەست پێدەکاتو بە کەوتنی نینوا (٦١٢پ.ز)، یان چەند ساڵێکی کەمی دوای ئەوە، کۆتایی پێ دێتو کۆتاییش بە مێژووی دەوڵەتی ئاشوری دێت. شتەکانی ئەو سەردەمەش نیسبەتی خۆیان لەو ناوەوە وەردەگرن بۆیە دەڵێیت: فلانە وڵات لە سەردەمی ئاشوریی نوێ، خەتو نووسینی ئاشوریی نوێ.. دابەشکردنی تریش هەیە وەك: سەردەمی بابلیی نوێ. بۆ وڵاتانی تریش دابەشکردنی هاوجۆر هەیە وەك مەملەکەتی نوێ لە میسر.. بەڵام هەر یەکەو کاتو تایبەتییەکانی خۆی..بێگومان کە ((نوێ)) هەبێت شتی تریش هەیە بۆیە سەردەمی ئاشوریی کۆنو سەردەمی ئاشوریی ناوەڕاست هەن، هەمان شتیش بۆ سەردەمی بابلی، مەملەکەتانی کۆنو ناوەڕاست لە میسری فیرعەونی..تاد.

بۆ تەعبیرەکەی سەرەوەش دەڵێیت: بۆ ئاماژەکان بۆ ناوی نامری لە سەردەمی نوێی ئاشوری (في العصر الاشوري الحديث) برِ وانە ئەم سەرچاوەیە:.. ناشڵێیت: الوجود الاشوري في العصر الحديث=هەبوونی ئاشوری لە سەردەمی نوێدا.. کە ئەمە نەك تەنها واتای نییە بەڵکو هەروەها نیشانەیە کە ئەوەی ئەم ڕستەیەی نووسیوە ئاگای لە شتی سادەو سەرەتایی لە مێژوو و شوێنەواری وڵاتی دووڕوبار نییە.

دوکتۆر پاش ئەو ڕستە سەقەتە دوو سەرچاوەی ئەڵمانی دەنووسێت کە هەردووکیان هی ئەو پەراوێزەی لیڤاینن.

لەدوای ئەوە دوکتۆر لە هێرتسفێلدەوە وەردەگرێتو کەم جار ناوی دەبات. یەك لەوانە لە هەمان پەراوێزی سەرەوەدایە، واتە (١/ل٥١٠ پەراوێز١٤٥)و بەم جۆرەیە:

دوکتۆر دەنووسێت: ((پەیوەندیی نێوان لەوحەکەی سامەڕاو میلەکەی شێخان سەرنجی کەسی ڕانەکێشابوو)). هەرچەندە دوکتۆر دوای دوو دێڕ ناوی کتێبەکەی هێرتسفێلد دەنووسێت بەڵام ئەم قسەیە بەم شێوازە وا لە خوێنەر

دەگەیەنێت کە قسەی دوکتۆر خۆیەتی. بەهەرحاڵ ئەمە جگەلەوەی قسەی هێرتسفێلدە بەڵام کابرا ئەوەی بەشێوەیەکی تر وتووەو باسی نووسینەکەی سەر میلەکەی شێخانی کردووە نەك میلەکە هەمووی (هێرتسفێلد باوەڕی وایە نووسینەکە نوێترە واتە دواتر نووسرا).

هێرتسفێلد پاش ئەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی شێخان لە هۆرێندا لەسەر سنووری ناوار (ناوچەی کرند لەسەرووی حولوان..) بوو، پەرستگەی نێرگال کە ((پادشای ناوارو ئورکیش)) دروستی کردبوو سەر بەوێیە نەك سەر بە سامەڕا (ل١٥٧).

دوکتۆر ئەم قسەیە وەردەگرێت و وای لێ دەکات:

((ومن المعروف ان معبد نرغال بني من قبل ملك نوار و اوركيش الذي كان يستقر في شمال حلوان ولا علاقة له بسامراء)) واتە: زانراویشە کە پەرستگەی نرگال دروستکرابوو لەلایەن پادشای نەوارو ئورکیشەوە کە لە باکووری حولواندا جێگیر بوو و پەیوەندیی بە سامەڕاوە نییە.

قسەکەی هێرتسفێلدیش ئاشکرایە کە پەرستگەکە نەك پادشاکە سەر بەو ناوچەیەیە. وەرگێڕانەکەی دوکتۆریش تەنها ئەوە هەڵدەگرێت کە باسەکە لەبارەی پادشاکەیەو ئەو لەوێدا جێگیر بوو. لەڕاستیشداو بەدەر لە وەرگێڕانە خراپەکەی دوکتۆر قسەکانی هێرتسفێلد زانیاریی کۆنن و ئێستا زانراوە کە ناوارێکی تر هەیە هەر لەو ناوچەیەی ئورکیشی تێدایەو بۆچوونی بەهێز سەبارەت بە ناوارەکەی ناو لەوحی سامەڕا پەیوەندیی بە ناوارەکەی ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە نییە، بەهەمان شێوەش ئورکیش لەو ناوچەیەدا نییە.

ئەوەشم لەسەرەوەدا باس کرد کە ئورکیش لە سێگۆشەی خابووری فوراتەو ماوەیەکە شوێنی تەواوی زانراوە ئەویش (گردی مۆزان). دوکتۆری خۆمان لەبەر کاری (کۆپی-پەیست)و پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەکی کەم ئاگای لە زانیارییە نوێکان نییە کە هەندێکیان نوێ نین وەك ئەوەی ئورکیش لە سێگۆشەی خابووری فوراتە کە زۆر پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەی هێرتسفێلد (١٩٦٨) باسکرابوو.

نووسەرەکەمان (٥١١/١) بە دووردرێژی باسی نووسینی سەر (کودورروو)ی[١٢٣] ریتتی ماردوك دەکات کە هی سەردەمی پادشای بابلی نەبوخەدنەسەری یەکەمە، دوکتۆر دەقەکەی نەقڵ کردووە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ هێرتفسێلد بکات کە لەوەوە وەریگرتووە (ل ٢٧ بەدواوە). سەرباری ئەوە نەقڵکردنەکە شتی سەیری تێدایە:

١- ستوونی یەکەم و سێیەمی نووسینەکەی بە ئینگلیزی نەقڵکردووە کە تێکرا ٢٤ دێڕن بێ ئەوەی بیانکاتە عەرەبی. جگەلەوەش بۆ ستوونی یەکەم ناوی بابەتێکی تورۆ-دانجان بە فەرەنسی دەنووسێت و دەڵێت:

بەپێویستمان نەزانی ئەم دەقە بکەینە عەرەبی چونکە لەئەسڵدا لە فەرەنسییەوە کراوەتە ئینگلیزی (٥١١/١پ١٤٧)

ئەم قسەیە جگە لەوەی پاساوێکە کەس لێی تێناگات بازدانە بەسەر کتێبەکەی هێرتسفێلد کە نووسینەکەی دەقاودەق (بێگومان بەهەڵەوە) لێوەرگرتووە.

پێش نەقڵکردنی دەقەکەش دوکتۆر دەیسەلمێنێت کە ئیشی ئەو تەنها نەقڵ بووە (بەڵام نەقڵ بەهەڵەوە) چونکە هێرتسفێلد ئەم دەقەی لەبەشێکدا داناوە کە تایبەتە بە باسی ئەسپ بۆیە پێش دەقەکە باسی ئەو ئاماژانەی بۆ ئەسپ کراون لە (کودورروو)ەکەو پاشان باسی ئەو کەسەی کودورروەکەی بۆ کراوە (واتە: ریتتی ماردوك) کە گەورەی هۆزی (بیت کارزیاپکو) بوو و هەروەها سەرۆکی عارەبانەکانی لای راستی پادشا ئینجا باسی ئەفسەری لای چەپ ... تاد دەکات، دوکتۆر دیسان باسی ئەوانە دەکات بەمەرجێك ئەمە پەیوەندی نییە بە باسەکەی خۆیەوە، واتە نامری. سەرباری ئەوە ئەو نەقڵکردنە پڕ هەڵەیە چونکە هێرتسفێلد دەڵێت: وێنەی بەخێوکردنی ئەسپ لەسەردەمانی پێش

---

[١٢٣] کودورروو **Kudurru** بەردی سنوور: بەردێکی نووسراو بوو بۆ دەستنیشانکردنی سنووری نێوان زەوییەکان.

ئێرانی (..) لەنامەیەکی ئیمتیاز (کودوررو) ئاشکراکراوە(ل٢٦) لەکاتێکدا دوکتۆر دەڵێت کودورروەکە وێنەی ئەسپانی لەسەر بوو، ئەو ئاژەڵەی پێش هاتنی ئێرانییەکان بۆ ناوچەکە بۆ ئەو ناوچەیە گەیشتبوو.

کودورروەکە بریتییە لە دەقێك یان نامەیەکی ئیمتیاز نەك نامە بەو واتایەی دەیزانین (=رسالة)، کەچی دوکتۆر دەڵێت: کاتێك نەبوخەدنەسەری یەکەم نامەیەکی بۆ ریتتی ماردوکی لەسەر بەردێکی کودوررو تۆمارکرد..(١/٥١٠).

تەنانەت ئەوەی واتای کودورروش نەزانێت کاتێك قسەکەی هێرتسفێلد دەخوێنێتەوە ئەوە دەزانێت:

**(..) in the letter of franchise, kudurru, granted by Nebuchadnezzar I, 1152 – 29, to RittiMarduk.**

(..) لەنامەی ئیمتیاز، کودوررو، کە نەبوخەدنەسەری یەکەم بە ریتتی ماردوکی بەخشیوە.

دوکتۆر باسی شایەتەکانی ئەم دەقە دەکات کە ناویان هاتووەو ناوەکانیانی بەهەڵە نەقڵ کردووە وەك بۆ نموونە (طاب ئاشاب ماردوك) کە بە (تاب اساب مردوك) ناوی دەبات و دوکتۆر دیارە جیاوازی نێوان t ی ئاسایی و ṭ ( t و خاڵی لەژێرە، واتە: ط) نازانێت و ئەمە لەلاپەڕەی تریشدا بینراوە.

هەڵەیەکی تری نەقڵکردنەکە ئەویە دوکتۆر یەك لەناوەکان وا دەنووسێت: ((ساکنو فەرمانڕەوای حولوان)) کە لە راستیدا هێرتسفێلد وای نووسیوە: شاکنو، فەرمانڕەوای خالوان (ل٢٨). بەواتایەکی تر: شاکنو (=فەرمانڕەوا)ی خالوان، بەم جۆرەش دوکتۆر دوو هەڵەی کردووە، یەکەمیان کاتێك نەیزانیوە شاکنو=فەرمانڕەوا، دووەمیش کاتێك ناوی کۆنی (خالوان) ی کردووە بە (حولوان) کە ئەمە ناوێکی نوێترەو هی سەردەمە ئیسلامییەکانە، ئەمەش جگە لە کردنی (شاکنو) بە (ساکنو) واتە کێشەی کۆنی لەگەڵ دەنگی ش š .

شایەتەکانیش سیانن ئەویش ئەگەر سەرنج بدەینە ناو و نازناویان لای هێرتسفێلد هەروەها ئەو خاڵبەندییەی ناوبراو بەکاریهێناوە ، بەڵام دوکتۆری خۆمان ژمارەیان زۆر دەکات، دەبینین دوکتۆر دەنووسێت تاب اساب مردوك کوڕی ئیساگیل زیرو، ساکنو فەرمانڕەوای حلوان، انلیل نادین سومی، مار خببان ساکنو نوار، هەردوو نابوکودوری اوسور و ناگیر نوار.

ئینجا سەرنجی نووسینەکەی هێرتسفێلد بکە لەگەڵ خاڵبەندییەکە:

طاب ئاشاب ماردوك، کوڕی ئێساگیل زێرو ، شاکنو ، فەرمانڕەوای خالوان (کە ئەمە هەمووی یەك شایەتە)؛ ئێنلیل نادین شومی(ی) مار خاببان (واتە: کوڕی خاببان یاخود سەر بە خاببان)، شاکنوی ناوار (کە ئەمە دووەم شایەتە)و نابو کودورری ئوصور، ناگیر(واتە: بانگدەر)[١٢٤] ی ناوار (کە ئەمە سێیەمە).

با خوێنەریش خۆی بەراوردی بکات و ئێمە تەنها سەرنجی بۆ دوایەمین رادەکێشین : نابو کودورری ئوصور کە نازناوەکەی بریتییە لە ناگیری وڵاتی ناوار.. دوکتۆر ئەمەی بە دوو کەس زانیوە: نابوکودورری اوسور و ناگیر ناوار!

هەر سەبارەت بەو نووسراوە دوکتۆر باسی ستوونی دووەم دەکات و دەنووسێت: ئەم ستوونە تێکدراوەو ئەوەی لەسەر دیارە کە یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی ماری هانبان کە نازناوی کاشیی (یانزو-فەرمانڕەوا)ی هەڵگرتبوو فەرمانڕەوایی لە ناواردا بۆ مایەوە لە سەردەمی شالمانەصەری سێیەم ساڵی ٨٤٣ پ.ز (١/٥١٢)

دەقی قسەکەی دوکتۆریش وا دەگەیەنێت کە بەپێی ستوونەکە دیارە کەسێکی خێزانەکە کاتی شالمانەصەر بوو بە فەرمانڕەوا لەکاتێکدا نزیکەی سێ سەد ساڵ ماوەی نێوان ئەم نەبوخەدنەسەری یەکەم و شالمانەصەری سێیەم هەیە! جگە لەوەش هێرتسفێلد (ل ٢٩) باسی ماری خانبان **mārē Hanban** (=کوڕانی خانبان/ف.ق) دەکات کە هەڵگری نازناوی (یانزو) بوون نەك یەك ئەندامی خێزانەکە.

---

[124] **AHW, 8, 1967, S.711.**

هێرتسفێلد (ل٢٩) باسی ناوی خێزانەکە دەکات کە بۆ ماوەی هەزارەیەکی تەواو بەردەوام بووە: بیت خانبان ناوچەی کرماشانیان وەك موڵکی میراتیی خۆیان داناوە. کەچی دوکتۆر دەڵێت: ئەم نازناوە (واتە یانزو) پەیوەندی هەیە بە کوڕانی خێزانی (بیت هانبان) کە ناوچەی کرماشانیان حوکم کرد بە درێژایی هەزاری یەکەمی پێش زایین(٥١٢/١).

بەواتایەکی تر هێرتسفێلد باسی یەك هەزارە دەکات (کە بەشێکی کەوتۆتە هەزاری دووەم و ئەوەی تری کەوتۆتە هەزاری یەکەم پ.ز) بەڵام دوکتۆر وا تێگەشتووە باس لە هەزاری یەکەمی پێش زاین کراوە، هەروەها هێرتسفێلد باسی بەردەوامبوونی ناوی خێزانەکە بۆ ئەو ماویە دەکات بەڵام دوکتۆر وا تێگەشتووە ئەو ماوەیە بریتییە لە ماوەی حوکم کردنی ناوچەی کرماشان..

هەر لە باسی نامریدا دوکتۆر ناوی (کوممیا) دەبات کە بەپێی ئەو شاری (کوممیا) لای ڤیلهێلم بریتی بوو لە شاری زاخۆ(٥١٣/١پ١٤٨). دوکتۆر ناوی کتێبەکەی ڤیلهێلم (بە ئەڵمانی) لەبارەی خورریيەکان دەنووسێت بەڵام بێ ژمارەی لاپەڕەو ئینجا دەڵێت : بشگەڕێرەوە بۆ لاپەرە ٨٨ی چاپی ڕووسی. بەڵام من دەگەڕێمەوە بۆ وەرگێڕانی عەرەبی و دەبینم ڤیلهێلم دەڵێت کە تا ئێستا شوێنی کوممییا Kummija (کوممێ Kummme) دەستنیشان نەکراوەو وا دانراوە کە لەناوچە شاخاوییە کوردییەکەی دەوروبەری زاخۆ بێت[١٢٥] نەك شاری زاخۆ.

دوکتۆر لە هەمان پەراوێزداو هەر بۆ کوممییا ئاماژە بۆ سەرچاوەیەکی تر دەکات و دەنووسێت: لەبارەی کوممیاوە بگەڕێرەوە بۆ I.Read, "Studies in Assyrian Geography, RA, P.177. ئەو ژمارەیەی گۆڤاری RA هی ساڵی ١٩٧٨ ـەو دوکتۆر نەینووسیوە، هەروەها ناوی یەکەمی نووسە Julian ـەو دەبێت بە J نەك I کورت بکرێتەوە. (جولیان رید)یش هەمووی چەند دێرێکی کەمی لەبارەی کوممییاوە نووسیوەو دەگەڕێتەوە بۆ (پۆستگەیت) کە لای ئەو شارەکە لە ((لەناوچەی گشتیی زاخۆدایە))، دیسان باسی شاری زاخۆ نەکراوە.

دوکتۆر دەڵێت: لە لەوحەکانی سامەڕا ئاماژە هەن بۆ هاوجووتیی نەوارو نامری وەك (لاندسبێرگەر) دەڵێت (١/ل٥١٣). جارێ وەك بینیمان ئەوەی سامەڕا کە زۆر باسمان کردووە تەنها یەك لەوحە (نووسینەکەی ئاریسیێن یان ئاتال شێن پادشای ئورکیش و ناوار)، پاشان نازانین چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەی ئەو دوانە بە یەك بزانرێن؟ بۆ زیادە دڵنیاییش بۆ دوکتۆر ئەمەی خوارەوە دەقی نووسینەکەی پادشای ناوبراوە وەك لە بابەتەکەی تورۆ-دانجاندا هاتووە کە چەندین جار دوکتۆر ناوونیشانی ئەو بابەتەی نووسیوەو لێرەدا سێ لاپەڕە پێش ئەوە دیسان ناوی ئەو بابەتەی نووسیوەتەوە:

((بۆ نێرگال پادشا(ی) خاویلوم ئاری- سێن شوانی شار پادشا(ی) ئورکیش و ناوار کوڕی سادارمات(ی) پادشا دروستکەری پەرستگای نێرگال (ئەو خواوەندەی) نەیاران لەناودەبات هەر کەس ئەم لەوحە بشکێنێت با شاماش و ئینانا (ناوە سومەرییەکەی ئیشتار/ ف.ق) ناوەکەی لابەرێت!))

لەسەر لاتەنیشتی ڕاستی لەوحەکە ئەمە هەیە:

((سائوم – سێن دروستکەر))[١٢٦].

ئەمە دەقی لەوحەکەی سامەڕایە ئیتر کوا ئاماژە بۆ هاوجووتیی ناوارو نامری؟

لەڕاستیدا دوکتۆر قسەکەی سەرەوەی واتە: ((لە لەوحەکانی سامەڕا ئاماژە هەن بۆ هاوجووتیی ناوارو نامری وەك لاندسبێرگەر دەڵێت)) لە کتێبەکەی هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە لەکاتێکدا هێرتسفێلد شتێکی تر دەڵێت. ئەو

---

[١٢٥] ج. فیلهلم، الحوریون، ص ٩٩.

[126] Fr. Thureau-Dangin, Tablette de Samarra, RA, 9, no.1, 1912,p.1-2

بڕوانە هەروەها مێژووی دێرینی کوردستان/١، ل١٣٥. لە وەرگێڕانەکەی تورۆ-دانجان هێناومە.

نووسیویەتی: مومکینە راست بێت کە لەوحەکەی سامەڕرا لە سامەڕرادا وەدەستکەوتبێت بەلاّم هۆیەك نییە بۆ وازهێنان لە هاوکێشەی ناوار= نامری(وەك بۆ نموونە لاندسبێرگەر کە وازی لێدەهێنێت).[127]

ئەمە قسەکەی هێرتسفێلدە، روون و ئاشکراشە قسەکەی دوکتۆری خۆمان چەند لێی دوورە: لاندسبێرگەر (ناوار)ی بە (نامری) نەزانیوە بەلاّم دوکتۆری خۆمان وا تێگەشتووە ناوبراو بە یەکی زانیون، هێرتسفێلدیش باسی لەوحەکەی سامەڕرای بەشێوەیەك کردووەو دوکتۆر بەشێوەیەکی تر تێگەشتووە.

دوکتۆر ئینجا لە دێری چوارەمی لاپەڕە ٥١٣ بەدواوە دێتەوە سەر وەرگرتن لە لیڤاین. دوکتۆر دێرێك دەنووسێت و لە پەراوێزدا دوو سەرچاوە تۆمار دەکات: یەکەمیان ئەوەی لیڤاین و ئەوەی تر ئەو سەرچاوەیە کە لیڤاین نووسیویەتی! ئینجا لەوە بەدواوەو بەدرێژایی سێ لاپەڕەو نیو هەموو زانیارییەکانی لیڤاین بەخۆیان و پەراوێزو سەرچاوەکانیانەوە نەقڵ دەکات بێ ئەوەی یەك ئاماژە بۆ ئەو پیاوە بکات. یەکێك لەو زانیارییانەی دوکتۆر لە لیڤاینەوە ((دەیانبات)) ئەمەیە:

دوکتۆر دەنووسێت: بەم پێیە کێوی خاشیمور **Hašimur** (دوکتۆر بەهەڵە دەنووسێت هاشیمور) نزیك دیالە بوو، لەخوار حەمرین (١/٥١٤). با خوێنەر سەرنجی ئەمە بدات: روباری دیالەو خوار کێوەکانی حەمرین واتە باکووری رۆژهەلاّتی (باقووبە)و لەو شوێنەی دوکتۆر باسی کردووە شارۆچکەی (سەعدیە)هەیەو ئەمە دەوروبەری ١٥٠کیلۆمەتر لە دەربەندیخانەوە دوورە.

دوکتۆر بۆ ئەو قسەیەی سەرەوەی پەراوێزێك دادەنێت (پەراوێزی ١٥٤)و تێیدا دەنووسێت: ئەم دەقە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی هاشیمور بە هاشمار[128] بزانین کە ئێستا پێی دەوترێت دەبەرندیخان سەرەتای دیالە کە بە (بەرەناند)دا تێدەپەڕێت!

ئینجا هەقە خوێنەر پرسیارێك بکات: ئەگەر کێوی خاشیمور لە خوار حەمرینەوە بێت ئیتر چۆن بتوانین بە کێوی خاشماری بزانین کە دەربەندیخانە؟![129]، ئینجا بپرسین: ئەمە لەچییەوە هاتووە؟

لیڤاین ئەو قسەیەی نووسیوە: بەپێی ئەوەی سەرەوە ئاشکرایە کە خاشیمور دەبێت نزیك دیالەو خوار کێوی ئێبیخ **Ebih** دابنرێت[130]. ئینجا لە پەراوێزدا نووسیویەتی: ئەم دەقە وا پێویست دەکات واز لە یەکسانکردنە کۆنەکەی خاشیمور بە خاشمار بهێنین چونکە ئەوەی دووەمیان دەبێت بە دەربەندیخان بزانرێت کە ئەو دەربەندەیە کە دیالە تێیدا بەناو (بەراناند داغ)دا دەڕوات[131].

ئێستا قسەکە رێك بۆتەوە: کە چیای خاشیمور وا لەو دوورە بێت و دەربەندی خاشمار بریتی بێت لە دەربەندیخان کەواتە هەڵەیە خاشیمورو خاشمار بە یەك بزانرێن.

دوکتۆری خۆمان لەو قسەیەی لیڤاین تێنەگەشتووە بۆیە نووسیویەتی: ئەم دەقە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی هاشیمور بە هاشمار بزانین کە ئێستا پێی دەوترێت دەبەرندیخان سەرەتای دیالە کە بە (بەرەناند)دا تێدەپەڕێت!!

ئەمە نموونەیەکی لە سەدان کە چۆن کاتێك مرۆڤ بەرهەمو ماندوویی خەڵکانی تر ((دەبات)) پێویستە چاوەڕێش بکات هەڵەی زۆر بکات. هەڵەیەکی تر لە ئەنجامی ئەو ((بردنە)) ئەمەی خوارەوەیە:

---

[127] PE, p.157.

[128] ئەمە هەڵەیەو راستەکەی: خاشمار **Hašmar** ـە.

[129] ئەمە هەڵەیەکی ترە: خاشمار وەك دەربەند ناوی هاتووە (لە دەقی تریشدا وەك "ولات" ناوی دێت) بەلاّم دەربەندیخان شارۆچکەیە.

[130] Levine, Geog. Studies.., p.23.

کێوی ئێبیخ **Ebih** =حەمرین.

[131] Levine, Geog. Studies.., p.23, n.103.

دوکتۆر پاش ئەوەی نووسی کە خاشمارو خاشیمور یەك شوێنن دەنووسێت کە بیللەربێك ئەم هاوجووتییەی کردووەو سپایزەر شوێنی بیللەربێك کەوتووە ئینجا دوو سەرچاوە دەنووسێت: ئەوەی بیللەربێك: Sulaimania, P.30,n.3 و ئەوەی سپایزەر: Speiser, AASOR VIII(1928), P.26, n.49 (واتە لاپەڕە ٢٦، پەراوێز ٤٩).

هەمان ئەو دوو سەرچاوەیەش بۆ هەمان زانیاری لای لیڤایندا هەن بەڵام لیڤاین لێرەدا هەڵەی کردووە چونکە لەکاتێکدا لیڤاین بۆ ئەوەی سپایزەر نووسیویەتی: ((لاپەڕە ٢٦ پەراوێزی ٤٩)) سپایزەر خۆی لەو پەراوێزدا شوێنی باوەڕەکەی بیللەربێك نەکەوتووە بەڵکو ئەسڵەن سپایزەر نە لەو پەراوێزەداو نە لە هەموو لاپەڕەکەدا ناوی (خاشیمور)ی نەبردووەو تەنها باسی (خاشمار)ی کردووە. سپایزەر لەو لاپەڕەیەدا ئەوەی نووسیوە کە دەربەندی خاشمار زەحمەتە شتێکی تر بێت جگە لە دەربەندیخان، ئینجا لەو پەراوێزەدا نووسیویەتی: بەشێوەیەکی عەمەلی هەمان دەرئەنجام هەیە لای بیللەربێك ل٣٠و شترێك ل٢٠٧، لەکاتێکدا ئۆڵمستد(..) زۆرتر باکوورتر دایناوە.

بەم جۆرەش لیڤاین هەڵەیەکی کردووەو دوکتۆری خۆمان لەبەرئەوەی شتەکانی لەو ((بردووە)) هەمان هەڵەی دووبارەکردۆتەوە. دوکتۆر ئەگەر بەڕاستی سەرچاوەکەی سپایزەری بەکاربهێنایە ئەو هەڵەیەی لیڤاینی دووبارە نەدەکردەوە.

لیڤاین باسی قسەیەکی (ڤایدنەر) سەبارەت بە خاشیمور دەکات[١٣٢] (ل٢٣) لەپەراوێزیشدا باسی قسەیەکی تری ڤایدنەر دەکاتو بەم جۆرە:

خاڵی دووەمی ڤایدنەریش، ئەویش ئەوەیە کەپێویستە ئێستا خاشمار دەستنیشان بکرێتەوە، زەحمەتە دیفاعی لێ بکرێت ئەویش لەبەر تیشکی شوێنی پێشنیارکراوی زاموا.[١٣٣]

بۆ روونکردنەوەی ئەم قسەیەو بۆ زیادە زانیاری ئەمە دەڵێم: بەپێی ئەو قسەیە؛ ڤایدنەر وای بۆچووە کە لەبەرئەوەی خاشیمور Hašimur وا زۆر لە باشوورە، واتە لە بەشی خوارەوەی حەمریندایە پێویستە بەو بڕوایەدا بچینەوە کە خاشمار Hašmar لە باکووردا بووە، واتە لە ناوچەی دەربەندیخان، بەڵام لیڤاین دەڵێت پاساو هێنانەوە بۆ ئەم خاڵە دووەمەی ڤایدنەر زەحمەتە ئەوەیش لەبەر شوێنی وڵاتی زاموا کە لە باکووردایە، واتە لە ناوچەی سلێمانیو شارەزوور، باسی (خاشمار)یش لەمیانەی باسەکانی زاموادا هاتووە.

ئەمە واتای قسەکەی ڤایدنەرەو ئیعترازەکەیەتی کەچی دوکتۆری خۆمان لەبەر ئەوەی لەم جۆرە باسانەوە دوورەو لەبەر (کۆپی-پەیست) ئاگای لێیان نییەو هەر خەریکی ((بردنی)) بەرهەمی خەڵکییە ئەو پەراوێزەی سەرەوەی لیڤاین وا لێدەکات:

والراي الثاني لوايدنر هو وقوع هاشيمور في ارض زاموا (١/٥١٤، پەراوێز١٥٤). واتە بۆچوونە دووەمەکەی ڤایدنەر ئەوەیە خاشیمور لە وڵاتی زاموادا بووە!! ئەمەش قسەیەکە تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی ڤایدنەرە.

ناچارم لەبەر زۆریی هەڵەکان هەر وەکو بەشەکانی تر بازیان بەسەردا بدەمو بۆ کۆتایی هێنان بە باسەکەی نامری خۆم بگەیەنمە دوالاپەڕەی باسەکەی دوکتۆر (لاپەڕە ٥١٦) لەبارەی نامرییەوەو چەند نموونەیەك لەو لاپەڕەیە هەڵبژێرم.

یەکەمیان ناوبردنی (ناواریتوم)ە. ئەوەی دوکتۆر لەبارەیەوە نووسیویەتیو کە چوار دێڕە هێندە هەڵەی تێدایە کە پێویستمان بەلاپەڕەیەکە بۆ راستکردنەوەیان بۆیە تەنها ئەم شتەیان لێ هەڵدەبژێرم: لیڤاین باسی ئەو ناواریتومە لە دوو دەقی (ماری)دا کردووە، دوکتۆریش ئەمەی نەدیوەو تەنها تەعبیری (بابلیی کۆن)ی بینیوە بۆیە دەنووسێت: لە هەر دوو دەقەکەدا بابلییەکان شوێنی وڵاتی ئەو ئافرەتە..تاد. ئەمە لەکاتێکدا ماری پەیوەندیی بە بابلەوە نییە، نە بە

---

[١٣٢] دوکتۆر ئەو قسەیە، وەکو شتەکانی تر بە هەڵە نەقڵ دەکات.

[133] Levine, Geog. Studies.., p.23, n.104.

شارەکەی بابل‌و نە بە وڵاتەکە. ماری شارێك و پادشانشینێك بوو لەسووریا لەسەر فورات‌و پەیوەندیی بە بابلەوە نییە ئیتر چۆن ئەو دوو دەقەی (سەردەمی بابلیی کۆن) دەبنە قسەی ((بابلییەکان)). ئەم نموونەیەشم باسکرد چونکە ئەو زانیارییە یەکێکە لە زانیارییە سادەکانی ئەو مێژووە.

نموونەی دووەم ئەمەیە: دوکتۆر نووسیویەتی: لە رۆژانی نەبوخەدنەسەر (سەردەمی ناوەڕاستی بابلی) ناوی ناوار لەسەر ژمارەیەك بەردی کودوررو تۆمار کرابوو.لە دەقێکی ئەم بەردانەش ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی کە فەرمانڕەوای نامری ئەو باجانەی نەدابوو کە لەسەر ناوچەی کارزیابکو بوون.

بێ ئەوەی بزانی لیڤاین چیی وتووە هەڵەی ئەو قسەیە ئاشکرایە چونکە ئەو بەردەی کودوررو (کە پێشتر باسمان کرد) بەڵگەنامەیەکی ئیمتیازە نەك باسی باخی بوونی ناوچەیەك لە باجدان.

بەهەرحاڵ لیڤاین نووسیویەتی: لەسەردەمی ناوەڕاستی بابلیدا ناوبردنێکی نامار Namar لە کودوررویەکی کاتی فەرمانڕەوایی نەبوخدنەسەری یەکەم هەیە. لەم دەقەدا ناوچەی بیت کارزیابکو ئیعفا کرا لە رەسم‌و باج کە پێشتر بە فەرمانڕەوای نامری دەدران(لیڤاین، ل٢٤)، بەم جۆرەش مەسەلەکە تەواو لە دوکتۆر هەڵگەڕاوەتەوە.

دوکتۆر ئەوەی لە بیر ناچێت ناوی ئەو سەرچاوەیەی لیڤاین بۆ ئەم زانیارییە نووسیویەتی نەقڵ بکات بەڵام لەکوێ؟ لیڤاین ئەو سەرچاوەیەی لە کۆتایی رستەی یەکەم، تەنیشت ناوی نەبوخەدنەسەری داناوە‌و بەم جۆرە سەرچاوەکە هی ئەم زانیارییەیە: ((لەسەردەمی ناوەڕاستی بابلیدا ناوبردنێکی نامار لە کودوررویەکی کاتی فەرمانڕەوایی نەبوخەدنەسەری یەکەم هەیە)). دوکتۆر کە ئەمەی کردۆتە عەرەبی نووسیویەتی: ((وفي ايام نبوخذنصر (العصر البابلي المتوسط) سجل اسم ناوار في عدد من احجار كدورو)) ئینجا هەر وەك لیڤاین پەراوێزەکەی لە تەنیشت ناوی نەبوخەدنەسەر داناوە بێ ئەوەی ئەو پرسیارەی لا دروست بێت کە بۆچی سەرچاوەیەك دابنێم بۆ ئەم لەتە رستەیە: ((لەرۆژانی نەبوخەدنەسەر)).

نموونەی کۆتاییمان سێ دێڕی دوایەمینی باسەکەی نامری لای دوکتۆر (٥١٦/١) کە بریتین لە پێنج دێڕی کۆتایی باسی نامری لای لیڤاین، پاش کەمێك قرتاندن. دیسان یەك بە یەکی زانیارییەکانی ئەو سێ دێڕە وەرناگرم‌و تەنها ئەمانە باس دەکەم: لیڤاین ئەو دێرانەی کۆتایی بەم وشەیە دەست پێدەکات: بەکورتی(ل٢٤)، دوکتۆریش دەنووسێت: کورتەی قسە. لیڤاین باسی ناوچەی نامری دەکات کە بەدرێژایی روباری دیالەیە (واتە سیروانی خواروو) لەشوێنێك لەنێوان قەرەداغ‌و حەمرین، دوکتۆر دەنووسێت: نێوان قەرەداغ‌و حەمرین. لیڤاین باسی بەڵگەی سەردەمی ئاشوریی نوێ بۆ ئەو ناوچەیە دەکات‌و دەڵێت: هیچ لەدەقە کۆنترەکانیش، رەنگە جگە لە لەوحەکەی سامەڕرا، دژ بەم دەستنیشانکردنە نین. دوکتۆری خۆمان سەبارەت بەو دەستنیشانکردنەی شوێنی نامری هەموو بەڵگەکان دەکاتە شایەت‌و ئەمەش دەنووسێت: ((وەك سەرچاوە ئاشورییەکان‌و لەوحەکانی سامەڕرا)). بە واتایەکی تر لیڤاین دەڵێت کە لەوحەکەی سامەڕرا بەڵگەیەکە دژ بەو دەستنیشانکردنە بۆ شوێنی نامری کەچی دوکتۆری خۆمان بەپێچەوانەوە وا تێگەشتووە ئەو لەوحە (کە بەردەوام لە کتێبەکەیدا بەهەڵە دەنووسێت: لەوحەکان) پشتگیریی ئەو دەستنیشانکردنە دەکات.

## لوللومێ

ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لە بابەتی (لوللومێ) کە تەنها نیو لاپەڕەیەو ئەم هەڵانەی خوارەوەی تێدایە.

دوکتۆر دەنووسێت (٤٨٢/١): ((لوللومێ لەنووسینەکانی ئاشورناصیرپالدا وەك (کونیە)یەکی مێژوویی دیارە)). دوکتۆر کاتێك دەڵێت (کونیە) مەبەستی لە (ناو)ـە. ئینجا دەبێت وا تێبگەین کە بەکارهێنانی ناوی لوللومێ لەلایەن پادشای ئاشورییەوە دەریدەخات کە پادشاکە وەکو ناوێکی کۆن تەماشای ئەو ناوەی کردبوو. هیچ شتێکیش لە

نووسینەکانی پادشادا ئەم دەرەنجامەمان ناداتێ. پادشاکە بە زۆری شێوەی (لوللو) بەکاردەهێنێت، لەو شوێنەش شێوەی لوللومیی نووسیوە هیچی نەوتووە ئەو قسەیەی لێ تێبگەین.[١٣٤]

ئەمە لەیەکەم دێڕی ئەو بابەتەی دوکتۆردا هاتووە، ئینجا دوای ئەوە یەکسەر دەڵێت: ((خەڵکی زاموا ٢٥ ساڵ پێش ئەم مێژووە ناوی **Kinipa** یان دەنا لە چیا بەرزەکەیان)).

یەکەم شت لەم بارەیەوە پرسیاری لێ بکەین ئەوەیە ٢٥ ساڵ پێش ئەو مێژووە دەمانگەیەنێتە کوێ ؟ با وردی بکەینەوە. ئاشورناصیرپالی دووەم ساڵی ٨٨١ پ.ز یەکەم‌و دووەم لەشکرکێشیی خۆی ڕووکردە زامواو لە دووەمیاندا ناوی کێوی کینیپا دەهێنێت. ٢٥ ساڵ پێش ئەوە دەمانباتە ساڵی ٩٠٦ی پ.ز کە کەوتبووە ناو ماوەی فەرمانڕەوایی ئاداد-نیراریی دووەمی ئاشور (٩١١-٨٩١پ.ز)، بەڵام بینیمان کە لە کاتی ئەو پادشایە نەبوو کە ناوی کینیپا هاتبوو بەڵکو وەکو وتم ساڵی ٨٨١ ی پێش زاین واتە کاتی کوڕەزای ئاداد-نیراری واتە ئاشورناصیرپالی دووەم.

تەعبیرێکی زۆر ناتەواویشە بوترێت پێش ئەوەندە ساڵ خەڵکی فلانە وڵاتە کە بەو کێوەیان دەوت کینیپا.. ئەی پاش ئەو ٢٥ ساڵە ناوی بووە چی؟

ئەو موناقەشەیەی سەرەوەشم پێش دەستکەوتنی کتێبەکەی هێرتسفێلد بوو و ئێستا بۆم دەرکەوت هێرتسفێلد (ل ٢٠٣ی کتێبەکەی) کە باسی ئەو ٢٥ ساڵەی پێشتری کردووە مەبەستی ئەوە نەبوو بەڵکو باسێکی تر ئەویش لەشکرکێشییەکەی ئاداد نیراریی دووەم کە یەکسەر دوای ئەوە باسکراوەو دوکتۆر ئەو دوو باسەی لێ تێکەڵاو بووەو لەبەر ئەوەی ئیشەکەی تەنها نەقڵکردنی خراپ بوو و شارەزای ئەو مێژووە نییە نەیزانیوە کە ئەوەی نووسیویەتی هەڵەیە.

دوکتۆر یەکسەر دوای ئەوە باسی ئاداد-نیراریی دووەم دەکات‌و قسەیەك دەهێنێتەوە لەناو جووتە کەوانە بەنیشانەی وەرگرتنی دەقاودەق بەڵام ناوی سەرچاوە ناهێنێت. لەم دەقەشدا ناوی کیرخی هاتووەو دوکتۆر دوای ئەوە دەڵێت ئەو کیرخییە (کیرخی شیلواخو)یە واتە کەرکووك‌و ئەمە لە کتێبەکەیدا دووبارەدەکاتەوەو لە هێرتسفێلد وەریگرتووە بەڵام ئەمە هەڵەیە.

دوکتۆر لەو دەقەدا ناوی لوللوی نەنووسیوە. دەقەکە دەڵێت:((لەبەرەکەی تری زێی خوراووەوە (بە)سنوورەکانی وڵاتی لولومیێ‌و کیرخی‌و زاموا تا دەربەندەکانی نامری))[١٣٥].(کیرخی) خوێندنەوەی کۆنی (خابخی)یە[١٣٦]، دوکتۆریش لەبەر ئەوەی تەنها شت نەقڵ دەکات ئەمەی لێرەدا وا نووسیوە واتە (کیرخی) کەچی لەلاپەڕە ٥٠٧ (واتە ٢٥لاپەڕە دوای ئەمە) باسی هەمان پادشاو هەمان لەشکرکێشی دەکات بەڵام ئەم جارە نووسیویەتی خابخی!![١٣٧]

ئینجا دوای ئەوە باسی سارگۆنی دووەمی ئاشوری دەکات کە لە کۆتایی سەدەی هەشتەم پ.ز لەشکرکێشییەکی کرد ((لەڕێگەی وڵاتی لوللومیێ کە پێی دەوترێت زاموا)).دوکتۆر ئەم قسەیە دەخاتە جووتە کەوانە بە نیشانەی

---

[١٣٤] وام نووسیوە لە بابەتەکەی هەزارمێرد، دواییش بۆم دەرکەوت دوکتۆر ئەم قسەیە (لوللومیێ لە نووسینەکەی ئاشورناصیرپالدا ناوێکی مێژووییە) لە هێرتسفێلدەوە وەریگرتووە (بێ ئەوەی ناوی ببات)و هێرتسفێلد مەبەستی ئەوە بووە کە لەو کاتەدا ئەو شێوازی ناوە نەبووەو پادشا ئاشورییەکە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو شێوازە کۆنە. بەهەرحاڵ ئەمە بۆچوونێکە بەڵگەی لەسەر نییە. دوکتۆر ئەو نیو لاپەڕەیە لەبارەی لوللومیێوە لە هێرتسفێلد وەردەگرێت بێ ئەوەی ناوی ببات. هێرتسفێلدیش هەر ئەو نیو لاپەڕەیەی نووسیوە (ل٢٠٣)، خۆ ئەگەر هێرتسفێلد زۆرتری بنووسیایە شتی زۆرترمان لای دوکتۆری خۆمان دەبینی.

[135] **ARAB, 1, S360.**

[١٣٦] بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی نوێمان (مێژووی دێرینی کوردستان-کتێبی یەکەم)، ل٢٢٧بەدواوە.

[١٣٧] ئەو کاتە دەمزانی کە دوکتۆر هەر یەکێك لە دوو خوێندنەوەکە: کۆنەکە (کیرخی)و نوێکە (خابخی) لە سەرچاوەیەکی جیاوە وەرگرتووەو نەیزانیوە هەردووکیان یەك شوێنن، دواییش زانیم کامەیە ئەو دوو سەرچاوەیە: خوێندنەوە کۆنەکە لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووەو خوێندنە نوێکە لە بابەتی (نائیری)دا هەیە کە وای بۆ دەچم بەشی دووەمی بابەتەکەی لیڤاینەو ئەو بەشەم لا نییە.

وەرگرتنی دەقاودەق بەڵام دەقەکەی سارگۆنی دووەم ئەمە ناڵێت بەڵکو باسی ولاتی لوللومیٚ دەکات کە خۆیان (واتە گەلی لوللو) پێی دەڵێن زاموا[١٣٨].

ئینجا نووسەر دەڵێت کە لەدەقەکەی ئاداد نیراریدا لوللومیو زاموا وەك دوو ناوی بەرامبەر یەك بۆ یەك ناوچە دەردەکەون.. ئەمەش پێچەوانەی دەقەکەیە چونکە بینیمان زامواو لولومیٚ لەو دەقەدا بەجیا هاتوون.[١٣٩]

[138] ARAB, 2, S142.

[١٣٩] ئەمە: واتە لە دەقەکەی ئاداد نیراری زامواو لوللومیٚ دوو ناوی یەك ناوچە قسەی هێرتسفێلدە کە بەڕاستی نازانم چونکە قسەی ئەو پادشایە روونە کە دوو ناوچەی جیاوازن، لە کتێبی (مێژووی گەلی لوللو)ش، چاپی دووەم، لاپەڕە ١١، ئەوەم وتبوو کە وادیارە ئەو پادشایە ولاتەکەی نەگرتبوو دەنا ئەو جیاوازییەی نەدەکرد یان زاموا لە کاتی ئەودا تەنها شارەزوور زامـوای پێ دەوترا لەبەر ئەهەمیەتی بووە ناوی هەموو ولاتی لوللو.